



# بەدیهێنانی دادپەروەری وەک ویژدان بنەمای سەرەکییە بۆ خۆشگوزەرانی، لێبوردەیی و فرەیی و پێکەوە ژیان




**«ناتوانین بڵێین دابەشکردنی سروشتیی بۆ لێهاتوویی و توانای تاکەکان، دابەشکردنێکی دادپەروەرانە یان نادادپەروەرانەیە، یان ناتوانین بڵێین ئەوەش کارێکی دادپەروەرییە یان نادادپەروەرییە کاتێک کەسێک لە پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵگە دەبینینەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە خۆی سروشتی واقیعەکەیە، هەربۆیە دەسنیشانکردنی دادپەروەری و نادادپەروەری پێوەندی بەشێوازی کارکردنی ئەو دامەزراوانەوە هەیە کە لەگەڵ ئەو واقیعە مامەڵە دەکەن، سیستمی کۆمەڵایەتی ناکەوێتە دەرەوەی کۆنترۆڵی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەوە، یان بەوجۆرە نییە کە بڵێین ناتوانین بیگۆڕین یان هەمواری بکەین، بەڵکو سیستمی کۆمەڵایەتی بەرەنجامی چالاکی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگادا»**

**جۆن راوڵز**

**خاوەنی تیۆری دادپەروەری ١٩٧١**





باسکردنی دادپەروەری وەك ویژدان (justice as fairness)، وەك راپۆرتێك لە گۆڤاری گوڵاندا، ئەگەر بەشێکی پێوەندی بەوەوە هەبێت (دادپەروەری) یەکێك بێت لەو سێ زاراوەیەی کە دروشمی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێکهێنابوو، لەسەرەتای ساڵی تازەوە ئەم دروشمە دەبێتە بەشێك لەهەوێنی خەباتی پارتی و بەرنامەی پارتی بۆ داهاتوو، ئەوا بەشێکی دیکەی پێوەندی بەدابینکردنی ئازادییەکان و ئەو پێکەوەژیانە نموونەییەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە هەیە، ئەمەش دواتر بە وردتر دێینە سەری، بەرهەمی ئەو بڕیارە قورسانەیە کە بارزانی نەمر لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول بۆ پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و خۆشگوزەرانی هاوولاتیان (بەپێی ئیمکانییەتی ئەو سەردەمە) داویەتی، بێگومان کە دەشڵێین بڕیاری قورس لەبەر ئەوەیە، ئەو بڕیارانەی بارزانی داویەتی ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی گشتی و فرەیی ئایینی و نەتەوەیی بووە لەکوردستان، واتە ئەوەی لەبەرچاو نەگرتووە، کە ئەو بڕیارەی دەریدەکات سبەینێ لە کاتی جێبەجێکردنیدا بۆ کورد سوودی دەبێت و بۆ تورکمان زیان، یان بۆ پێڕەوانی ئایینی ئیسلام سوودی دەبێت و بۆ پێڕەوانی ئایینی کریستیان و ئێزدی زیانی دەبێت، بەڵکو شێوازی جێبەجێکردنی بڕیار و فەرمانەکانی بارزانی ئەوەی دیاریکردووە، کە کێ لەجێبەجێکردنی ئەو فەرمان و بڕیارە سوودمەند دەبێت و، پێشوەختە بەرژەوەندی هیچ ئایین و نەتەوە و چین و توێژێك نەخراوەتە سەرووی هیچ ئایین و نەتەوە و چین و توێژێکی دیکەوە، ئاکامی بڕیارەکانی قبوڵ کردووە و هاووڵاتیانی کوردستانیشی بەوجۆرە پەروەردە کردبوو، دەبێت تەحەمولی ئاکامەکانی ئەو بڕیارە بکەن کە لەدوای جێبەجێکردنیەوە دەکەونەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بڕیار و فەرمانەکانی بارزانی نەمر لەسەر بنەمای ئەخلاقی و ئەقڵانی وەردەگیران، بۆیە هەموو بیربۆچوونە جیاوازەکان و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بەسەنگ فراوانییەوە قبوڵیان دەکرد.

## خەسڵەتی ئەخلاقی و ئەقڵانی لە بونیادی دادپەروەریی وەک ویژداندا

دادپەروەری مانای یەکسانی نییە،بەڵام لەهەمان کاتیشدا دانپێدانانە بە یەکسانی مرۆڤەکان لەو دابەشکردنە سروشتیەی کە لانی کەمی تواناو لێهاتوویی مرۆڤ دیاری دەکات بۆ چۆنییەتی هاریکاریکردن لەگەڵ یەکتری و ئەنجامدانی چالاکی بۆ ئەوەی چالاکیەکانی مرۆڤ ببێتە ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەی لەسەر بنەمای دادپەروەری دادەمەزرێت، ئەوجا لێرەوە بۆ ئەوەی بتوانین، نایەکسانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکسانی لانی کەمی توانا و لێهاتوویی بۆ هاوکاریکردنی یەکتری، پێکەوە گرێ بدەینەوە و لەبەر رۆشنایی ئەو یەکسانییە، نایەکسانی بەرهەم هاتوو لە توانا جیاوازەکانی مرۆڤ قبوڵ بکەین، ئەوا ئەم بونیادە فەرزی دەکات کە دەبێت، ئەو بنەمایەی بۆ دادپەروەری لە کۆمەڵگە پیادە بکرێت لەسەر بنەمای یەکسانی لانی کەمی تواناکان ڕێکبخرێت و ئەو جیاوازیانەی لە توانا و لێهاتوویی مرۆڤەکاندا لە ئاکامی چالاکیی مرۆڤدا رەنگدەداتەوە لەبەرچاو نەگرین، ئەم حاڵەتەش جۆن راولز کەخاوەنی تیۆری دادپەروەرییە لە لیبرالیزمی سیاسیدا، ناوی لێناوە گرێدانی گرێبەست لەودیوی پەردەی نەزانینەوە، ئەمەش واتە نابێت جیاوازی ئایینی، نەتەوەیی، رەنگ، توانا و لێهاتوویی لە نێوان ئەو کەسانە لەبەرچاو بگیرێت کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی گرێدەدەن، بەو واتایەکی تر هەموو ئازادییەکان و هەل و فرسەتە ڕەخساوەکانی کۆمەڵگە بەیەکسانی بۆ هەموو تاکەکان برەخسێت، بێگومان توانا جیاوازەکانیش لەسەر ئاستی سوودمەندبوونی جیاواز سوود لەهەل و فرستە ڕەخساوەکان وەردەگرن، لەم حاڵەتەدا رەخنەی راولز لەسەر جان جاك رۆسۆ و جۆن لۆك لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەپێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی (social contract)، ئەو گرێبەستەی لەنێوان تاکەکاندا گرێدەدرێت، ئەوانەی کە دانوستاندکارن لەسەر گەیشتن بەو گرێبەستە لەسەر بنەمای یەکسانی لانی کەمی تواناکان بۆ هاریکاری کۆمەڵایەتی ئەو گرێبەستە گرێنادەن، بەڵکو ئەو جیاوازیانە رەچاو دەکەن کە سروشت بەجیاوازی توانا و لێهاتوویی بە مرۆڤەکانی بەخشیوە، راولز پێی وایە ئەم جیاوازییەی لەئاکامی دابەشکردنی سروشتەوە دروست دەبێت، بە نادادپەروەری یان دادپەروەری وەسف ناکرێن، بەڵکو دادپەروەری و نادادپەروەری لەمیانەی کارکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو واقیعە دیاری دەکرێت، هەروەها سیفەتی کەسی ئەخلاقی بۆ ئەقڵانییەتی (کانت) ی بۆ چۆنیەتی گرێدانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات و بەو پێیە کەسە ئەقڵانییەکان دەتوانن گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی گرێبدەن و هەموو هەنگاوەکانیشیان ئەقڵانی بن، بەڵام ئەو گرێبەستە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی کۆمەڵێك دەخاتە سەر بەرژەوەندی کۆمەڵێك خەڵکی دیکەوە، بۆیە ئەو گرێبەستە ماقووڵیەتی تێدا نابێت، لە حاڵەتی یەکەمدا کەسە ئەقڵانییەکان دەبنە بەرهەمی رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی خاڵیسی کانت، لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارەی لە ئاکامی رەفتاری کەسێکی ئەقڵانییەوە سەرچاوە دەگرێت، لەمیانەی رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی خاڵیسەوە بە بڕیارێکی راست دادەنرێت، بەڵام کاتێك ئەم بڕیارە جێبەجێدەکرێت و لە واقیعدا تاقیدەکرێتەوە، ناماقوولیەکەی دەردەکەوێت، ئەوا چۆنیەتی بەرهەمهێنانەوەی بڕیارەکە وەك بڕیارێکی ماقوول دەبێتە بەرهەمی رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی تەجربەکراو، ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەوانەی، بیردۆزی دادپەروەری بە رێگرێك لەبەردەم لیبرالیزمی سیاسیی وەك بەرهەمی ئەقڵانییەت وەهەروەها ئابووری وەك بەرهەمی بازاری ئازاد دەخوێننەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا تیۆری دادپەروەری هۆکارێکە بۆ رێکخستنەوەی لیبرالیزمی سیاسیی لەبەر رۆشنایی رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی تەجربەکراو، رێکخستنەوەی بازاری ئازادە لەسەر بنەمای یەکسانی لانی کەمی توانا و لێهاتوویی مرۆڤەکان بۆ هاریکار و هەڵسوڕاو لە ناو کۆمەڵگەدا، ئەمانەش

**لە بڕیارو راسپاردەکانی مستەفا بارزانی نەمردا بەرژەوەندی هیچ ئایین و نەتەوەیەک نەخراوەتە سەرووی ئایین و نەتەوەیەکی دیکەوە..**

**بڕیار و فەرمانەکانی بارزانی نەمر لەسەر بنەمای ئەخلاقی و ئەقڵانی وەردەگیران بۆیە هەموو بیربۆچوونە جیاوازەکان و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بەسنگ فراوانییەوە قبوڵیان دەکرد**

**دادپەروەری و نادادپەروەری لەمیانەی کارکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و بە مامەڵەکردنیان لەگەڵ واقیعەکە دیاری دەکرێن**

هەمووی پێکەوە گەڕانەوەیە بۆ ئەو بارە ئەسـلّیەی کە مرۆڤەکان پێش گرێدانی گرێبەسـتە کۆمەڵایەتیەکـە دەسـتیان بەهاریـکاری و ئەنجامدانـی چالاکی لەسـەر بنەمای داد پەروەری نەکردووە، بۆیە ئەگەر هاریکاری و پێکەوە کارکردن و پێکەوەژیانـی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە دادپەروەری بەرهەم نەهێنابێت، ماناکەی ئەوەیە هێشتا گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکە بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر گرێنەدراوە، بۆیە کاتێك بمانەوێت کۆمەڵگە لەسـەر بنەمـای دادپـەروەری بونیاد بنێینەوە، ئەوە دەبێت چاوبخشـێنرێتەوە بە گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکە و ئەو تیمەی کە دەکەونە دانوستاندنەوە بۆ گەیشتن بە گرێدانی ئەو گرێبەسـتە لەسەر بنەمای بارە ئەسـلّیەکەی کۆمەڵگـە، کە تەنیا یەکسـانی لانی کەمـی تواناکان رەچاو دەکرێـت، رێککەوتنی لەسـەر دەکرێت، راولز باری ئەسلّی (پێش تاقیکردنەوەی توانا و لێهاتوویيە جیاوازەکان ) بەمجۆرە پێناسـە دەکات و دەڵێـت: ((گرنگترین تایبەتمەندی ئەم بارە (بارە ئەسـلّیەکە) ئەوەیە، کە هیچ کەسـێك پێگە و ئاستی چینایەتی و باری کۆمەڵایەتی خۆی لە کۆمەڵگەدا نازانێت، هەروەها هیچ کەسێك نازانێت لە دابەشکردنی سروشت بۆ توانا و لێهاتوویی وەك ئاسـتەکانی زیرەکی و هێز و هاوشـێوەکانی نازانێت، بۆیە لێرەدا دەکرێت بڵێین هەموو تەسـلیم بەو واقیعە دەبین کە هیچ لایەك مەزەندەی بۆ خێر و نەزعەی نەفسی تایبەتی خۆی نازانێت، بەم شـێوەیەش پرانسـیپی دادپەروەری لەپشـت پەردەیەکی نەزانینەوە دەسـت نیشـان دەکرێت، ئەمەش جۆرە گونجانێك لەنێوان تاکەکاندا دروسـت دەکات، واتە لە کاتی گرێدانی گرێبەسـتەکەدا ئەوە بوونی نامێنێت بۆنموونە من لە ئاستێکم و ئەویدی دیکە لەئاستێکی دیکەدایە، تا بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی پرانسیپێك بۆ دادپـەروەری هەڵبژێرێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی هەمووان خۆیان لە بارێکدا دەبیننەوە کە ناتوانن پرانسیپێك دابنێن کە خزمەتی باری تایبەتی کەسـی خۆیـان بکات، ئەوا ئەو کاتە پرانسـیپی دادپەروەری لە میانەی گرێبەسـتێکی بەویژدانەوە دێتە

دی )، لێرەوە ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو بڕیـار و فەرمانانەی لەلایـەن بارزانی نەمرەوە دەرکـراون، دەبینین هەموو توێژ و پێکهاتـە جیاوازەکانـی کۆمەڵگەی کوردسـتان لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و فەرمانانە کەمێـك زەرەرمەندبوون، بەڵام هەمووشـیان سـوودێکی گەورەیان لێ بینووە، هیچ لایەکیش لەسـەر حسـابی لایەنێکی دیکە سـوودی لێوەرنەگرتووە، گەڕانـەوە بۆ ئەم حاڵەتە، واتە وەك جۆن راولز دەڵێت گەڕانەوەیە بۆ بارە ئەسلّیەکە، لەکوردسـتاندا واتە ئـەو باردۆخەی کە بارزانی نەمر بڕیار و فەرمانە قورسەکانی خۆی تێدا وەردەگرت و رەچاوی بەرژەوەندی هیچ لایەکـی نەدەکـرد و بەرژەوەندی هەموو لایەکیشی رەچاو دەکرد، ئەمەش پرانسیپی دادپەروەری وەك ویژدانی لەناو کۆمەڵگەی کوردسـتان چەسـپاندبوو، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا چۆن جارێکی دیکە بەهەمان شـێوەی بارزانی نەمر دادپـەروەری وەك ویـژدان بونیاد بنێینەوە؟ ئایـا جارێکی دیکە ئەو بڕیار و فەرمانانـەی بارزانـی نەمر لەکاتی خۆی داویەتی وەربگرینەوە و جێبەجێیان بکەینەوە؟ بێگومان هەموو سـەردەمێك پێویسـتی بەبڕیار و یاسای خۆی هەیە و ناکرێت بە بڕیار و یاسای نزیکەی نێو سەدە لەمەوپێش چالاکیەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە رێکبخرێنەوە، بۆیە پرسـیاری دیکە لـەم حاڵەتەدا دەبێتە ئەوەی ئەگەر نەتوانین بۆ ئێستا دەقا و دەق کار بە بڕیار و فەرمانەکانی بارزانی نەمر لەشۆڕشی ئەیلولدا بکەین، ئایـا رێگە چارە چییە بۆ ئەوەی بڕیار و یاسـاکانی ئاییندەمان وەك بڕیـار و فەرمانەکانی بارزانی نەمر دادپەروەری وەك ویژدانی تێدا دەربکەوێت؟ بێگومان وەڵامی ئەمەیان ئاسانە، لەبەر ئەوەی دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو شێوازەی کەبارزانی نەمر لەسەردەمی خۆی بڕیار و فەرمانی پێ دەرکردووە، ئەو بنەمایانە بدۆزینـەوە کـە بارزانی نەمـر بڕیارە قورسـەکانی پێ دەرکردوە و تەحەمولی ئەو ئاکامانەشـی کردووە کە لەو بڕیار و فەرمانانە کەوتونەتـەوە، ئەویش هەردوو بنەمـای (ئەخلاقـی و ئەقڵانـی) کە پێکەوە دەبنە رێبـازی بارزانی و فێرمان دەکات چـۆن دادپـەروەری وەك ویژدان بونیادبنێینەوە.

## ئەخلاقی و ئەقڵانی لە رێبازی بارزانیدا

پێش ئەوەی بێینە سـەر ئەوەی شرۆڤەی هەردوو چەمکـی ئەخلاقی و ئەقڵانی لەناو رێبازی بارزانیـدا بکەین، گرنگە بزانیـن مەفهومی ئەم دوو چەمکە چین و چۆن ئەخلاقی و ئەقڵانی پێکەوە دەبنە هـۆکاری دەرکردنی بڕیـاری قورس و ماقـووڵ و جێگەی رەزامەندی هەمووان بەبێ ئاوارتە(ئستسنا)، بۆ تێگەیشتن لەم دووچەمکـە و پێکەوەگرێدانەوەیان، راولز پێی وایە ئەوانەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەسـەر بنەمای دادپەروەری گرێدەدەن، کەسی ئەخلاقین، ئەو گرێبەستەش بێجگە لەکەسی ئەخلاقی کەسێکی دیکە قبوڵ ناکات، هەر بۆیە کاتێك سیفەتی کەسی ئەخلاقی دەسنیشان دەکات، دوو خەسڵەتی گرنگ وەك تایبەتمەندێتی کەسێتی ئەو کەسە دیاری دەکات کە بریتین لە:

١- دەبێت ئەو کەسە توانای ئەوەی هەبێت مەزندەی خێر دروست بکات.

٢- توانـای ئـەوەی هەبێـت هەسـت بەدادپەروەریـی بکات و لەپرانسـیپ و جێبەجێکردنەکانی تێبگات.

ئـەم دوو خەسـڵەتە پێمـان دەڵێت ئەو کەسە، کەسێکە لەسەر بنەمای ئەخلاقی و ئەقڵانـی بڕیـاردەدات و ماقووڵە بۆ ئەوەی بتوانێت دادپەروەری بونیادبنێت و بڕوای بەوە هەیە کـە مرۆڤەکان لەلانی کەمـی توانا و لێهاتووییان گەیشـتۆتە ئەو ئاسـتەی بتوانن لە نـاو کۆمەڵگە هاریکاری یەکتری بکەن بۆ دامەزراندنی سیسـتمێکی دادپەروەر، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا کەسـی ئەقڵانی چۆن پێناسـە دەکرێت و چۆن لەکەسـی ماقووڵ جیادەکرێتەوە؟ بێگومان سەبارەت بەم لایەنەش پێی وایە: (کەسی ئەقڵانی ئەو کەسـەیە کـە بەرەفتـاری ئاقڵانە رەفتارمان لەگەڵدا دەکات و ئەو پرانسیپانە دەخاتە بەردەستمان بۆ ئەوەی ئەو هۆکارانە هەڵبژێرین کە کارەکانمان بەسـوودێکی گەورە و سەرکەتوویی ئەنجام بدەین، بەڵام ئەوەی کەسـە ئەقڵانییەکان، هەندێ جار ئەو بنەما ئەخلاقیانە لەبەرچاو ناگرن کە

---

**لە بنەڕەتدا تیۆری دادپەروەری هۆکارێکە بۆ رێکخستنەوەی لیبرالیزمی سیاسیی لەبەر رۆشنایی رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی تەجرەبەکراودا**

---

**ئەگەر هاریکاری و پێکەوە کارکردن و پێکەوەژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا دادپەروەری بەرهەم نەهێنابێت، ماناکەی ئەوەیە هێشتا گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکە بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر گرێنەدراوە**

---

**بارزانی نەمر رەچاوی بەرژەوەندی هیچ لایەکی نەدەکرد و بەرژەوەندی هەموو لایەکیشی رەچاو دەکرد، ئەمەش پرانسیپی دادپەروەری وەک (ویژدان) ی لەناو کۆمەڵگەی کوردستان چەسپاندبوو**

**هەردوو بنەمای ( ئەخلاقی و ئەقڵانی) پێکەوە دەبنە ڕێبازی بارزانی کە فێرمان دەکات چۆن دادپەروەری وەک ویژدان بونیادبنێینەوە**

**حزبە سیاسیەکانی کوردستان، هەر بڕوبیانوو و پاکانەیەک بۆخۆیان بهێننەوە، ئەگەر هۆکارێک نەبووبن بۆ دروست بوونی ئەو ناعەدالەتیەی ئێستا هەیە، ئەوا هۆکارێکی خێریش نەبوون بۆ ڕێگە لێگرتنی..**

**ڕێبازی بارزانی لەوە گەورەترە کە تەنیا لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی نەمر چڕ بکرێتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێبازەی کە لە شێخ عەبدوسەلامەوە بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی سەرچاوە دەگرێت و مستەفا بارزانی درێژەپێدەری بووە..**

دەیانباتە ناو هاریکاریەکی بەویژدانانەوە، ئەمەش بەو مانایە نییە بڵێین ماقووڵ هەست بەهەموو بنەما ئەخلاقیەکان دەکات و لەبەرچاویان دەگرێت، بەڵکو لانی کەمی بنەما ئەخلاقیەکان لەبەرچاو دەگرێت بۆ ئەوەی بچێتە ناو هاریکاریەکی بەویژدانانەوە و قبوڵی بکات، بەواتایەکی دیکە کەسی ئەقڵانی هەمووکات بەرژەوەندی گشتی یان بنەما ئەخلاقیەکان ڕەچاو ناکات، هەر بۆیە دەبینین لەکاتی هەڵبژاردنی هۆکارەکان بۆ گەیشتن بەسەرکەوتنی کارەکان، تا ئەوپەری ئەقڵانییە، بەڵام دەبینین هەندێك لەو هەڵبژاردنانە ماقووڵ نین لە ڕووی ئەخلاقیەوە) ئەگەر لەم ڕوانگەیەشەوە سیفەتەکانی کەسی ماقووڵ بۆ بونیادی دادپەروەری دەست نیشان بکەین، ئەوا دەبێت ئەم مەرجانە ڕەچاو بکرێن:

١- دەبێت ئەو کەسە ئامادەباشی تێدا بێت بۆ پێشنیارکردن و هاوکاریکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ویژدان و ئینساف و هەروەها ئامادەباشیشی تیدابێت و پێشنیاری هاوشێوە لەخەڵکانی دیکەش قبوڵ بکات.

٢- پابەند بوون بەو بنەمایانەی کە ڕێککەوتنی هاریکاری لەسەر بنەمای ویژدان دادەڕێژێت و دەبێت ئەوانی دیکەش پێوەی پابەند بن.

٣- دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێت، دەرکردنی بڕیار لەسەر بنەمای دادپەروەری بڕیارێکی قورسە و دەبێت تەحەمولی ئەو ئاکامانە بکات کە لەو بڕیارە دەکەونەوە.

ئەم خاڵانە کە دەبنە گەوهەری کەسی ماقووڵ لە حاڵەتی دەرکردنی بڕیاردا، گەوهەرەکە زیاتر درەوشاوەتر دەبێت، لەبەر ئەوەی کەسی ماقووڵ بڕیاری ڕەها دەرناکات، بەڵکو لەسەر بنەمای چەند گریمانەیەك (قرار الافتراضي) دەردەکات، ئەمەش وایکردووە(ماقووڵ) لە چوارچێوەی تیۆری سیاسەت بۆ دادپەروەریی مانایەکی تەسك وەربگرێت، لە حاڵەتی یەکەمدا ماقووڵ دەبێتە دانان بەوەی کە دەرکردنی بڕیار قورسە و لە حاڵەتی دووەمدا تەحەمولکردنی ئاکامی بڕیارەکەیە، بەڵام ئەگەر بەدوای ئەوەشدا بچین بۆچی بڕیاری دادپەروەرانە قورس دەبن و مەزندەی ئەوە دەکرێت ئاکامی زۆری لێبکەوێتەوە؟ بێگومان بەپێی تیۆری سیاسەت بۆ دادپەروەری هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆکاری دروستبوونی خیلافی ماقووڵ، هەروەها ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆکاری خیلافی ناماقووڵ، سەبارەت بە یەکەمیان کە دروست بوونی خیلافی ماقووڵە بێگومان خەڵکی بەرگری لەو بۆچوونانەی خۆیان دەکەن کە پشتگیری لە بەرژەوەندییە کەسیەکانی خۆیان دەکەن، لەم حاڵەتەشدا ئەو بۆچوونانە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی بەرگری لەبەرژەوەندی گشتی دەکات، ئاڕاستەبڕ دەکەونەوە و دەبێتە هۆکاری دروست بوونی خیلافێکی ماقووڵ، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا دروست بوونی خیلافەکە پێوەندیدارە بەوەی هەرکەس بەپێی ئاستی زیرەکی و لێهاتووی خۆی سەیری بڕیارەکە دەکات و بە باش و بەخراپ هەڵیدەسەنگێنێت و لە ئاکامی ئەو جۆرە بڕیارانەی دەبنە بنەما بۆ دادپەروەری، هەڵەی ناماقووڵ دەکەن و کوێرانە توڕە دەبن، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروست بوونی خیلافی ناماقووڵ.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر هەردوو بنەمای ئەخلاقی و ئەقڵانی جارێکی دیکە لە نێو ڕێبازی بارزانی بخوێنینەوە، ئەوا دەبینن ڕێبازی بارزانی لەوە گەورەترە کە تەنیا لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی نەمر چڕ بکرێتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێبازەی کە لە شێخ عەبدوسەلامەوە بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی سەرچاوە دەگرێت و مستەفا بارزانی درێژەپێدەری ئەو ڕێبازە بووە، ئەمەش واتە مستەفا بارزانی ئیلهامی ماقووڵیەتی لە ئەخلاقی و ئەقڵانی بڕیارەکانی شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدەوە وەرگرتووە و لەسەردەمێکی جیاوازتردا، جارێکی دیکە لەهەمان ڕێبازدا لێهاتوویی خۆی بۆ دروستکردنی مەزندەی خێر بۆ هەمووان دروستبکات و هەوڵی داوە ئەو مەزندە خێرە لەواقیعدا پراکتیزە بکات و هەستی بە عەدالەت کردووە و لە پرەنسیپ و جێبەجێکردنەکەی تێگەیشتووە، هەربۆیە کاتێك بڕیاری دەرکردووە هەستی کردووە بڕیارەکانی قورسن و بەشێکی زۆری خەڵك لەهەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بەو بڕیار و فەرمانانەی ئەو زیانیان لێدەکەوێت، بەڵام بەرگەی ئەو کاردانەوانەی گرتووە لەبەر ئەوەی دڵنیا بووە سەرەنجام لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا دەشکێتەوە، لەم باسە کورتەدا ناتوانین نموونەی بڕیار و فەرمانە دادپەروەرییەکانی بارزانی نەمر ئاماژە پێبکەین و زیاتر هەڵوەستە لەسەر ئەو میکانیزمە ئەقڵانییانە دەکەینەوە کە بارزانی نەمر لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی ئەخلاقی خستویەتە بەردەممان بۆ ئەوەی ئامانجەکانمانی بەشێوەیەکی ماقووڵ پێ بێنینە دی، بۆیە لەم باسەدا تەنیا ئاماژەمان بەو میکانیزمانە کردوە کە ئەو بنەما دادپەروەرییەی بۆ دروستکردوین، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کاتێك لە کۆنگرەی ١٣دا، پارتی دادپەروەری دەکاتە دروشمی خۆی، ئایا دەیەوێت چۆن لە درێژەپێدانی ڕێبازی بارزانیدا جارێکی دیکە ئەم چەمکە بۆ کوردستانییەکان پیادە بکاتەوە؟.

## پارتی دیموکراتی کوردستان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دادپەروەریی

ئەوەی بەچەمکی دادپەروەری لە قۆناخی داهاتووی پارتی دڵخۆشمان دەکات ئەوەیە، سەرۆك مسعود بارزانی هەستی بەوەکردووە زوڵمێك هەیە لەمیکانیزمی دابەشکردنی داهات و، هەروەها یەکسانی لە هەل و فرستە ڕەخساوەکاندا بۆ هەمووان وەك یەك نییە، ئەمەش واتە سەرۆك مسعود بارزانی دەیەوێت ئەو زوڵمەی هەستی پێکردووە، پارتی بکاتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵمەو بونیادی دادپەروەری لەکۆمەڵگەدا بچەسپێنێ، ئێمەی خەڵکی کوردستان هەموو ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوە حزبە سیاسیەکانی کوردستان، ئەوجا هەر بڕوبیانوو و پاکانەیەك بۆ خۆیان بهێننەوە، ئەگەر خۆیان هۆکارێك نەبووبن بۆ دروست بوونی ئەو ناعەدالەتیە، ئەوا هۆکارێکی خێریش نەبوون بۆ ڕێگە لێگرتنی، بۆیە ئەگەر بە هەست و تێڕوانینی سەرۆك مسعود بارزانی، پارتی وەك هۆکارێك بۆ خۆش گوزەرانی خەڵکی کوردستان سەیر

بکات، ئەوا دەتوانین بڵێین:

**١-** ئەگەر پارتی پێشتر چاوپۆشی کردبێت و، هەندێك لە ئەندام و کادرانی سوودیان لە پێگەی پارتایەتی خۆیان وەرگرتبێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان بخەنە سەرووی بەرژەوەندی خەڵکی دیکە بۆ دروست بوونی ناعەدالەتی لەکۆمەڵگەدا، ئەوا لەمەودوا پارتی چاوپۆشی لەو حاڵەتانە ناکات، بۆیە دەبێت دادپەروەری لەسەر بنەمای ویژدان بونیاد بنرێتەوە.

**٢-** ئەگەر پارتی پێشتر هۆکارێکی خێر نەبووبێت بۆ گێڕانەوەی دادپەروەری وەك ویژدان، ئەوا لە قۆناخی داهاتوودا دەبێتە فاکتەرێکی خێر بۆ دروستکردنی مەزندەی خێر و هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنی ئەو مەزندەیە لەکۆمەڵگەدا.

**٣-** ئەم هەنگاوەی سەرۆك مسعود بارزانی و کۆنگرەی ١٣ پێمان دەڵێت،بونیادی دادپەروەری لە کۆمەڵگە بە پێویست دەزانرێت و لە پرەنسیپ و جێبەجێکردنەکانیشی تێدەگات.

بەڵام ئەوەی دەبێتە جێگەی پرسیار و بۆ قۆناخی داهاتوو رووبەڕووی پارتی دەبێتەوە ئەوەیە، ئایا کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ڕێبازی بارزانی، هەست بەو راستیە دەکەین، کە چەمکی دادپەروەری لەسەردەمی مستەفا بارزانیدا بەئاستێك فراوان بوو کە ناسنامەی کوردستانیبوونی دروستکرد و لە جوگرافیایەکی فراوانتر هەموو ماناکانی دادپەروەری وەك (ویژدان) جێبەجێ کران و دادپەروەری زۆر بواری دیکەشی گرتەوە کە لەسەردەمەکانی دیکە وەك پێویستیەك یان دیاردەیەك بوونی نەبووە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە کە پێش هەموان رووبەڕووی سەرۆك مسعود بارزانی دەبێتەوە، وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی پارتی و سەرۆکی هەڵبژێراوی کوردستان و دواتریش رووبەڕووی هەموو ئەندامانی پارتی و خەڵکی کوردستان دەبێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆك بارزانی لەم هەنگاوەی سەرکەتوو بێت و پارتی بکاتە هۆکارێك بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان،ئەوەیە کە دەبێت بنەما ئەخلاقی و ئەقڵانییەکانی ڕێبازی بارزانی لەناو پارتییەوە بەرەو دەرەوەی پارتی هەنگاویان پێ هەڵبگرین و پارتی خۆی هۆکارێك بێت لەبەر دەستی سەرۆکی کوردستان و خەڵکی کوردستان بۆ بەدیهێنان و بونیادی دادپەروەری، ئەمەش ئەو ئومێدەیە کە لە قۆناخی داهاتووی پارتی چاوەڕێ دەکرێت، تا ببێتە هۆکارێك بۆ پێناسەکردنەوەی هاووڵاتیبوون لەسەر بنەمای ئەخلاقی و ئەقڵانی و هەر ئەم بنەمایەش دەبێتە نموونەیەکی سیاسیی بۆ هاووڵاتیی نموونەیی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن گیانی هاووڵاتیبوون بونیاد دەنرێت و چۆن گەشەدەکات؟ بێگومان بە پەروەردە و فێرکردن لەسەرئەو بنەمای ئەخلاقی و ئەقڵانیانەی لە ڕێبازی بارزانیدا بوونیان هەیە.



**لەمەودوا پارتی چاوپۆشی لەو حاڵەتانە ناکات کە نادادپەروەری دروست دەکەن، بۆیە دەبێت دادپەروەری لەسەر بنەمای ویژدان بونیاد بنرێتەوە..**

## جێراڵد پۆستیما بۆ گوڵان:


# چەمکی عەدالەت دەگەڕێتەوە بۆ پێش چەمکی دیموکراتیەت و دیموکراسیەت یەکێکە لە پرەنسیپەکانی عەدالەت

**لەبەرئەوەی پرەنسیپەکانی عەدالەت پەیوەستدارە بەشێوازی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و عەدالەتی کۆمەڵگەوە، کەواتە عەدالەت چەندین ڕەهەندی جیاوازی هەیە**

**داخوازییەکانی عەدالەت و کۆمەڵگە پەیوەستە بە جۆری داواکارییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕێزیان بەرامبەر بە یەکتری**

**لیبرالیزم دووپێکهاتەی سەرەکییە، یەکەمیان: دانپێنان بە یەکسانبوونی پێگەی هەر تاکێکی کۆمەڵگە. دووەمیان: دانپێنان بە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەموو تاکێک**

تێڕوانینی فەلسەفیانە بۆ چەمکی عەدالەت، دیوێکی دیکەی هەڵسەنگاندنی ئەم چەمکە گرنگەیە، لەم ڕوانگەیەوە بۆ قسەکردن و زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جیراڵد پۆستیما ئوستادی فەلسەفە لەزانکۆی نۆرس کارۆلینا و تایبەتمەند لە فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقدا کرد، بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بە ماوەیەکی دوور پێش دامەزراندنی بیرۆکەی دیموکراسیەت. عەدالەت و دیموکراسییەت بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە لە یۆنانی ئەغریقی، هەربۆیەش چەمکی عەدالەت لە گفتوگۆکانی «ئەفلاتۆن» و فەیلەسووفەکانی سەردەمی کۆن دەدۆزرێتەوە. تا ڕادەیەك هەر لەو سەردەمانەشدابوو کە چەمکی دیموکراسییەت دامەزرێندرا. بەڵام هیچ گومانێك لەوەدانییە کە ئەو دوو هزرە پێکەوە پەرەیان سەندووە. بەڵام چەندین تاوتۆ هەیە لەبارەی چەمکی عەدالەت کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ خودی دیموکراسییەتدا نییە، لێرەشدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم دوو چەمکە تاچەند پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە؟ لەوانەیە وەڵامەکەی بەم شێوەیە بێت کە دیموکراسییەت پرەنسیپێکە لە پرەنسیپەکانی عەدالەت. لەبەرئەوەی پرەنسیپەکانی عەدالەت پەیوەستدارە بە شێوازی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و عەدالەتی کۆمەڵگە.کەواتە عەدالەت چەندین ڕەهەندی جیاوازی هەیە. عەدالەتی پەیوەندار هەیە بە ژێرخانی ستەمی ئابووری و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە دەتوانین ناوی لێ بنێین عەدالەتی دابەشکردن، کە لێرەدا عەدالەت مامەڵە لەگەڵ پرسی سەرچاوەکانی بەردەستی خەڵك دەکات لەگەڵ ئەرکی هاووڵاتیان لەسەر چۆنیەتی پاراستنی کۆمەڵگە. ئەم تیۆرە فراوانە بۆچوونێکی لەسەردا هەیە و ئەویش بریتیە لەوەی کە پێویستە عەدالەت بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هەموو هاووڵاتیانی کۆمەڵگە بکات، ئەمەش هەندێك جار پێی دەوترێت دابەشکردنی یەکسان یان لەوانەیە پێی بوترێت دەرفەتی یەکسان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان و جێبەجێکردنی ئابووریەکی عادیلانە. هەڵبەتە عەدالەتی تریش هەیە کە پەیوەندارە بە پیادەکردنی عەدالەتی دەسەڵاتەکانی وڵات و سزادان ئەمەش عەدالەتی سزادانە لەسەر بنەمای ئەگەر و بەرپرسیارەتی و شیاویی.هەربۆیە پێویستە باس لە عەدالەت بکەین لەچوارچێوەی کۆمەڵگەیەك لەگەڵ


جێراڵد پۆستیما

عەدالەت لەنێوان کۆمەڵگەکان. ئەمەش تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو پابەند دەکات بۆ لەبەرچاوگرتنی مافەکان و خواستی ڕەوای تاکەکانی تر و کۆمەڵگەکانی تر لەبارەی سەرچاوەکان و ڕێککەوتنەکانیان لەناو کۆمەڵگەکەیان. بۆیە، دەکرێ عەدالەت لەناو کۆمەڵگەکانمان وەدیبێنین بەڵام ئەگەڕێتە بەرامبەر تاکەکانی تری دەرەوەی کۆمەڵگەکەمان پابەند نەبین بە مافەکان و بەشێوەیەکی ڕەها ڕەوا نەبین ئەوکات نابین بە کۆمەڵگەیەکی ڕەوا. ٢ ڕەهەندی جیاواز هەیە بۆ عەدالەت و هەندێك جار لەوانەیە دووچاری پێکدادان بن، پێویستە ئەو پێکدادانە چارەسەربکەین بەشێوەیەك کە کاریگەریی نەبێت لەسەر مافە سەرەکییەکانی تاکەکان تەنانەت گەر لەهەر شوێنێکیش بن.

من پێموایە پێویستە هەمیشە جۆرە سازشبوونێك لە ئارادا بوونی هەبێت لەگەڵ پێویستیی ئاشتەوایی بەرامبەر خواستەکانی کۆمەڵگە و داخوازی و داواکارییەکانی پەیوەندار بە مافی تاکەکان. بەڵام داخوازییەکانی عەدالەت و کۆمەڵگە پەیوەستە بە جۆری داواکارییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕێزیان بەرامبەر بە یەکتری.

هەربۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری بکەین دەبینین عەدالەت لەو تیۆرەوە دەست پێدەکات کە سەرەکیترین داخوازی ئەو داخوازییەیە کە پێویستە هەر کەسێك وەك تاکێك ڕێزی لێ بنرێت. ڕێزنواندن بەرامبەر تاکەکان پرەنسیپێکی سەرەکییە لە پرەنسیپەکانی عەدالەت. ئەگەر ئێمە بەتەواوەتی لە چەمکی عەدالەت تێگەیشتوینە، عەدالەت بریتیە لە ڕەچاوکردنی پێویستییەکان و ئازادییەکان و چاکە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە. لەبەر ئەوە لیبرالیزم خێزانێکی فراوانە لە بۆچوون لەبارەی چۆنیەتی بونیادنانمان بۆ کۆمەڵگەکەمان و من پێموایە کە بریتیە لە ٢ پێکهاتەی سەرەکی، یەکەمیان: دانپێنان بە یەکسانبوونی پێگەی هەر تاکێکی کۆمەڵگە. دووەمیان: دانپێنان بە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەموو تاکێك. هەروەها لیبراڵیزم پەیوەستدارە بە دابینکردنی ئازادییەکان و بەشێوەیەکی فراوان بۆ هەموو تاکێك. بەواتایەکی تر، دابینکردنی ئازادییەکان بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان. هەربۆیە، پێویستە هەردووك لەو توخمانە پێکەوە بڕەخسێت، دانپێنان بە داخوازییە سەرەکییەکانی تاکەکان وەك خاڵێکی دەسپێك بۆ تیۆری لیبراڵ، پاشان دانپێنان بە ئازادی یان جۆرە ئۆتۆنۆمییەك کە بۆ هەر یەك لە ئێمە فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگە. لەسەر ئەم بنەمایەش دەڕوانین بۆ بونیادنانی ژێرخانەکانی یاساکان و ڕێککەوتنی دەستووری و ڕێککەوتنی سیاسی کە دەبێتە مایەی دابینکردنی ئازادییەکان بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە و دابینکردنی ئازادییەکان بۆ هەمووان.

**مادلین ئەیدڵمان بۆ گوڵان:**

# تیۆری عەدالەت بەندە بەجۆری سیستمی سیاسی لەکۆمەڵگەدا بۆیە پێویستە تیۆری عەدالەت پەیوەست بێت بە تیۆری سیاسییەوە

تیۆری دادپەروەری وەك بەشێك لە لیبرالیزمی سیاسی، ئەو تیۆرەیە کە دەخوازێت مافەکانی مرۆڤ لەژێرسایەی دادپەروەریدا جۆرە حەصانەیەکیان هەبێت و ئەم شێوازە حەصانەیە تەنانەت نابێت لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیشدا پێشێل بکرێت، سەبارەت بەم پرسە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مادلین ئەدیڵمان ئوستادی ئەنترۆپۆلۆژی لەزانکۆی دۆك( Duke) کرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: ( ئەمە پرسیارێکی زۆر فراوانە، لەبەرئەوەی من ئەنترۆپۆڵۆژیستم، هەربۆیە هەوڵ دەدەم لەچوارچێوەی هەندێك شتی هاوچەرخ وەڵامتان بدەمەوە.

دەتوانم بڵێم کە پێوەندییەکانی نێوان دیموکراسییەت و عەدالەت پێوەندییەکی ئاڵۆزە، لەهەر شوێنێك دیموکراسییەت بوونی هەبێت شێوەیەکی نموونەیی لە عەدالەت دەبینرێت. هاوکات من پێموایە کە دەتوانرێت عەدالەت بچەسپێندرێت لەڕێگەی چەندین شێوەی جیاواز لە حوکمڕانی.هەر بۆیە بەڕای من تیۆری عەدالەت بەندە بە هەر جۆرێك لە تیۆری سیاسی. لەکۆمەڵگەدا پێویستە تیۆری عەدالەت بەند بێت بە تیۆری سیاسی، لەبەرئەوەی تیۆرەکان بەندن بەیەکتر. لیبراڵیزم بەرەو ئاڕاستەکانی دیموکراسییەت دەڕوات، دیموکراسییەتیش بەرەو ئاڕاستەکانی حوکمڕانی دەڕوات، لێرەشدا ڕێژەیەکی بچووك لە هزری عەدالەت دێتەکایەوە، لەبەرئەوەی لە ڕۆشنایی لیبرالیزمدا بیرۆکەی عەدالەت بریتیە لەوەی کە هەموو تاکێك بە بەهایە و مافی ڕەهای هەیە بۆ بەشداریکردن و دەستپێشخەری لە پێکهێنانی ژیانی ڕۆژانەدا. ئەمەش ئازادییە سەرەکییەکانی مرۆڤە، بەڵام ئەو ٢ پرەنسیپە دەتوانن پێکەوە بگونجێن. دیموکراسییەت واتای چەندین شتی جیاواز دەگەیەنێت بۆ هەموو خەڵکە جیاوازەکان و پێموایە چەندین ئەزموونی جیاواز هەیە لەبارەی دیموکراسییەت. لەوانەیە دیموکراسییەت بریتی بێت لە دەرفەتێك لە ڕژێمە



مادلین ئەیدڵمان

دیموکراسییەکان بۆ خەڵك کە تیایدا بتوانن خۆیان ڕێکبخەنەوە و بەپێی تێڕوانینی خۆیان جیهانێك بخوڵقێنن و کە لەوانەیە جیاواز بێت لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان. بەواتایەکی تر، دروستکردنی ئەو جیهانەی کە ئێمە مەبەستمانە ژیانی تیا بەسەر بەرین، لەگەڵ هەوڵدانمان بۆ گۆڕینی ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژین. هەربۆیە دەتوانم بڵێم کە پێموایە پێوەندییەکانی نێوان عەدالەت و دیموکراسییەت پەیوەستە بە جۆری ئەزموونە دیموکراسییەکە و واتای عەدالەت لەلای ئێوە. لای هەندێك کەس عەدالەت بەواتای یەکسانییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو تاکەکان، بەپشتگوێ خستنی نەژاد و سەرچاوە و سرووشتی کەسەکان کە کێن و یان لە کوێوە سەریان هەڵداوە. لەکاتێکدا بەلای هەندێك کەسی ترەوە عەدالەت واتای ڕێگەچارەیەکە بۆ وەدەستهێنانی شتی زیاتر، لەبەرئەوەی ئەوان بە شتێکی کەمەوە دەستیان پێکردووە و داخوازی و داواکارییان هەیە بۆ شتی زیاتر. بەتایبەتیش پێناسەی سیستەمی لیبراڵ بۆ عەدالەت بریتیە لە یەکسانی و مامەڵەی یەکسان و دەرفەتی یەکسان وەك دەروازەیەك بەرەو وەدیهێنانی عەدالەت. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، بۆ نموونە، کە هەموو تاکێك مافی هەلی کاری هەیە و ناکرێ جیاوازی دژ بە ئافرەتان بکرێت لەهەندێك لە جۆرەکانی پیشە و کارەکان، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو کەسێك لەپێش دادگا بە یەکسانی سەیربکرێت. ئەمە بیرۆکەی ستاندەری عەدالەتە، کە هەموو تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و هەلی کار بۆ هەموو لایەنێك فەراهەمبکرێت بەبێ جیاوازی.

**لە ڕۆشنایی لیبرالیزمدا بیرۆکەی عەدالەت بریتیە لەوەی هەموو تاکێک بە بەهایە و مافی ڕەهای هەیە بۆ بەشداریکردن و دەستپێشخەری لە پێکهێنانی ژیانی ڕۆژانەدا. .**

**بیرۆکەی ستاندەری عەدالەت ئەوەیە، هەموو تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و هەلی کار بەبێ جیاوازی بۆ هەموو لایەنێک فەراهەمبکرێت**

**نییەتی باش بریتیە لە هەڵبژاردنێک لەبەردەم تاکەکان، هاوکات عەدالەت میکانیزمێکە بۆ متمانەیی**

**زیڤ توچنبێرگ**

# لە یۆنانی کۆندا، دادپەروەری تەنیا پرسێکی سیاسی

دادپەروەری وەك یەکێك لە چەمکە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسەت، تەمەنی هاوتای تەمەنی مێژووی فەلسەفەیە بەشێوەیەکی گشتی، هەربۆیە سەبارەت بە پێناسەی چەمکی دادپەروەری پرسیارمان لە پرۆفیسۆر زیڤ توچنبێرگ ئوستادی فەلسەفە و سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەزانکۆی ئۆکلاهۆما کرد و بەرێزی مجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی گولانی دایەوە و پێی وتین: (بە گەڕانەوە بۆ یۆنانی کۆن، ئەو پرسیارە لە لایەن پلاتۆوە وروژێنراوە کە ئایا لە ڕاستیدا ڕژێمێکی سیاسی دیموکراتی دەتوانرێت ببێتە ڕژێمێکی عادیل، بەلای ئەوەوە پرسی عەدالەت، تەنیا پرسێکی سیاسی نەبوو، واتە تەنیا پەیوەست نەبوو بەوەی ئایا چ ڕێکخستنێکی سیاسی لە وڵاتەکەدا پیادە دەکرێت و پێوەندی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیانی دەوڵەتەکە و لە هەمان کاتدا پێوەندی نێوان خودی هاووڵاتیان خۆیان چۆنە، بەڵکو پتر پرسێکی سایکۆلۆژی و ئەخلاقی بووە، واتە پرسی ئەوەی چ جۆرە هاووڵاتییەك لە ئارادابێت، واتە بەلای ئەوەوە عەدالەت تەنیا چەمکێکی سیاسی و یاسایی نەبوو، بەڵکو زیاتر چەمکێکی شەخسی بوو. من زۆرجار ئەوە بە قوتابییەکانم دەڵێم چەمکی عەدالەت بەلای پلاتۆوە پتر لە چەمکی ڕاستییەوە نزیکە، واتە کەسی عادیل کەسێکی ڕاستگۆشە، واتە ئەو کەسەیەی لە ڕووی ئەخلاقیەوە کەسێکی باشە و لە ژێر کۆنترۆڵی نۆرمە ئەخلاقیەکاندایە.

کەواتە ئەوەی پلاتۆ بایەخی پێدەدات، ئایا ڕژێمێکی دیموکراتی بێت، وەك ئەوەی خۆی لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراتی ئەسینادا ژیا و هانی هێنانەدی عەدالەت بدات، یان ڕژێمێك بێت تێیدا پاڵنەری تاکەکەسەکان ئەوەبێت کە چ شتێك بە گونجاو بزانن ئەوە ئەنجام بدەن، واتە ناعادیلانەبێت، ئەوا دەکرێت بڵێین تیۆری پلاتۆ بۆ ڕژێمی سیاسی، ئەوە لەتیۆرەکەی پلاتۆدا ڕژێمە سیاسەکە تەواو دیموکراتی نییە، بەڵام ڕژێمێك دەبێت بواری ئەوە دەرەخسێنێت هاووڵاتیانی لە سایەی ئەو دەوڵەتە هاووڵاتیگەلێکی عادیل و موستەقیم بن. بە هەمان شێوە ئەرستۆش کەسێك نەبوو پشتگیرییەکی گەورە لە دیموکراسی بکات، چەمکی عەدالەتی شەخسی بەلای ئەوەوە گرنگیەکی کەمتری هەبوو، ئەو بایەخی بەو بیرۆکەیە دەدا کە لە ڕژێمی دیموکراتیدا بواری ئەوە دروست دەبێت سەرکردە دیماگۆگیەکان دروست ببن و لە سیاقی دیموکراتیدا دەسەڵات بگرنەدەست.




ئەمە پێداچوونەوەیەکی کورت بوو بۆ ئەوەی یۆنانیە کۆنەکان چۆن لە چەمکی عەدالەت دەڕوانن. بەڵام ئەم تێڕوانینە لە سەردەم و ڕۆژگاری هاوچەرخدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، لە ئێستادا چەمکی عەدالەت پتر پەیوەست دەکرێتەوە بە سیستەمە یاساییەکە و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەوە، واتە کەمتر جەخت لەسەر خەسڵەتە شەخسییەکانی تاکەکەسەکان دەکاتەوە، لەبری ئەوە پتر بایەخ بە پێوەندی نێوانیان دەدات، واتە جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەو پێوەندیە لەسەر ئاستی سیاسی، واتە پێوەندی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان و پێوەندی نێوان خودی هاووڵاتیان خۆیان بە پێی ڕێساگەلێکی گونجاو ڕێکبخرێن.

کەواتە ئەگەر گوزارشتەکە دروست بێت، ئەوا بایەخدان بە چەمکی عەدالەت پتر لایەنی دەرەکی وەرگرتووە نەك لایەنی ناوەکی. بیرۆکەی بنەڕەتی بەلای فەیلەسووفە مۆدێرنەکانەوە بریتیە لە پارێزگاری کردن لە پابەندبوون، یان بەردەوامیدان بە ئیلتیزامکردن، هەر لەم ڕوانگەشەوە زیاتر گرنگی بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەدەن و ئەم گرێبەستە بۆتە وێنای بنەڕەتی عەدالەت، کەواتە ئەوەی ڕژێمی کۆمەڵایەتی دەکاتە ڕژێمێکی عادیل، بوونی گریمانەی ڕازی بوونی هاووڵاتیانە لە ڕژێمەکە، لەم گۆشەنیگایەشەوە ئەوەی ڕەفتاری هاووڵاتیان دەکاتە ڕەفتارێکی عادیلانە کارکردنە بە پێی ئەو ڕژێمە کۆمەڵایەتیە. لێرەوە دەکرێت باس لە گونجاوی دیموکراسی بکەین لەگەڵ عەدالەتدا، لەبەر ئەوەی لە دیموکراسیدا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، واتە هاووڵاتیان لە ئەداکردنی ئەم ئەرکە مەدەنیەوە هەڵدەستن بە دووپاتکردنەوەی ڕەزامەندی خۆیان لەسەر ئەم ڕێککەوتن و گرێبەستە. ئەمە جیاوازی گەورەی نێوان بیرکردنەوە وتێڕوانینی دێرینە لەگەڵ تێڕوانین و بیرکردنەوەی هاوچەرخدا لە بارەی عەدالەتەوە. . هەروەها باس لە شێوازی دیکەی عەدالەت دەکرێت، کە پێی دەوترێت عەدالەتی دابەشکاری» کە ئەم چەمکەش لە بیرۆکەی دابەشکردنی عەدالەتەوە داتاشراوە»، لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا باشترین و گونجاوترین بنەمای ئەم دابەشکردنە چین؟ کە ئەمەیان پتر پەیوەستە بە بواری ئابووری کۆمەڵگەوە، بۆ نموونە کاتێك خەڵکی باس لە عەدالەت دەکەن لە بواری ئابووریدا، باس لەو بنامایانە دەکەن کە تەحەکوم بە دابەشکردنی نایەکسانی سەروەرت و سامان دەکەن، یان پاساوی ئەم دابەشکردنە نایەکسانەی سەروەت و سامان دەکەن، کەواتە لەم ڕووەوە بیروبۆچونی جیاواز لە ئارادان، هەر لە بۆچوونە ڕادیکاڵەکانەوە،

**کەسی عادیل کەسێکی ڕاستگۆیە، واتە ئەو کەسەیە کە لە ڕووی ئەخلاقیەوە کەسێکی باشە و لە ژێر کۆنترۆڵی نۆرمە ئەخلاقیەکاندایە**

**لە ئێستادا چەمکی عەدالەت پتر پەیوەست دەکرێتەوە بە سیستەمە یاساییەکە و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەوە، واتە کەمتر جەخت لەسەر خەسڵەتە شەخسیەکانی تاکەکەسەکان دەکاتەوە**

# نەبووە بەڵكو پتر پرسێكی ئەخلاقی و سایكۆلۆژی بووە

وەك ئەوەی دەبێت هەموو كەسێك هەمان بڕی سەروەت و سامانی ئابووری هەبێت، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی پێی وایە شتێكی تەواو ئاساییە جیاوازیەكی گەورە هەبێت لە ڕووی سەروەرت و سامانەوە بە مەرجێك ئەمە لە ئەنجامی پێشێلكردنی مافی ئەوانی دیكەوە نەبێت، باس لەوە دەكرێت دەبێت دەوڵەت چ ڕۆڵێكی هەبێت لەم بوارەدا، ئاماژە بەوە دەكرێت دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ ئەم جۆرە عەدالەتەدا كە لە كۆمەڵگەدا پیادە دەكرێت.

بۆ نموونە پلاتۆ پتر تەفزیلی دابەشكردنی یەكسانی سامانی دەكردەوە و باس لەوە دەكات دەبێت حكومەت دەستێوەردان بكات لە ئابووریدا بۆ ئەوەی كەم تا زۆر ئەم دابەشكردنە یەكسانە بهێنێتەدی.

هەندێ لە فەیلەسووفە مۆدێرنەكانیش هەڵگری هەمان تێڕوانینن و باس لە پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت دەكەن بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، دواتر ماركس و شوێنكەووتوانیشی هەمان ڕێچكەیان گرتەبەر. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاكانی گوزارشتكردنی ڕوون لە تێڕوانینی لیبراڵی، هەروەك ئەوەی لە تێڕوانینەكانی فەیلەسووفی ئینگلیزی جۆن لۆكدا بەدی دەكەین، ئەوا لۆك باس لەوە دەكات بواری سیاسی و بواری ئابووری دوو بوارن تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئەگەر ئێمە لێبگەڕێین بێ دەستێوەردان بواری ئابووری هەڵسوڕێت، ئەوا خۆی لە خۆیدا نایەكسانی لە موڵك و ساماندا دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی خەڵكانێك هەن بەهرەمەندترن لە بواری پیشەسازی و كەڵەكەكردنی سەروەت و ساماندا، بەڵام ڕۆڵی دەوڵەت ئەوەیە ڕێگە نەدات هیچ كەسێك ناشەرعیانە دەستێوەردان بكات لەو ئاڵوگۆڕە تایبەتیەدا، هەربۆیە ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ گرێبەستی كۆمەڵایەتی، دەكرێت بڵێین بیرۆكەی گرێبەستی كۆمەڵایەتی بیرۆكەیەكی تەواو میسالیە، بۆ نموونە ئەو كەسانەی باسیان لە گرێبەستی كۆمەڵایەتی كردووە، وەك ڕۆسۆ و لۆك و هۆبز، وێنای دۆخێكی تەواو میسالی دەكەن، واتە گرووپێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو، كە دابڕابن لە تەواو كۆمەڵگەكانی دیكە، پێكەوە كۆدەبنەوە و بە ئیجماع دەگەنە ڕێككەوتنێك، ئەمە دۆخێكی تەواو گریمانەكراوە. بەڵام بیرۆكەكە ئەوەیە ئێمە هەوڵدەدەین پاساوی ئەوە بهێنینەوە بۆچی ئەم گرووپە ناچاربن ملكەچی حكومەتەكەیان بن. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا پێگە و دۆخی كەمینەكان چی دەبێت؟ لەبەر ئەوەی ئێمە



زیڤ توچنبێرگ

دەزانین كاتێك كۆمەڵگەیەك دروست دەبێت ئەگەری ئەوە ناكرێت لە هەموو كاتێكدا و هەموو ئەندامانی ئەو كۆمەڵگەیە ڕاوبۆچونیان یەك بێت، كە پرسیاری ئەو دروست دەبێت ئەگەر كەمینەبوویت لە چ دۆخێكدا دەبیت؟ یەكێك لە وەڵامەكان ئەوەیە ئەگەرچی لە ئێستادا تۆ كەمینەیت بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە دواتر ببیتە زۆرینە، كەواتە لە مەودای دووردا شتێكی مەنتیقیە بەردەوام وەك بەشێك لە كۆمەڵگەكە بمێنیتەوە. لەبەر ئەوەی ئەگەر دەنگ و متمانەش بەدەست نەهێنیت، ئەوا لە مەودای دووردا دەرفەتی دیكەت بۆ دروست دەبێت. هەروەها ئەگەر هەڵە و كەموكوڕی هەبوو دەبێت ئەو متمانەیە بە زۆرینە بكرێت كە دەتوانن ئەو هەڵانە ڕاستبكەنەوە، لە ڕاستیدا ئەمە باسكردنە لە دۆخێكی میسالی، كە لێرەدا دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ بیرۆكەی نییەت پاكی، لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاتنراوە كە خەڵكی لەسەر بنەمای نییەت پاكی ڕەفتار دەكەن و لێرەشدا گریمانەی ئەوە دەكرێت حكومەت لەسەر ئەم بنەمایە ڕەفتار دەكات. بەڵام ئەگەر ئەم بیرۆكەیە لە ئارادابوو و لە هەمان كاتدا گەندەڵی لە ئارادابوو، ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت ئەم بیرۆكەیە ناتوانێت وەسفێكی وردی ئەوە بكات كە لە ئەرزی واقیعدا جیهان چۆن بەڕێوەدەچێت)) دەربارەی پێكەوە گرێدانەوەی ئەقڵانی و ئەخلاقی بۆ بەرهەمهێنانی دادپەروەریەكی بە ویژدانانە پرۆفیسۆر توچینبێرگ لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان وتی: (گرێدانەوەی ئەخلاقی و ئەقڵانی پێكەوە، كێشەیەكی زۆر زۆر گەورەیە و فەیلەسووفەكان زۆریان لە بارەوە وتووە، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی دوو وەڵامی بەرفراوان هەیە بۆ ئەم پرسە، یەكێك لە تێڕوانینەكان ئەوە قبوڵ دەكات كە دەكرێت هەندێ جار، یا زۆربەی كات، خەڵكی ناعەقڵانیانە ڕەفتار بكەن، واتە ئەم بیرۆكەیە، كە بیرۆكەیەكی موحافیزكارانەشە، بزووتنەوەیەك هەیە لە ناو فەیلەسوفەكاندا بە ناوی دیموكراسیەتی لیبراڵی، كە باس لەوە دەكەن لە دۆخێكی پڕ لە پشێویدا زەحمەتە عەقڵانیەت بچێنیت، لە كاتێكدا كە تۆ هەوڵدەدەیت قەناعەت بە ملیۆنەها خەڵك بكەیت، كە هەست و دیدی جیاوازیان هەیە، كەواتە ئەوەی دەتوانین ئەنجامی بدەین بنیاتنانی دامەزراوەكانە لە مەودایەكی بچووكتردا، كە هاووڵاتیان بتوانن بە شێوەی گرووپی بچووك گفتوگۆی عەقڵانی لەگەڵ یەكدا ئەنجام بدەن و ئەمە بكەنە بناغە بۆ ئەوەی دواتر دامەزراوەیەكی نیشتمانی بنیات بنێن كە لە چوارچێوەیدا ئەم جۆرە گفتوگۆیە ئەنجام بدرێت.)

ڕۆڵی دەوڵەت ئەوەیە ڕێگە نەدات هیچ كەسێك ناشەرعیانە دەستێوەردان لە بواری ئابووری بەو شێوەیە بكات كە زیان بە خەڵكانی تر بگەیەنێت

كاتێك كۆمەڵگەیەك دروست دەبێت ئەگەری ئەوە ناكرێت لە هەموو كاتێكدا و هەموو ئەندامانی ئەو كۆمەڵگەیە ڕاوبۆچوونیان وەك یەك بێت

**مارجۆری زاتز بۆ گوڵان:**


# دیموکراتی و عەدالەت دووچەمکی هاوچوونن بەوشێوازەی دیموکراسی دەبێتە پایەگای عەدالەت لەکۆمەڵگەدا

> **بەشێوەیەکی گشتی پێشبینی دەکرێت لە دیموکراسیدا سیستمی دامەزراوەکان لە ئارادابێت، بە چەشنێک کە هەموو تاکەکەسێک بە شێوەیەکی عادیلانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

پێوەندی نێوان دیموکراسی لیبرالی و عەدالەت، وەك پێوەندی نێوان دووجمك وایە، راستە ناکرێت هەموو سیستمە لیبرال دیموکراتەکان بە دادپەروەر پێناسە بکەین، بەڵام ئاستی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەم سیستمەدا لەچاو سیستمەکانی دیکەدا بەرچاوتر و فراوانترە، سەبارەت بەو پێوەندییەی نێوان دیموکراسی و عەدالەت پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مارجۆری زاتز بەرێوەبەری سەنتەری عەدالەت و یەکسانی کۆمەڵایەتی لەزانکۆی ئەریزۆناکرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:

(ئەم دوو چەمکە، عەدالەت و دیموکراتی دوو چەمکێکی پێکداچوون، بەڵام لە هەمان کاتدا پێناسەی جیاوازیش بۆ چەمکی عەدالەت کراوە، واتە ئەو کۆمەڵگەیەی عادیلانە رەفتار لەگەڵ ئەندامەکانیدا دەکات، بە شێوەیەك کە دیموکراسی ببێتە یەکێك لە توخم و پایەکانی ئەم کۆمەڵگەیە. بەڵام لە راستیدا شێوازی دیکەی رێکخستنی سیاسیش لە ئارادایە کە دەکرێت عەدالەتی تێدا رەچاو بکرێت. لە لایەکی دیکەوە گومانی تێدا نییە کە دەکرێت لە دیموکراسیشدا پیادەکردنی عەدالەت لەبەرچاوبگیرێت. کەواتە چەمکگەلی جیاواز هەن کە مەرج نییە بە زەرورەت چەمکگەلێکی پێکداچووبن، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی ئەمە حاڵەتەکەیە. بەڵام پێشبینی دەکرێت لە دیموکراسیدا سیستمی دامەزراوەکان لە ئارادابێت، بە چەشنێك کە هەموو تاکەکەسێك بە شێوەیەکی عادیلانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، واتە سیستمێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و یاسایی لە ئارادادەبێت، بواری ئەوە برەخسێنێت هەموو تاکەکەسێك مامەڵەیەکی یەکسان رەوای لەگەڵدا بکرێت، واتە دەرفەتی ئەوە بدرێتە تاکەکەسەکان پەرە بە خۆیان بدەن و پارێزگاری لە تایبەتمەندی و جیاوازیەکانی خۆیان بکەن...

یەکێك لە رێگاکان بوونی سیستمێکی یاساییە کە هەڵبسێت بە دابینکردنی پارێزگاری بۆ مافی تاکەکەسەکان، بەڵام پێویستە لە هەمان کاتتدا کۆمەڵگەیەکی بەهێزت هەبێت تێیدا تاکەکەسەکان هەست بکەن بەشێکن لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی گەورەتر و هەست بکەن پارێزراون، لە لایەکی دیکەوە دەبێت لە رووی ئابووریشەوە پارێزراوبن، واتە مافە بنەرەتیەکانی مرۆڤ دابین کرابێتن بۆ ئەندامان و تاکەکەسەکانی کۆمەڵگەکە.من پێم وایە ئەساسێکی



جێراڵد پۆستیما

عەقڵانی هەیە بۆ ئەوەی کەسێك عادیلانە رەفتار بکات. عەقڵانیەت لە لایەك بریتیە لە چەسپاندنی ئەو رێسایانەی کە دەبێت بەسەر هەموو کەسێکدا پیادە بکرێن، لە لایەکی دیکەوە پەیوەستە بە هەندێ نۆرم و بەهاوە، وەك یەکترقبوڵکردن. دژوارییەکە لە هەڵوێستی ئەو کەسانەدایە کە بە پیادە نەکردنی عەدالەت دەستکەوتگەلێکی زۆر بەدەستدەهێنن بۆخۆیان، واتە زەحمەتیەکە لەوەدایە ئەم کەسانە بهێنینە ئەو قەناعەتەی دەبێت بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکە بێتەگۆڕین، ئەمە بە مانای ئەوە دێت چیتر ئەو کەسانە لە پێگە بەهێزەکانی پێشوویاندا نەبن، واتە قەناعەتیان پێبکرێت کە دارشتنی بونیادێکی عادیلانەتر لە کۆمەڵگەدا باشتر خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ئەوانیش دەکات و دەبێتەهۆی ئەوەی دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنن، ئەم قەناعەت پێهێنانەش لەسەر بناغەیەکی عەقڵانی دەبێت. مەسەلەی رەفتاری ئەخلاقی رەنگە پرسێکی ئاسانتر بێت، چونکە پەیوەستە بەوەی پێویستە خەڵکی چۆن رەفتار لەگەڵ یەکدا بکەن، واتە بەو شێوە رەفتار بکەن کە ئارەزوو دەکەن رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، لەکاتێکدا مەسەلەی عەقڵانیەت پتر پەیوەستە بە بەرژەوەندییە دوورمەوداکانەوە و کەمتر پێوەندی بە دەستکەوتە ساتەوەختیەکانەوە هەیە.

هەربۆیە دەبێت سەرەتا جەخت لەسەر کارکردن بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی جیاکاری نێوان پیاوان و ئافرەتان بکرێت، واتە هەوڵی ئەوە بدرێت چ رێگا و شێوازێك دەبێت پیادە بکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم جیاکارییە. ئەوەی پێوەندی بە لیبراڵیزمەوە هەبێت، من پێم وایە ئەمە پەیوەستە بە سیستمە کۆمەڵایەتیەکەوە کە دەبێت بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەندامەکاندا بکرێت و مافەکانیان پارێزراوبێت. ))

> **عەقڵانیەت لە لایەکەوە بریتیە لە چەسپاندنی ئەو رێسایانەی کە دەبێت بەسەر هەموو کەسێکدا پیادە بکرێن، لە لایەکی دیکەوە پەیوەستە بە هەندێ نۆرم و بەهاوە، لەوانەش یەکترقبوڵکردن**

# بە حزبیكردنی مەسەلەی ژنان!



**كنێر عەبدوڵڵا**

یەكێك لەو تەوەرە سەرەكییانەی لە پەیڕەو پرۆگرام و دروشمەكانی هەر حزبێكی سیاسیدا بەدیدەكرێت بایەخدانە بە مەسەلەكانی ژنان و جەختكردنەوەی هێزە سیاسییەكانە لەسەر گرنگی بەشداریكردنی ژنان لە پەرەپێدانی كۆمەڵگەدا .

دەشێت خۆڵەقەرەدان لەم بابەتە مافی هەر حزبێكی سیاسی بێت، بەڵام ئەوەی جێی پرسیار و هەڵوەستە لەسەركردنە چەندی ئەو نووسینە ڕازاوانە چوونەتە بواری جێبەجێكردنەوە ؟چۆن و بە چ ڕێگە و بەرنامەیەك كاری بۆ دەكرێت ؟ كێ چاودێر و بەرپرسیارە لەسەر كاركردن بەو ماف و بەندانە ؟ بەرامبەر بەمەش ژنانی نێو حزبە سیاسییەكان بە جیاواز لە ئەركی پیاوانی نێو حزب چ ئەركێكیان دەكەوێتە ئەستۆ ؟ وەڵامدانەوەی هەر یەك لەو پرسیارانە پێویستی بە خوێندنەوەیەكی وردی واقعبینانەی مەیدانی هەیە .

بە بڕوای من ژنان یان پیاوانی یەكسانیخوازی نێو پارتە سیاسییەكان زۆرجار دەكەونە نێو دوو هەڵوەستەی دژ بەیەك لەگەڵ خۆیاندا و وەڵامی پرسیارێك دەبێتە سەنگی مەحەكی یەكلاكەرەوەی هەڵوەستەكانیان بەوەی لە كاتی بڕیاردان لە مەسەلە چارەنووسسازەكان بە ژنانەوە كامیان دەبێتە ئەولەویەت ؟ خودی مەسەلە ڕاستەقینەكەی ژنان یان داخوازی و بەرژەوەندی پارتە سیاسییەكانیان ؟چونكە بەهۆی هۆكارگەلێكەوە واقیعی كاركردن زۆر جار ئەوەمان بۆ دەردەخات كە حزب لە دیاریكردنی پۆلێنكردنی گرنگییە جۆربەجۆرەكانیەوە گەلێك جار مەسەلەی ژنان پەراوێزگیر و فەرامۆش دەكات . لەم گۆشەنیگایەوە بە حزبیكردنی مەسەلەی ژنان دەبێتە هۆی لەباربردنی مەسەلەی ژنان . بوونی ئەم گۆشەنیگایەیە دەبێتە هۆی چەند دەركەوتەیەك لەوانە: چارەسەركردنی مەسەلەكانی ژنان بەشێوەیەكی تەنیا ورووژاندن و دەرخستنی نیشانەكانی كێشەكە نەك ریشەكێشكردنی گرفتەكان،لاوازی ریزەكانی ژنان وسنووردانان بۆ خواست و خەونە ڕاستەقینەكەیان، دواخستنی بزووتنەوەیەكی ئازادیخوازانەی ڕاستەقینەی ژنان، لە قاڵبدان و پەرتبوونی چالاكی و تواناكانی ژنان، متمانە نەبوونی هاووڵاتیان بەبەرنامەی پارتە سیاسییەكان، چاندنی تۆوی بێباوەڕی بە كاری حزبەكان، دابڕانی خەباتی ژنان لە خەباتی تێكڕای كۆمەڵگە و سستی لەنێوان ژنان و ڕێكخراوەكان لەگەڵ حیزبەكاندا .

بێگومان بوونی ئەم بە حزبیكردنە دەرئەنجامی باڵادەستبوونی دۆخێكی دەسەڵاتدارانە و لە قاڵبدانی زۆربەی ڕێكخراوەكانی ژنانە .بۆ نموونە دەنگدانی پەرلەمانتاران لە پەرلەمانی كوردستان لەسەر پرۆژە یاسای سنورداركردنی فرەژنی، نەك قەدەغەكردنی و ئەولەویەتدان بە پارتە سیاسییەكان بۆ دیاریكردنی ژنان لە كاتی پێكهێنانی دەزگا یان ئەنجوومەنێكی تایبەت بە ژنان، بەڵگەی ئەم هەقیقەتە دەخاتە ڕوو كە ئەگەرچی ئەو بڕیارە لە بەرژەوەندی مەسەلەی ژنانیشدا نەبێت، ئەوا تەنانەت خودی ژنانی نێو هەریەك لەو ناوەندانە نەیانتوانیوە مەسەلەكەیان بكەنە ئەولەویەت . خودی هاوشێوەی ئەم هەڵوێستانە زەنگێكی مەترسیدارە بۆ داهاتووی مافەكانی ژنان . لێرەوە گرنگی كاركردن و بەرپرسیارێتی مێژوویی ژنانی نێو پارتە سیاسییەكان بە بەراورد لەگەڵ پیاوانی نێو هەمان پارتی سیاسی دوو هێندە دەبێت تا گۆڕانكاری و پیاچوونەوەی نوێ لە ئەقلییەت و چەمك وپلانەكانی داهاتوودا بكەن و بەدیدێكی مرۆڤدۆستانە و جێندەریانە كار لەسەر بەرنامەی حزبەكان و ئایندەی كۆمەڵگە بكەن، بێگومان ئەوەش بەهۆشمەندبوونی خودی خۆیان دەبێت بە مەسەلەكانی ژنان وڕای هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێكخراو و چالاكوانانی بوارەكانی ژنان .

# کە پێغەمبەران نێردراوی یەک خودان
# با بە لە دایکبوونی عیسا-ش دڵخۆش بین



عەبدولڕەحمان سدیق

ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان، لە ژمارە و دووبارەبوونەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام و ئاسایی هیچ کاتێك جێگەی بایەخ پێدانی زۆر نەبووە لەلایەن مرۆڤەوە، چونکە ئەوەی مانای جیاواز و گرنگ بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەبەخشێت ڕووداوەکان و بۆنە جیاجیاکانە، بۆیە ئەوە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان نین کە ڕووداوەکان گرنگ دەکەن، بەڵکو ئەوە ڕووداو و بۆنە و یادەکانن کە ڕۆژ و و مانگ و ساڵەکان گرنگ دەکەن.

گەلانی سەر ڕووی زەمین بە جیاوازی نەتەوە و هۆز و ئایین و ئایینزا و کەلتووری جۆرا و جۆرەوە، زۆربەیان سەری ساڵی تایبەت بەخۆیان هەیە و، ساڵانە یادی دەکەنەوە بەشێوازی جۆراوجۆری ئاهەنگ و فیستیڤاڵ و ڕێوڕەسمی جیاجیا.

سەری ساڵی زایینیش یەکێکە لەو ڕۆژانەی ئەگەرچی لە جیهانی مەسیحییەوە سەری هەڵداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان، ئەگەر نەڵێین هەموویان، پشتی پێدەبەستن لە کاروباری ڕۆژانە و ساڵانەیان، ئەمڕۆ ئەم بۆنەیە بۆتە بۆنەیەکی جیهانی و، لەسەرتاسەری جیهاندا یاد دەکرێتەوە.

سەبارەت بە ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەوە لە مێژە جەژنەکانی سەری ساڵ و لەدایکبوون کراوەتە پشووی فەرمی و، گەلانی عێراق پێکەوە ئەو یادە دەکەنەوە.

بەڵام ساڵانە، بەداخەوە- هەڵە و ناحاڵی بوونێك دێتە ئاراوە لەلایەن هەندێ کەس و لایەنەوە، کە ئێمە کوردین هەقمان چییە بەسەر ئەم سەری ساڵی زایینییەوە؟ یان کە ئێمە موسڵمانین، هەقمان چییە بەسەر سەری ساڵی لە دایکبوونی (عیسا) وە(دروودی خوای لەسەر)؟!

یان هەندێك دەڵێن: بۆچی ئەم هەموو ئاهەنگە بۆ لە دایکبوونی عیسا و سەری ساڵی زایینی دەکرێت، بۆچی بۆ سەری ساڵی کۆچی ناکرێت؟!

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە بەراوردکردنە هەڵەیەکی مەنهەجییەو، نابێت بکرێت، چونکە سەری ساڵی زایینی بۆنەیەکی تایبەتی لەگەڵدایە کە لە دایکبوونی ( عیسا )یە، دروودی خوای لەسەر- بۆیە بۆنەکە بۆنەیەکی ئاهەنگ ئامێزە.

هەرچی سەری ساڵی کۆچییە، بۆنەیەکە بۆ وەرگرتنی پەند و عیبرەت و، بۆنەکەی بۆنەیەکی خەمبار و هێمایە بۆ دەرکردنی موسڵمانان لە خاك و زێدی باب و باپیریان و، بە زۆر کۆچ پێکردنیان بۆ ئاوارەبوون و غەریبی، بۆیە ناکرێت لەم سەری ساڵەدا ئاهەنگ بگێڕین و خۆشی دەرببڕین.

ئەو خۆشییەش کە لەسەری ساڵی لە دایکبوونی (عیسا)دا هەیە، موسڵمانان گواستوویانەتەوە بۆ دوازدەی مانگی ڕەبیعی یەکەم لە هەموو ساڵێکی کۆچی کە دەکاتە جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەری موسڵمانان(محەمەد) (دروودی خوای لەسەر)، کە تیایدا ئاهەنگ و خۆشی دەربڕین زۆر زیاتر دەکرێت لە بۆنەکانی دیکە و، بگرە لەسەرتاسەری جیهاندا بۆ یەکەمین جار کورد لە هەولێری کوردستان و سەردەمی، سەلاحەددینی ئەییووبی و سوڵتان موزەفەرەوە دایهێناوە و، دواتر بە جیهاندا بڵاوبۆتەوە.

هەروەها سەری ساڵی کوردیش، هێمایە بۆ سەرکەوتن بەسەر زوڵم و ستەمدا بۆیە کورد لە هەموو جیهاندا ئاهەنگی خۆشی و گۆرانی و سەیران

و گەشت و گوزاری تیادا ئەنجام دەدات.
بەم پێیە نابێت ئێمە دژایەتی ئەم بۆنە و یادانە بکەین، بەڵکو پێویستە ڕێز لە هەموویان بگرین و، هەر یەکەشیان وەك بۆنەی خۆمان تەماشا بکەین و، خۆشی و سنگ فراوانی و کامەرانی تێدا دەرببڕین.

چونکە سەری ساڵی زایینی بۆ ئێمەی کوردی موسڵمان، یادی لەدایکبوونی (عیسا) یە (درووودی خوای لەسەر) کە ئێمەی موسڵمان دەبێت بە لەدایکبوونی دڵخۆش بین، چونکە پێغەمبەرانی خودا هەموویان برای یەکن لە پەیام و بەرنامەدا و، هەر هەمووشیان بۆ هەمان مەبەست نێردراون کە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتییە لە بێباوەڕیی و زوڵم و ستەم و، بۆ دابینکردنی ئازادیی و دادپەروەریی نێردراون لەلایەن خوداوە.

لە هەمان کاتیشدا سەری ساڵی زایینی لە وڵاتانی موسڵماندا کراوەتە ڕۆژژمێر و، هەموو کار و بەرنامەکانی ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەسەر ڕێك خراوە.

سەری ساڵی کۆچیش، ڕۆژژمێری بۆنە ئایینییەکانمانەوە، ڕۆژووی ڕەمەزان و تۆمینەی حاجیان و، ڕۆژووی عاشورا و حەجی ماڵی خودا و ئیسرا و میعراج و. تاد. بەپێی ئەو ڕۆژژمێرە دەبێت.

سەری ساڵی کوردیش، یادی سەرکەوتنی باپیرانمان و، دامەزراندنی دەوڵەت و سەروەریی نەتەوایەتی تێدا دەکەینەوە.

بەم جۆرە، سەری ساڵی زایینی، سەری ساڵی ئیداریی و کارگێڕیمانە.

سەری ساڵی کۆچی سەری ساڵی ئایینیمانە.

سەری ساڵی کوردی، سەری ساڵی نەتەوەییمانە.

بۆیە دەبێت بایەخ بە هەموو ئەم یاد و بۆنانە بدەین و، لە چوارچێوەی ئاداب و عورفی کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی ئایینیدا ئەم یادانە زیندوو بکەینەوە و، بەرزیان ڕابگرین.

لەسەری ساڵی زایینیدا، پێویستە کولتووری یەکتر قبوڵ کردن زیاتر پەرەپێبدەین و، بەچاوی تەنگ لە گۆشەنیگای خراپەوە نەڕوانینە بەرامبەرەکانمان کە لە سەرتاسەری دنیادا ئەم یادە و، ئەم بۆنەیە بەسەر دەکەنەوە، چونکە ئەم بۆنەیە ئەمڕۆ بۆتە بۆنەیەکی جیهانی و، لەسەر ئاستی جیهاندا وەك کولتوورێکی گەلان سەیر دەکرێت.

پێویست ناکات زیاد لە ڕادەدە ئەم بۆنەیە بخرێتە پاڵ جیهانی مەسیحیەت و بە کاری خاچ پەرستان ناوزەد بکرێت، چونکە ئەورووپای ئەمڕۆ ئەورووپای دوێنێ نییە، ئەورووپای ئەمڕۆ زۆرینەیان جیهانییانە و مرۆڤدۆستانە بیر دەکەنەوە، بەڵام توندڕەوەکانیان کەمینەن، هەروەکو توندڕەوان لای ئێمەش هەر کەمینەن.

ئاهەنگەکانی سەری ساڵ ئێستا چەندین ڕەهەندی کولتووری و ئابووری نوێی وەرگرتووە، بۆ نموونە لەسەر ساڵدا هەر هاووڵاتییەکی بەریتانی نزیکەی (٤٠٠) چوارسەد جونەیهی ئیستەرلینی خەرج دەکات بۆ ئەو بۆنەیە، بەم پێیەش بەریتانیا لە ساڵی (٢٠٠٨)دا نزیکەی (١٥) ملیار جونەیهی دەست کەوتووە.

بەپێی ڕۆژنامەی (تەلگراف)ی ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/٢١) یەك لەسەر پێنجی خەڵکی بەریتانیا ئاهەنگەکانی سەری ساڵ نابەستنەوە بە لەدایکبوونی مەسیحەوە، هەر بەپێی هەمان ڕۆژنامە، گەنجانی تەمەن(١٦-٢٤) ساڵ بەرێژەی لە(٧٨٪)یان ئەم یادی سەری ساڵە وەك کولتوور تەماشا دەکەن نەك بۆنەیەکی ئایینی.

تەنانەت درەختی ڕازاوەی سەری ساڵیش لە ساڵی (١٦٠٥)ی زاینیەوە هاتۆتە ئارا، هەروەها کەسایەتی (بابا نوئێل)یش لە ساڵی (١٨٨١)ی زاینیەوە هاتۆتە نێو یادەکەوە، ئەگەر نا ئەوە بۆ یەکەم جار و بەپێی ڕۆژنامەی (هار پریس) کەسایەتی بابانوئێل بۆ یەکەم جار کۆمپانیای (کۆکا کۆلا) بەکاری هێناوە وەکو ڕیکلام لە ساڵی (١٨٨١) دا، دواتر هاتۆتە نێو ئەم یادەوە.

بۆیە جێگەی خۆیەتی وەك یادێکی جیهانی و، وەك کولتوورێکی جیهانی لەم یادە بڕوانین و، تەفسیری زیاد لە ڕادەی بۆ نەکرێت.

زۆر گرنگە بۆ ئێمە ئەم بۆنەی سەری ساڵانە بکەینە وێستگەیەك بۆ بە خۆدا چوونەوە و، قوڵکردنەوەی کولتووری لێبوردەیی بەزانینی ئەو ڕاستییە کە تەمەن کورتە و، ساڵ وەکو ڕۆژ دەڕوات و ناگەڕێتەوە، تەمەنێك بەشی خۆشەویستی ناکات، چ جای ئەوەی بەشێکی بۆ قین و دووبەرەکیی و سڕینەوەی بەرامبەر تەرخان بکەین.

ئێمەی مرۆڤ وەکو هاووڵاتی و هاونیشتمانی، بە جیاوازیی ئایین و زمان و نەتەوەوە، دراوسێی هەمیشەیی یەکدین لە هەمان هەرێم و دەوڵەتدا و، قەدەری هەمووشمانە کە لەسەر ئەم خاکە بووین و، لەسەری دەژین، ئەم شارە و ئەم هەرێم و ئەم وڵاتەش هەمووماننی لە ئامێز گرتووە، بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێت ساڵانی تەمەنمان هەر بەیەکەوە بەسەر دەبەین.

بۆیە دەبێت میانەڕەوبین لە گوفتار و لە ڕەفتارداو، بەدوای خاڵی هاوبەشی نێوان ئایین و نەتەوە و کولتوورەکاندا بگەڕێین و، فرە ڕەنگ و فرە دەنگ بین لە چوارچێوەی یەك نیشتماندا.

لەسەری ساڵدا پێویستە لەو ڕاستییە بگەین کە مرۆڤەکان هەر هەموویان دروستکراوی یەك خودان، خوداش لێبوردەیە، داوای لە مرۆڤەکان کردووە کە لێبوردەبن لە دڵەوە نەك تەنیا بە زمان بۆ هەمیشە نەك کاتیی، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە ساڵی نوێداو، کردنەوەی دەرگایەکی دی بەڕووی ژیاندا، لە کارە جوانەکانی بۆنەی سەری ساڵی نوێن.

# پێشبینیەکان بۆ ساڵی ٢٠١١

نووسینی پرۆفیسۆر مایكڵ گەنتەر تایبەت بە گوڵان

**شەهرستانی وەک وەزیری نەوت هەڵوێستێکی سەرسەختانەی لە ئاست هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتەبەر، یەکێکە لە هەرە گرنگترین دوژمنەکانی کورد، ئێستادەسەڵاتی زیاتری پێدەدرێت**

ئەزموونی دەگمەنی کوردستان وەك بەشێکی ئۆتۆنۆمی لە عێراقی دیموکراتی فیدراڵ کە تا ڕاددەیەکی گەورە خۆی حکومڕانێتی خۆی دەکات لە ساڵی ٢٠١١شدا دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوە. ئایا حکومەتی نوێ بەسەرۆکایەتی نووری مالیکی کەبەهۆی ڕێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە لە دوای نۆ مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان پێکهێنرا —کە هەڵبژاردنەکانیش لە ٧ی ئازاری ساڵی ٢٠١٠دا ئەنجامدران-، ئایا ئەم حکومەتە بەردەوام دەبێت و هەڵناوەشێتەوە؟

پێدەچێت دەسەڵات ئەوەندە دابەشکرابێت و ئەوەندە شەریکایەتی و پشکدرای تێداکرابێت بە چەشنێك ئاسانە ئەوە بەدی بکەین حکومەتە نوێیەکەی مالیکی دووچاری ئیفلیج بوون ببێت، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی عێراق داوای چارەسەری خێرا بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و ئەمنیەکان دەکەن، ئەو کێشانەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئالۆزبوونە. هەروەها هێشتا وەزارەتە سەرەکیەکانی وەك وەزارەتی، بەرگری، ناوخۆ و ئاسایشی نەتەوەیی بڕیاریان لە بارەوە نەدراوە. لەوەش زیاتر، سەرەڕای بەڵێنەکانی مالیکی بۆ کورد، ئەوە ڕوونە کە هەم عەرەبی شیعە و هەم عەرەبی سوننە خواستی هەموارکردنی دەستووری عێراقییان هەیە بۆ ئەوەی دووبارە عێراق بە مەرکەزی بکرێتەوە و ئۆتۆنۆمی کوردەکانیش کەم بکرێتەوە.

دەبێت کوردەکان وریا و چاکراوە بن لە بەرگری کردن لە دەستووری عێراق و لەو دەستکەوتەی کە بە زەحمەتیەکی زۆر بەدەستهاتووە و بەخششی خوایە بۆیان کە بریتیە لە مافە دیموکراتیەکان بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ئۆتۆنۆمی. خۆشبەختانە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە کوردەکان پێویستیان بەوە هەیە بەرگری لە دەستوور بکەن. هەروەها بەم دواییە بارزانی بانگەشەکەی خۆی دووبارە کردەوە کە کوردەکان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە. ئایا ئەمە سەربەخۆیی لە خۆدەگرێت لە داهاتوودا؟

جەلال تاڵەبانی لە ڕۆڵە بەردەوامەکەیدا وەك سەرۆکی عێراق بە دەستێکی متمانەدار کەشتی دەوڵەتی عێراق ئاڕاستەدەکات کە لە لایەن هەموو عێراقیەکانەوە بە ڕۆڵێکی عادیلانە و خێردار لێی دەڕوانرێت.

هەروەها وەك کوردێك، دەکرێت ئەوە لە تاڵەبانی پێشبینی بکرێت کە چاودێر دەبێت بەسەر پاراستنی بەرژەوەندیە ڕەواکانی گەلی کوردەوە.

**ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە بینینی ڕۆڵی زامنکار بۆ بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئەو کاتەی کورد بەردەوام بێت لە گرتنەبەری ڕۆڵی نەرم ڕەوانە لە ئاست کێشە و پرسەکانی ساڵی نوێدا**

ئایا داهاتووی گۆڕان چی دەبێت؟ ئایا زیان بە یەکێتی هەڵوێستی کورد دەگەیەنێت لە بەغدا؟ یان حاڵی حازر لە پاشەکشەدایە؟ ساڵی ٢٠١١ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە.

بە شێوەیەکی وردتر، لە ساڵی داهاتوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوی لەوەیە یاسای نەوت و گاز لە عێراقدا جێبەجێبکرێت کە ڕێگە بە کوردەکان دەدات مومارەسەی مافە سیادییە ڕەواکانی خۆیان بکەن لەسەر ئەم سەرچاوە بەهادارە. هەرچۆنێك بێت، بەرزکردنەوەی پایەی حوسێن ئەل شەهرستانی بۆ پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران کە بەرپرسیارێتی تەواوی کەرتی وزەی لە ئەستۆیە ڕەنگە نیشانەی خێر نەبێت بۆ ئومێدی کوردەکان بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی بە گونجاوی دەزانن سەرچاوە نەوتیەکانی خۆیان بەکاربهێنن.

لە ڕۆڵی پێشوویدا وەك وەزیری نەوت، شەهرستانی هەڵوێستێکی سەرسەختانەی گرتەبەر لە ئاست هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کوردەکان سیادەی خۆیان لەسەر سەرچاوە نەوتیەکانی خۆیان بچەسپێنن و بووە یەکێك لە هەرە گرنگترین دوژمنەکانی کورد. لە ئێستادا لە پێگەیەکدایە کە دەسەڵاتی زیاتری پێدەدات. ئایا چۆن ئەم دەسەڵاتە لە ساڵی ٢٠١١دا بەکار دەهێنێت؟ هەر هەفتەی ڕابردو بوو بەغدا ڕایگەیاند بەشی کوردەکان لە داهاتی فیدراڵی کەم دەکاتەوە ئەگەر کوردستان نەیتوانی لە ساڵی داهاتوودا نەوت بەرهەم بهێنێت. ئەمە لە کاتێکدا باس لەوەکرا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی سازشی گرنگ بەدەست بهێنێت لە بارەی بەکارهێنانی نەوتەکەیەوە. ئەو کاتە مەسەلەکە بۆ سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە داهاتی نەوتەکەیان بەشێوەیەکی ژیرانە بەکاربهێنێت بۆ خزمەت کردنی هاووڵاتیانی




کوردستان، نەك دووچاری ئەو کێشەیە بن کە نەهامەتی نەوت تووشی دەوڵەتە ڕەیعیەکانی کردووە، وەك ئەوەی لە چەندین وڵاتی دەوڵەمەند بە نەوتدا بەدی دەکەین. لەوەش زیاتر، بە دڵنیاییەوە، ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و ئایندەی کەرکوك لە ساڵی ٢٠١١دا وەك دوو کێشە دەمێننەوە کە دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. دەبێت کوردەکان لەم ڕووەوە بگەنە چارەسەرێکی مام ناوەند «تسویە» لەسەر ئەم پرسە، بەڵام ئەمە بە مانای خۆبەدەستەوەدان نایەت! هەروەها دەبێت عەرەب و تورکمانە عێراقیەکانیش بە چارەسەری مامناوەند ڕازی بن.

هەروەها دەبێت لە ساڵی ٢٠١١دا بایەخ بە چەندین کێشە بدرێت. چۆن ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك دوا زامنکاری حکومەتی هەرێم کوردستان لەگەڵ پابەندبوونی ئەمەریکا بە خشتەی کشانەوەی باقی هێزە جەنگاوەرەکانی لە عێراقدا لە کۆتایی ساڵی نوێدا یەکدەگرێتەوە.

ئایا دراوسێکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمە وەك ئاماژە و نیشانەیەك وەردەگرن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەسەر کوردەکان باڵادەست ببنەوە؟ پێشبینی من ئەوەیە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە بینینی ڕۆڵی زامنکار بۆ بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئەو کاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە گرتنەبەری ڕۆڵی نەرم ڕەوانە لە ئاست کێشە و پرسەکانی ساڵی نوێدا. هەرچۆنێك بێت، پێشتر ئەمەریکا پشتی لە کوردەکان کردووە و حاڵی حازر زیاد لە توانای خۆی؛ خۆی بارگران کردووە بەهۆی کێشە ئابووریەکانی و ئەو ئیلتیزاماتانەی بەهۆی شەڕی ئەفغانستانەوە لە ئەستۆیدایە.

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦دا، ڕاپۆرتی بەیکەر هاملتون داوای دووبارە بە مەرکەزیکردنەوەی عێراقی کرد لەسەر حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها ڕۆڵی بەرەوپێشچوونی تورکیاش گرنگە، وەك گرنگترین دراوسێی کوردستان. حاڵی حازر ١٠٠٠ لە پیاوانی کاری تورکی و زیاتر لە ٥٠٠٠ کارمەندی تورکی بە تەنیا لە هەولێردا بوونیان هەیە. خزمەتگوزاری بانکی وەك پێویست نییە. پێشبینی دەکرێت بانکی ڤەکی تورکی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرێت لقی خۆی لە هەولێر و لە سەرەتای ساڵی نوێدا بکاتەوە و ئومێدی ئەوە دەکرێت بتوانێت ئەم پێداویستیە زۆر بەپەلەیە دابین بکات. ئاشکراشە پەرەپێدانی خزمەتگوزاری بانکی گرنگە بۆ ئایندە، ئەمە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاری ئەوە بێت بەردەوامی بە گەشەی ئابووری بدات.

بە دڵنیاییەوە کوردەکانی تورکیا، پێشبینی گرنگی خۆیان هەیە بۆ ساڵی ٢٠١١. بڕیارە لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١١دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەسەر ئاستی نیشتمانی ئەنجام بدرێت. ئەگەر سەرۆکی وەزیرانی ئێستا و سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان سەرکەوتوویێت و خولێکی دیکە مسۆگەر بکات، کە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە، ئەوا ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا دەتوانێت دەستوورێکی نوێ و دیموکراتیتر بنووسێتەوە کە یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکە کە کێشەیەکی بەردەوامە، وەك ئەوەی بەڵێندراوە؟ بە بێ هەڵگرتنی هەنگاوی گەورە لە لایەن تورکیاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەی، ئەوا ناتوانرێت پەرە بە پێوەندی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت.

هەروەها ئایا تورکیا بەستەڵەکی خۆی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا دەشکێنێت و گوڕو تینی خۆی نوێ دەکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی تەواوی یەکێتی ئەوروپا؟ لەبەر ئەوەی تورکیا سنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەوا بە نزیکبوونەوەی زیاتری تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە یەکێتی ئەوروپا نزیك دەبێتەوە. ڕەنگە شتێکی گەورە بڵێین ئەگەر وێنای ئەوە بکەین ڕۆژێك دێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە ڕاستی دەبێتە بەشێك لە ئەوروپای گەورە؟ ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا دیموکراسی و خۆشگوزەرانی ئابووری بە ڕادەیەکی گەورە لە کوردستان دێتەئاراوە.

کوردەکان دەتوانن لەسەر بنەمای ئەم مەزەندانە، بە حەزەرەوە بۆ ساڵێکی نوێی سەرکەوتوو بڕوانن!

**پێشبینی دەکرێت بانکی ڤەکی تورکی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرێت لقی خۆی لە هەولێر و لە سەرەتای ساڵی نوێدا بکاتەوە**

**بە نزیکبوونەوەی زیاتری تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە یەکێتی ئەوروپا نزیک دەبێتەوە**

# کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهاندا

((فەرهەنگی مێژوویی کوردان)) ناونیشانی کتێبە نوێیەکەی مایکڵ گەنتەری هاوکارمانە کە لە ساڵی ٢٠١١ چاپی دووەمی بڵاودەبێتەوە، پێشتر ئەم کتێبە لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٠ کەوتە بەر دەستی خوێنەران و وا بڕیارە لە چاپی دووەمیدا بازنەی زانیاری و بابەتەکانی فراوانتربکرێن..

نووسەری ئەم کتێبە مایکڵ گەنتەر پرۆفیسۆری بەشی زانستە سیاسیەکانە لە زانکۆی تێینسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە ساڵی ٢٠٠٢ ەوە تا ئێستاش لە زانکۆی نێودەوڵەتی ڤیێنای نەمساوی وانەبێژەو خاوەنی چەندین کتێبی ترە دەربارەی پرسی رەوای کوردان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا...

((فەرهەنگی مێژوویی کوردان)) لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە کتێبانەدا بە چاپ دەگەیەنرێت کە تایبەتن بە فەرهەنگی مێژوویی گەلانەوە چ بە کەلتووری دێرینیان یان چۆنیەتی بەسەربردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری ئێستایان..

بە گشتی ناوەڕۆکی کتێبی ناوبراو باس لە نەتەوەی کوردان دەکات کە لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە لە ناوسنووری زنجیرە شاخەکانی نیشتمانی خۆیاندا نیشتەجێن و بەهۆی پرۆتۆکۆلاتە نێودەوڵەتیەکانەوە وڵاتیان بە تورکیا و ئێران وعێراق و سووریاوە لکێنراوە، دیارە نووسەر پشتی بەستووە بە ئامارێکی نافەرمی سەرەتای ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو کە ڕێژەی کوردی بە٢٥تا٣٠ ملیۆن هاووڵاتی تێداخەمڵێنراوە..

ئەو ڕێژەیەشی بە زۆرترین و مەزنترین پێکهاتەی نەتەوەیی لەجیهاندا داناوە کە تا ئێستا خاوەنی دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆی خۆیان نین، دواتر باس لەم چەند ساڵانەی دوایی دەکات کە پرسی کورد بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو لە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا برەوی سەندووەو تەنانەت بووە بە روکنێکی بنەڕەتی لە ناو باس و خواسەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئەوەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:


یەکەمیان :دوو جەنگە گەورەکەی لە هەردوو ساڵی ١٩٩١و٢٠٠٣ لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە دژی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بەرپا کران کە هەر لە دوای یەکەمین جەنگیانەوە پەرلەمان و حکومەتێکی نیمچەسەربەخۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراوە و لە دوای دووەمین جەنگیشیانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقێکی فیدراڵدا هەر لەرێی هەڵبژاردنەوە درێژە بە مانەوەی دراوە، ئەم حکومەتەش بەڕای مایکڵ گەنتەر بووەتە مایەی سرووش بۆ کوردانی دیکە لە شوێنانی تر تا ئەوانیش وەك کوردانی هەرێمی کوردستانی عێراق بگەڕێن بە دوای رێگەچارەی گونجاو بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەك کە مافە کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیانی تێدا مسۆگەر بن..

لەوانەشە گەر دیموکراتیانە چارەسەری پرسیان نەکرێت بیرلە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ وەچەکانیان بکەنەوە..

دووەمیان : داواکارییە بەردەوامەکانی تورکیا بۆچوونە ناو یەکێتی ئەورووپاوە هۆکارێکی تر بووە تا پرسی کورد سەرنجی ئەورووپیەکان رابکێشێت..

ئەم چاپەی دووەمی فەرهەنگی مێژوویی کوردان درێژەدانە بە چاپی یەکەمی کتێبەکە بەڵام لە ڕووی کرۆنۆلۆژیاو نەخشە و وێنەی فۆتۆگرافیەوە بابەتی تری بۆ زیادکراوەو هەروەها زیاتر لە ٤٠٠ فەرهەنگۆکی هەمەچەشنەی وەك ژێدەر سەبارەت بە کەسایەتیە ناودارەکان و پێگەو شوێنەکان و رووداوەکان و دامەزراوە فەرمییەکانی کوردستان تێدایە ئەمانەش بۆ روونکردنەوەی زیاتری لایەنەکانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە نیشتمانی کورداندا بە گرنگیانی زانیوە. ئێمەش وێرای ئەوەی وەك گۆڤاری گوڵان پیرۆزبایی لە هاوکارمان پرۆفیسۆر گەنتەر دەکەین و هیواداریین دەزگاکانی چاپ و وەشاندن لە هەرێمی کوردستان، هەوڵبدەن بەزوویی چاپە کوردیەکەشی بخەنە کتێبخانەی کوردیەوە.

## کتێبی «فەرهەنگی مێژوویی کوردان» مایکل گەنتەر لە ٢٠١١ دا


HISTORICAL DICTIONARY
of the
Kurds
SECOND EDITION
MICHAEL M. GUNTER

# ساڵێکی سەخت لەبەردەم حکوومەتی مالیکی دایە!



ئاسۆ کەریم
Aso2karim@yahoo.com

چەند ڕۆژێکی دی ساڵی ٢٠١١ دەست پێدەکات. ئەو ساڵەی دێ، بۆ عێراقییەکان و بۆ حکوومەتی مالیکیش زۆر گرنگە. لە کۆتایی ساڵی دادێ، دەبێت بەگوێرەی (بڕگە ١ی ماددە ٢٤)ی ڕێککەوتننامەی (سۆفا) و بەڵێنە یەك لەدوای یەکەکانی ئیدارەی باراك ئۆباما، ئەمریکا تەواوی هێـزە شـەڕکەرەکانی خۆی لـە عێراق بباتـە دەرێ. بەمەش دەوڵەتی عێراق لە ڕووی شکلییەوە، هاوڕێ بە دەرچوون لە فەسـڵی حەفتەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەروەری خۆی بەتەواوی وەردەگرێتەوەو ئیدی ئەرکی حکوومەتی مالیکی دەبێت، پەیوەندییە دیپلۆماسـی و سیاسـییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەرو دنیای دەرەوەدا، لەسەر بنەمایەکی ڕۆشن و ڕێزگرتن لە یەکتـر ڕێکبخاتەوە. دیارە تەواوکەری ئەو سیاسەتەش، یان مەرجی سـەرکەوتنی حکوومەتـی عێـراق لەم ئەرکەیدا، بەندە بە ئاشـتی و تەناهیی و سەقامگیریی ناو ماڵی عێراق خۆیەوە.

ڕاسـتە، حکوومەتـی تـازەی مالیکی، هەرچەنـدە درەنگ پێکهات، لـێ حکوومەتێکە، مالیکـی گوتەنی «حکوومەتی شەراکەتی نیشتمانی»یەو زۆرینەی کیتلـە براوەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ بەشـدارییان پێکراوە و کیتلە سـەرەکییەکان بەڵێنیان پێداوە کە کار بۆ سەرخسـتنی حکوومەت بکـەن. بەڵام پێکهاتەی حکوومەتە تازەکەی مالیکی، بـەو فرە ئیتنی و تایەفـی و حزبییەوە، بەو پـان و پۆڕییـەوە (دەوروبەری ٤٠ وەزیر)، لەبەر ئـەوەی وەزیرەکان لەلایەن لیسـتەکانیانەوە کاندیدکراون و مالیکی دەورێکی ئەوتۆی لـە دانانیاندا نەبووە، شـلۆقە و هزر ناکرێ حکوومەتی تازە، حکوومەتێکـی بەکارو دەسترۆیشـتوو و بەهێـز بێـت! و بکارێت بە ئاسـانی پێش بـە دەسـتدرێژییەکان و گەندەڵی بگرێـت و خزمەتگوزاریی پێویسـت بۆ هاووڵاتیـان دابین بکات و عێراق ئاوەدان بکاتەوەو بیخاتەوە سەر سکەی بوژانەوەو گەشەپێدان. لە هەمووشیان گرنگتر، وەك دیارە، هێزەکانی عێراق (سـوپا و پۆلیس و دەزگاکانی تر)، ئاسـان نییە عێراقیان پێ لە تیـرۆر و خراپەکاری و دزەکردنی تیرۆریستان لە سـنوورەکانەوە بپارێزێ بەتایبەتی پاش ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکشێنەوە، هەرچەندە مالیکی و غەیری ئەویش جەخت لەوە دەکەنەوە کە هێزەکانی عێراق سازو ئامادەن و دەکارن تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بەرپرسیارەتی فایلی ئاسایش و تەناهی وەئەسـتۆی خۆیان بگرن، لێ سـەرنجێکی خێرای کاری تیرۆریستی لە سەرانسەری عێراقدا، کوردستانی لێ دەرچێ، پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێت. ئەوەش بە دیوێکی تردا، سەردەکێشـێتەوە بۆ توندبوونی ململانە و نفووزی ئەقلیمی کە وێدەچێ لە ساڵی ئایندەدا لە ڕێگەی کارەکتەرەکانیانـەوە لەنـاو ئەنجوومەنی نوێنـەران و حکوومەتـدا، بەتایبەتـی پاش کشـانەوەی ئەمریکا لـە عێراق، ئاستێکی تر وەربگرێت، ئەگەر مالیکی نەکارێت دەسـتی تیرۆر کورت بکاتەوە و کێشەکانیشی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم چارەسـەر بکات و کورد بـەلای خۆیدا ڕابکێشـێ. بەتایبەتـی جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ لـە بارێکـدا هەندێ کاراکتەری سوننەی شۆڤینیست بە پانایی ماڵی لەناو پەرلەمان و حکوومەتدا دێن و دەچن و هەڵدەسوڕێن!

داخـوا حکوومەتی تـازەی مالیکی لەو سـاڵەدا، ئەولەویاتـی چی دەبێت و چ پلانێکی بەدەستەوەیەو لەواقیعدا چی پێدەکـرێ. داخوا لـە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، دەستی کراوە دەبێت و یان دیسان بـە «تایەفی» و نازانـم چی و چیتر نـاوی دەبرێت. داخـوا دەرو جیرانەکانی عێراق تـا چەند هاریکار دەبن لەمڕووەوە کە دیسـان پێمـوایـە، مالیکی، ڕێگەی بەردەمی ڕاسـتەڕێ نییە و کۆسـپ و تەگەرەی زۆری دێننە ڕێ. لە نەبوونی تەناهی و سەقامگیریشـدا، باسکردن لە خزمەتگـوزاری و ئاوەدانکردنەوە، دەبێتە شـتێکی خەیاڵی و گەندەڵیش بە هەموو ئاستەکانییەوە لەوێ بوەستێ.

لەسـەر ئاسـتی قانووندانانیشـدا، وەکـو مالیکی ئاماژەی پێـداوە، داخوا ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، سـاڵی دادێ «قانوونـی نـەوت و گاز» و «قانوونـی دابەشـکردنی سـەروەت و سامان» دەبڕێنێتەوە و لەگەڵ حکوومەت هاریکار دەبێت یان نا؟

# بەغدا، حکومەتێکی تەمەن کورت



فەلەکەدین کاکەیی

**(١)**

پەندی کوردی دبێژێ:

(مانگەشەو لە ئێوارەوە دیارە، حکومەتی تازەی عێراق رەنگە تەمەن کورتتر بێت لەوەی بیری لێدەکەنەوە).

هەقی خۆیانە و هەقی خەڵکە چۆن لێدەدەنەوە.

وەلی حکومەتەکە، لە چەندین بواری کەلتووری و کۆمەڵایەتی و رامیارییەوە، بە ناتەواوی لە دایکبووە، ئەوەش لەو رەخنە ئاشکرا و روونانە دەردەکەوێ کە لە بیست و چوار دەمژێری یەکەمەوە وەدەردەکەوتن:

١- رەخنەی ژنان کە لە نیوەی کۆمەڵگای ئێستای عێراق زیاترن.

رەخنە دەربڕینی ژن و ئافرەتان تەنیا لەبەر رێژەی هەرە نزمی بەشداربوونیان لە پلەو پایەی حکومەتەکەدا نییە، بەڵکو- لە ناخەوە- گلە و گازاندیە لە بارودۆخی سەخت و نالەباریان، بەتایبەتی لە بەغدا و ناوەڕاست و باشووری عێراقدا لەو چۆرە(١) ئازادییەی هەرێمی کوردستانیش بێبەشن.

٢- رەخنەی هونەرمەند و نووسەر و توێژی رووناکبیران کە رەخنەیان لەوە هەیە، وانەی موزیك و شانۆ و پەیکەرتاشی و ئاهەنگی گۆرانی و شادی لە کولێج و پەیمانگا و بوارەکانی کۆمەڵ قەدەغەکردووە.

پەستی و بێزاری لە خنکاندنی ئاوازی موزیك و جوانی شانۆ و هونەرجوانەکانی دیکە تەواوکەری پەستی و تورەیی کەرتی ژنانە، چونکە ئەگەر پیاوان هەندێ جار هەل دەقۆزنەوە، ئەو ئافرەتانە ئەو هەلەشیان نییە، بەڵکو ژیانیان رەشپۆشەو قۆڵبەست کراون.

٣- هەندێ گرووپ و حزبی سیاسی وەك حزبی ئیسلامی نارازین لە شێوەی دابەشبوونی پۆست و پلەو پایەکانی حکومەت و، ئەو نارەزاییەیان راگرتووە، هەر ئەوانیش نین، بەڵکو لایەنی کوردیش بە تەواوی رازی نەبوونە، رەنگە زووتر رەخنەی توند بگرن.

٤- نوێنەرانی لیستی (رافدین)، واتە مەسیحییەکان نارەزایی خۆیان لەو پۆستە دەربڕیوە کە بەریان کەوتووە. بە کەمی دەزانن.

٥- نوێنەرانی گەلی تورکمان نارازین و چاوەڕوانی پۆستی بەرزترن وەك جێگری سەرەکوەزیران یا سەرەك کۆمار.

٦- لەنێو خودی کوتلە سیاسییە گەورەکاندا هێشتا هەمووی رازی نین و، لێرەو لەوێ دەنگی رەخنە و بێزاری دەبیستین.

٧- کێشەی هەرە ئاڵۆز و هەرە گرنگی (ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان) کە هێشتا یاساکەی دەرنەچووە، کە چەندین خاڵی تەنفیزی گەورەی تێدایە هاودژی دەسەڵاتی پۆستی سەرەکوەزیرانە.

ئێستا دیار نییە یاسا و دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنە چی ئاراستەیەك بەخۆوە دەگرێت.

٨- وابزانم مشتومری یاسایی و پەرلەمانی و رامیاری لە دەوروبەری ئەم ئەنجومەنەدا چڕ دەبێتەوە. بەڵکو رەنگە ناوەڕۆك و هەیکەلی ئەنجومەنی ستراتیژییەکان ببێتە گرێیەکی ئاڵۆزی دیکەی بەغدا و، ریسمانەکە بکاتەوە خوری!. هەمووی هەڵوەشێتەوە. ئەمە ئەگەر ئاڵۆزی باری دانیشتووانی کوردی ناوچەکانی نەینەوا (موسڵ) و کەرکووك و دیالاشی بخەینە سەر، کە بەرەو گەرمبوونی گۆڕەپانەکە دەچێت.

٩- لەنێوان هەموو ئەو گرفت و کێشانەدا باری ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانی سەراسەری عێراق دێتەپێش. بێکاران کاریان دەوێ، بێ خانوومانان خانوویان دەوێ، قوتابخانە و نەخۆشخانەی تازەیان دەوێ، ئاو و کارەبا و چاککردنەوەی رێگا و بانیان گەرەکە.

و، چی و چی، واتە: داخوازی و مافە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان لە مانگرتن و بێزاری دەربڕین و خۆپیشاندان و شێوازی دیکەی دەربڕیندا دەبیننەوە.

**(٢)**

سەرباری ئەو کێشە و گرفتانە چەندین بابەتی لە سنووری عێراق و فراوانتر، لە پێشدان، یەك لەوانە: گۆڕانی کەشوهەوای سەر ئەرزە، یەکێکی دیکە شێوەی یەکلابوونەوەی بارودۆخی نێو خۆی و وڵاتی ئێرانە و راستەوخۆ کاریگەری لەسەر عێراق دادەنێت.

**(٣)**

دەبێت دەرەنجامی ئەو هۆکارانە بە کوێمان بگەیەنێت؟!

چۆن لێکیدەدەمەوە، هەر بەو ئەنجامە دەگەم کە تەمەنی ئەم حکومەتەی فیدرالی ئێستای عێراق کورت دەبێت و، دوا چارەسەر هەر لە بەرێوەچوونی هەڵبژاردنێکی دیکەی پەرلەمانی دەبینینەوە. کە هەمان دەرەنجامەکە بەر لە (٧) مانگ هاتووەتە سەر زار...





# حکومەتی داهاتووی عێراق لەنێوان تەوافوقی سیاسیی و گۆڕانکاری لەباری ژیانی عێراقییەکاندا

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو شێوەیە لە کوردستان دەڕوانێت کە رۆڵێکی بنیاتنەر و ئیجابی دەبینێت لە وڵاتەکەدا و بەشدارە لە هێنانەدی سەقامگیریدا**

**پێویستە بونیادنانەوەی وڵات و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتیان بکرێت بە ئەولەوییاتی کارەکان**

**ماوەیەکی زۆر کورتە دەستمان بە شۆڕشی ئافرەتان کردووە سەرکەوتووش بووین**

**ئەم حکومەتە حکومەتێکە جێگەی تموح نییە، بەڵام حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانییە**

بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەی پێیانوایە پێشوەختە سەرنج و تێبینیان لەسەر ئەدای حکومەتی داهاتووی عێراق هەیە بەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق ئەو حکومەتە نابێت کە جێگەی ئومێد بێت و توانای ئەوەی هەبێت لە ئاستی خواستی عێراقییەکاندا بێت، بەڵام راستیەك هەیە دەبێت لەبەرچاوی بگیرێن، ئەویش ئەوەیە دوای سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی هەستدەکرێت گۆڕانێك بەسەر بیرکردنەوەی لایەنە سەرەکییەکانی عێراقدا و تارادەیەکی زۆر بۆیان روونبۆوە کێشە سیاسییەکانی عێراقی پێ جێبەجێ ناکرێت و تەنیا رێگە کە بتوانن لەچوارچێوەی عێراقدا پێکەوە بژین رێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنە، هەروەها سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداش، دوای ئەوەی نوری مالیکی وەرەقە ١٩ خاڵییەکەی فراکسیۆنی هاوپەیمانییە کوردستانییەکانی پەسەند کرد، ئەمەش واتە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و ماددەی ١٤٠ دەبێتە یەکێك لە ئەجێندا سەرەکییەکانی حکومەتی داهاتووی عێراق، لەلایەکی دیکە تواندنەوەی بەستەڵەکی کێشە و ناکۆکیە سیاسییەکانیش زەمینەیەکی لەبارتر درەخسێنێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان بتوانن هەنگاوی زیاتر هەڵبگرن، سەبارەت بە مەزندەکان بۆ عێراق لە ساڵی داهاتوودا پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوا بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای کارینجی و تایبەتمەند لەسەر دۆسێی عێراق، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (عێراق دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە کە لەساڵی نوێدا هاوکێشەکە لەو سیاسەتەوە بگۆڕێت کە پەیوەستە بەوەی —کێ هەڵدەبژێردرێت، کێ حکومەت پێکدەهێنێت، کێ چ وەزارەتێکی بەردەکەوێت-بۆ ئەو سیاسەتەی پێوەندیدارە بەوەی پێویستە چ شتێك ئەنجام بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەرە زەحمەتەکانی وڵاتەکە. ئەگەر حکومەتی عێراق جەخت لەسەر ئەم کێشانە بکاتەوە-رەخسانی هەلی کار، دابینکردنی خزمەتگوزاری، پەرەپێدانی پیشەسازی نەوت، چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنانی نەوت، ئەوا دۆخەکە بەرەوپێشچوون بەخۆوە دەبینێت. ئەگەر سیاسییەکان بەردەوام بن لەسەر ململانێی دەسەڵات لەنێو خۆیاندا، ئەوا ئاڵۆزییەکان بەرەو هەڵکشان دەچن و ئێش و ئازاری خەڵکیش بەردەوام دەبێت. لەبەر ئەوەی تەنیا ئەو کاتە حکومەت دەتوانێت خزمەتگوزاری باشتر دابین بکات ئەگەر دۆخێکی ئەمنی بەرەوپێشچوون لە ئارادابێت. تەنیا ئەو کاتەش دۆخی ئەمنی بەرەوپێشدەچێت کە حکومەت بەشێوەیەکی بەربڵاو نوێنەرایەتی هەمو لایەك بکات، بە چەشنێك هەموو گروپەکان بە رەنگدانەوەی خۆیان بزانن و کەس و لایەنە رادیکاڵەکانیش گۆشەگیربکرێن. ئەگەر سیاسییەکان بەردەوام بن لەسەر ململانێی دەسەڵات لەنێو خۆیاندا، وەك ئەوەی چەند مانگێکە بەم شێوەیە رەفتار دەکەن، ئەوا دۆخی ئەمنی خراپتر دەبێت، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانیش پشتگوێ دەخرێت و ئاڵۆزی سیاسی بەرەو هەڵکشان دەچێت)).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق، خاتوو مارینا ئۆتاوا لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی: (ئەوەی من گوێبیستی دەبم، ئاماژەیە بەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو شێوەیە لە کوردستان دەڕوانێت کە رۆڵێکی بنیاتنەر دەبینێت. تورکیا پێوەندی زۆر باشی لەگەڵ کوردەکاندا دامەزراندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێوەندی زۆر باشیشی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بنیاتناوە. هەروەها رۆڵێکی ئیجابی دەبینێت لە وڵاتەکەدا و بەشدارە لە هێنانەدی سەقامگیریدا)).

تێڕوانینەکانی خاتوو مارینا لەگەڵ ئەوەی جۆرێك ئومێد و گەشبینی بۆ داهاتووی لێ دەخوێنرێتەوە، عێراق بەڵام ئەم ئومێد و گەشبینیەی مەرجدار کردووە بە گۆڕینی تێڕوانینی سیاسییەکانی عێراقەوە.

## حکومەتی داهاتووی عێراق شوێنێك بۆ تاقیکردنەوە

جەمال بەتیخ نوێنەری پارێزگای واست لەسەر لیستی ئەلعراقیەو کاندیکراو بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت و پڕکردنەوەی پۆستەکانی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ، لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی کردوو وتی: (مەسەلەی حکومەت کەوتە ژێر ئیستحقاقاتەکانی هەڵبژاردن و سەبارەت بە کاندیدەکانیش ئەوەی راستی بێت کاتی پێویست بەدەستەوە نەبوو بۆ سەرۆك وەزیران بۆئەوەی «سی ڤی»یەکانیان بخوێنێتەوە. هەربۆیە بەڕای من لەبەر نەبوونی کات ئەم حکومەتە دەبێتە کێڵگەی تاقیکردنەوە (حقل تجارب) لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاوە مەسەلەکە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شیاوی نەبووە، بەڵکو لەچوارچێوەی مۆڵەتێکی دەستووری دیاریکراودا، کاتەکەی تێپەڕی. سەبارەت بە هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریش، وەزارەتی بەرگری بە لیستی «عێراقیە» دراوە، وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نەتەوەیی-ش بە لیستی «هاوپەیمانی نیشتمانی» دراوە. پرۆسەکەش بەکلاکراوەتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە کەسایەتییەکان بێلایەن بن، لیستی «عێراقیە» «فەلاح ئەل نەقیب»ی کاندیدکردووە بۆ وەزارەتی بەرگری، ئەمە وێڕای چەندین کاندیدی تر. «هاوپەیمانی نیشتمانی»ش ژمارەیەك کاندیدی دەستنیشانکردووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نەتەوەیی)).

وێڕای ئەمانەش نوێنەری لیستی ئەلعراقیە رەشبینی خۆی بەرامبەر ئەم حاڵەتە پیشان نەداو سەبارەت بە مەزندەکانی بۆ داهاتووی حکومەتی عێراق لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتی: (ئامانجەکە بریتییە لە بونیادنانەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. هەربۆیە، بۆئەوەی ئەم حکومەتە لە حکومەتی پێشوو جیاواز بێت، پێویستە بونیادنانەوەی وڵات و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتیان بکرێت بە ئەولەوییاتی کارەکانی. هەربۆیە، پێویستە لەماوەی ٦ مانگی یەککەمدا ئەم چەند سیمایە دەرکەوێت، سەبارەت بە پێوەندی نێوان هەرێم و بەغداش، ئێستا سەرۆك وەزیران وەرەقە ١٩ خاڵییەکەی هاوپەیمانی کوردستانی ئیمزا کرووە و ئێستاش لەسەر ئەو بنەمایە وتووێژ و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت)).

## ئافرەتانی عێراق داوای پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران دەکەن

لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا، یەکێك لەو کەموکورتیانەی وەك رەخنە ئاراستەی کابینە تازەکەی نوری مالیکی کرا، ئەوەبوو لەم کابینەیەدا هیچ پۆستێك بۆ ئافرەتان دیاری نەکرابوو، سەبارەت بەم پرسە خاتوو ئینتیسار حەسەن پەلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا لە هاوپەیمانی نیشتمانی لە لێدوانێکی تایبەتدا بەم راپۆرتەی راگەیاند و وتی: (بەڵێ، لەم پێکهاتە تازەیەدا کابینەی حکومەت ناوی ئافرەتانی تێدا هەیە و بەڕێز سەرۆك وەزیران بەڵێنیدا و وتی ئەگەر وەزارەت بە ئافرەتان نەدرێت ئەوە هەرگیز

ناڕواتە تەلاری پەرلەمان)).

ئەمــەش مانــای ئەوەیە یەکدوو پۆســتی وەزاری دەدرێت بە ئافرەتان، بەڵام پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئافرەتانی عێراق بەم ڕێژەیە ڕازی دەبن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا خاتوو سەفیە سوهیل پەرلەمانتاری عێراق بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵانی دایەوە و وتی: ((ئێمە دەناڵێنین بە دەست نەبوونی کولتووری دیموکراسی، ئێمە پێویستیمان بە کولتووری دیموکراسی هەیە، بەڵام نەك لەسەر ئاستی گەلی عێراق، ئاستی کولتووری دیموکراسی لەلای گەلی عێراقی زۆر بەرزترە لە ئاستی کولتووری دیموکراســی لەلای بەرپرسەکان. لەبەرئــەوەی زۆربەی بەرپرســەکان یان بە ڕووداو (صدفــە) یــان بە بەخــت تێکەڵی ژیانی سیاســی بوونە، یان لەبەرئەوەیە کە هەندێك لە پارتە سیاسییەکان دەنگێکی زۆر بەدەســت دێنن و ژمارەی ســەرکردایەتیی پارتەکەیــان بــەس نییە، هەربۆیــە دەڕۆن خەڵکــی تر دێنن لــە زاوا و ئامۆزا و برا و خوشــك و هاوســەر و کوڕی پوور، ئەمەیە کێشەکەی ئێمە. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و کولتووری دیموکراسی پێویستیی بە کارکردن هەیــە لەلایــەن هەمووومانــەوە، کۆمەڵگە و دەوڵــەت و میدیــاکان و بیرمەنــدەکان، پێویســتە لەسەر هەموومان بۆ ئەم مەبەستە کاربکەین و تا پێمان بکرێت هەوڵ لەپێناوی بدەیــن و بەراســتگۆیی و ڕاشــکاوانە ڕاو بۆچوونەکانمان دەربڕین. پێموایە مەسەلەی بەشداری ئافرەتانیش لەم چوارچێوەیە بەدەر نییــە و ماوەیەکی زۆر کورتە دەســتمان بە شۆڕشی ئافرەتان کردووە، سوپاس بۆ خوداش سەرکەوتوو بووین و وتارەکەمان زۆر نایاب بوو لە ڕۆژی بەخشینی متمانەیی بە حکومەت، وتمان ئێمە وەك بەزەییەك بە گەلی عێراقی متمانەییتــان پێ دەبەخشــین لەبەرئەوەی نامانــەوێ ببینە هۆکارێــك بۆ دواکەوتنی پرۆســەی پێکهێنانی حکومەت و پاشــان داواکارییەکانی خۆمان پێشکەشکرد. پێموایە ئەمەیە کولتووری دیموکراسی، مەبەستم لە وەرگرتنی ئەم جۆرە هەڵوێســتانە. پەرلەمان چییە؟ پەرلەمان کەســانێکی ڕۆشــنبیری تێدایــە، هەروەهــا کەســانێکی لێهاتوو و شــیاوی تێدایە، لەگەڵ چەندین کەسایەتی کــە هەندێکیان گروپ و پارتی لە پشــتە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا زۆربەیان پێویستییان بە ئامادەکردن و پەرەپێدان و تێگەیاندن هەیە لەبارەی کاری دیموکراسی. چاوەڕوانی چی لە کۆمەڵگەیەك بکەین کە هەمیشە ڕاهاتبوو لەســەر تاکە حزب و ئایدیۆلۆژیای شمولی لەگەڵ تێنەگەیشــتن لە کەسی بەرامبەر؟ بەڵام پرۆسەکە پێویســتیی بە کات هەیە و پێویســتە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشــەوە بڕوات، ســوپاس بۆ خودا ئەمڕۆ هاووڵاتیان گوێ لە کەسانی بەرامبەر دەگرن، لەیادمە لە پەرلەمانی پێشــوودا هەمیشــە وشەی «نەخێر» بەکاردەهێنرا، بەبێ ئەوەی کەسەکان داوای مۆڵــەت بکەن و بڵێن «ببورە، نەخێر، بەڵام ئەمەیــە بۆچوونی من»، یەکســەر وشەی «نەخێر» لەســەر زاریان بوو. بەڵام ئێستا شتەکان بەرەو باشتر دەڕوات و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕوات و مەسەلەکە پێویســتیی بە کات هەیە. بــەڵام بەداخەوە کارەســاتەکە لەوەدایە کە ئەمڕۆ ســەرکردە سیاسییەکان دەکەونە هەڵەوە لەبارەی هەندێ لە چەمکەکان، بۆ نموونــە من لێرەدا باس لــە ئافرەت دەکەم، ئەمڕۆ لەبارەی هەبوونی ئافرەتان لە پۆستەکاندا ناکرێ وەك ئافرەتێك چاوەڕوانــی خەڵکی تر بــم کارم بۆ بکەن، بەڵکو پێویســتە خۆم دەستپێشخەربم و خۆم دەســت پێبکەم و جەخت بکەمەوە لەســەر سیســتەمی دیموکراســی. پێویســتە لە پۆستەکەی خۆمەوە هەوڵبدەم، تەنانەت گەر ســەرۆك بم یان ســەرۆك پەرلەمان بم یان ســەرۆك وەزیران، ناکرێ پێشنیار پێشکەشی ئەوانی تر بکەم و چاوەڕوان بم ئەوان کاندیدم بۆ دەستنیشــان بکەن. بەڵکو پێویستە خۆم کاندیدەکان پێشــکەش بکەم و داخوازییەکان بخەمەڕوو، بەڵام نەك بەشــێوازی پاڕانەوە و تــکا، بەڵکو بەشــێوازی جەختکردنەوە و پێداگرتن. لەبەرئــەوەی ئەمەیە کولتووری دیموکراســی. بــەڵام کێشــەی ئەمڕۆمان بریتییە لەوەی کە پرۆســەی سیاسی کاری پێدەکرێت لەســەر بنەماکانی دۆستایەتی و موجامەلەی سیاســی لەگەڵ چاوپۆشــین لە کارە گەندەڵییــەکان لە دزی و گەندەڵی و ئیســتیغلالی پۆســتەکان و لێپرســینەوە و لێکۆڵینــەوە نییە. پێویســتە ئەم شــتە نەمێنێت.

زۆر ئاساییە ئەگەر پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران بە ئافرەت بدرێت. هەروەهــا پێموایــە کە پێویســتە وەزارەتی ئافرەتان لە «محاصصە» دەربکرێت لەنێوان سیاســییەکان، هاوشــێوە لەگــەڵ وەزارەتە ئاسایشــەکان. پێموایە ڕێژەیــەك کە کەمتر نەبێت لە ٢٥٪ لە ئافرەتانی لێهاتوو و شیاو



مارینا ئۆتاوا بۆ گوڵان:

**عێراق لەساڵی نوێدا دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە کە هاوکێشەکە بگۆڕێت بۆ ئەو سیاسەتەی بەوەی پێویستە چ شتێک ئەنجام بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەرە زەحمەتەکانی وڵاتەکە**



سەفییە سوهێل بۆ گوڵان:

**بەداخەوە لە دانوستانەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان ڕێگەیان نەدا ئافرەت ئامادەبێت. بۆیە هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکەم لە هاوبەشینەکردنی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق**

کاندیدبکرێــن بۆ وەزارەتــەکان، لەبەرئەوەی بەپێچەوانەوە دەبێتە مایەی فەرامۆشکردنی رۆڵــی ئافرەتان لە حکومەتــی نوێ و ئەم کێشــەیەیش پێویســتیی بە هەڵوەستەیەك دەبێت لەپێناو چاکسازی و چارەسەرکردنی. حکومەت بەرپرسیارە لەو فەرامۆشکردنەی کــە دووچاری ئافــرەت و رۆڵــی بووە لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ و ئەمە شتێکی زۆر ترسناکە و ناکرێ لەسەری بێ دەنگی بنوێنین.

پێموایە کە پێویستە هەردووك لە پۆستەکانی جێگری ســەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك وەزیران بــە ئافرەتان بدرێــت، لەبەرئەوەی فەرامۆشــکردنی رۆڵی ئافرەت لە بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت هێمایەکە بۆ شکستهاتنی پرۆسەی سیاسیی دیموکراسی لە عێراق. ئەمڕۆ ئافرەتان پێکهاتەی زۆرینەن لە عێــراق کە رێژەکەی دەگاتە ٦٠٪، بەڵام وێڕای ئەوەش فەرامۆشکراوە و دوورخرایەوە لە دانوستانەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان و رێگەیان نەدا ئافرەت ئامادەبێت. هەســت بە نیگەرانییەکــی زۆر دەکەم بەهۆی نەبوونی ئیرادەیەکی سیاســی کە پاڵپشتی بکات لە هاوبەشکردنی ئافرەتی سیاسی لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق)).

ئــەم چەند لایەنە تێڕوانینی لایەنە عێراقییە جیــاوازەکان بوو بۆ حکومەتــی داهاتووی عێراق. لایەنێکی دیکە کە تاراددەیەکی زۆر تێڕوانینی دەوڵەتی یاســا بۆ ئەم حکومەتە بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز عەلی شــەلا پەرلەمانتاری لیســتی دەوڵەتی یاســا کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گــوڵان دەربڕی و وتی: (هەرچەندە ئەم حکومەتە حکومەتێکە جێگەی تموح نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتێکی شەراکەتی نیشــتمانییە بەشــێوەیەکی پۆزەتیڤانــە کاریگەریی لەســەر رەوشی ئاسایش دەبێت. لەبەرئــەوەی هەموو لایەنە جیــاوازەکان لە کابینەی حکومەتــدا ئامادەبوونیان هەیە و پێویســتە ئەم لایەنە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ بەکاربهێنرێت لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ ئیحتواکردنیان بۆئــەوەی نەکەوێتە مەودایەکی فراوانتر. لەســەر ئەم بنەمایەش ئێمە هەست بە گەشبینی دەکەین، لەبەرئەوەی نالەباری رەوشی ئاســایش کە لەماوەی ٢ ساڵی یەکەمی حکومەتی پێشوودا رێگرێك بوو لەبــەردەم حکومــەت، هەربۆیە ئەمڕۆ حکومەت لە ســفر-ەوە دەســت پێ ناکات، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ رەوشی ئاسایش لەجاران باشترە و هەروەها حکومەت هیچ پاساوێکی نابێت بۆ کەمتەرخەمی لەبەرئەوەی مەفروزە ئێســتا خاوەن ئاســۆیەکی فراوانتر بێت بۆ کارکردن و هەروەها لەبارەی رەوشی ئاسایش-یش. لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکــەم ئەوەیــە ئێمە دەبێــت پێش هەموو شــتێك ئەوە بزانین، جگە لە چارەسەرکردنی کێشەکان هیچ رێگەچارەیەکی ترمان نییە. پێویستە هەموومان پێکەوە کاربکەین لەپێناو چارەســەرکردنی کێشــەکان. پێموایە ئەمە شتێکی ئاساییە کە لەگەڵ هەر پێکهاتەیەکی نوێ لە پرۆســەی سیاسیدا کێشە و گرفت بێتە ئاراوە، بەتایبەتــی لەبەرئەوەی عێراق دەرچــووە لەژێر دەســەڵاتێکی مەرکەزی و ستەمدار و دیکتاتۆر. هەربۆیە، ئەوە شتێکی پێشــبینیکراوە کە هەندێ کێشــە و گرفت بێتە ســەر رێگامان، بەڵام بــە حیکمەتی بەڕێز «نوری مالیکی» و بەڕێز «مسعود بارزانــی» و بەڕێــز «جــەلال تاڵەبانی» و لەگەڵ ســەرکردەکانی تــر، پێموایە کە دەتوانین کێشــەکان ئیحتیوابکەین و هەوڵی چارەســەرکردنیان بۆ بدەین، بەشێوەیەك کە لــە بەرژەوەندیی هەرێــم و عێراق-یش بێت بەشــێوەیەکی گشــتی. هیچ پێکدادانێك نابینــم لەنێــوان بەرژەوەندییەکانی هەرێم و بەرژەوەندییەکانــی عێراق، لەبەرئەوەی هیچ گومانێك لەوەدانییە کە بەرژەوەندیی بەشێك لە گەلی عێراقی یــەك دەگرێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانــی تێکــڕای پێکهاتەکانی عێراق)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا سەبارەت بە پێوەندی و کێشــە هەڵواســراوەکانی نێــوان هەرێم و بەغدا، عەلی شــەلا لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتی: (ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە و بەڕێز ســەرۆك وەزیــران تەنانەت لە وتارە وەزارییەکەشــیدا جەختی لەســەر کردەوە. ئێســتاش تێڕوانینێکی بــاو و پۆزەتیڤ لە حکومەت و لە پەرلەمانیش هەیە کە هەموو قەوارە سیاسییەکان تێگەیشتنیان بۆی هەیە. هەربۆیە، بەڕای من هیچ ترســێك لەئارادا نییە لەبارەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. پێموایە ئەم جارەیان کەشــوهەوای دروســت رەخساوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، نــەك تەنیا لــە کەرکوك، بەڵکــو لەهەموو پارچەکانی عێراق)).

هەروەها سەبارەت بەچۆنیەتی چارەسەرکردنی نەبوونــی ئافرەت لــە کابینەکــە لەکاتی راگەیاندنــی حکومــەت و پڕکردنــەوەی ئەو بۆشــاییە لە باری ئێستا، عەلی شەلا بەگوڵانــی راگەیاند: (کاتێك مەســەلەکە بێتە ســەر بەشداری ئافرەتان، پەرلەمانتار و سیاسەتوانی عێراقی کێشەی ئیزدیواجییەتیان هەیە، لەبەر ئەوەی سیاسەتوانەکان لە پشت پــەردەکان و بەبــێ ئامادەبوونــی ئافرەتان بڕیــارەکان دەردێنن و کاتێــك دەکەونە پێش کامێراکان لەبــەردەم ئافرەتان رادەوەســتن، تەنانەت ســەرکردەی قەوارە سیاسییەکان و ئەو کەسانەش کە ئافرەتیان فەرامۆشکردووە موزایــەدە دەکــەن، ئەمــە لەڕاســتیدا ئیزدیواجییەتێکــی ئاشــکرایە. هەربۆیە، پێویســتە ئەم نەریتە ببەزێنین لەبەرئەوەی ئافرەت نەك کــە نیوەی کۆمەڵگەیە، بەڵکو بەهۆی جەنگ و کارە گەمژانەکانی سەدام ئەمڕۆ رێــژەی ئافرەت لەنیــوە تێپەڕییە. رێژەی ئافرەتــان نزیکەی ٦٤٪ـە لە رێژەی دانیشتووانی عێراق. بەداخەوە، لە حکومەتی پێشــوودا ٤ وەزیــری ئافرەتمــان هەبوو، هیواداربووین لــە حکومەتی نوێ ژمارەی ئافرەتی تیا زیاتربێت، بەڵام بەداخەوە ئەم شتە وەدینەهێنرا. هەروەها دەستپێشخەرییەك هەیە لەلایەن ئیئتیلافی کوردستانی کە ئافرەتێکی وەزیریــان هەیــە، هاوکات لــە ئیئتیلافی نیشــتمانی ٢ ئافرەت هەیە کە ســوێندیان خوارد، هەروەهــا بەڕێز «مالیکی» داوای لە «ئیئتیلافی نیشتمانی» کرد وەزیرێکی ئافرەت بەشێوەیەکی دیموکراسییانە هەڵبژێرن. بەڕای من ئەمــە هەنگاوێکی پۆزەتیڤە و هیوادارم رەنگدانەوەی لەسەر برایانمان هەبێت لە لیســتی «عێراقیە» بۆئەوەی ئەوانیش وەزیرێکی ئافرەت هەڵبژێرن)).

## ئێستا عێراق و ئەفغانستان کاریگەریان لەسەر رای گشتی ئەمریکا نییە

لایەنێکــی دیکە لــەم هاوکێشــەیەدا کە هەموو کات حســابی وردی لەســەر کراوە، کاریگــەری رای گشــتی ئەمریــکا بووە لەســەر سیاســەتی ئەمریکا لــە عێراقدا، بەڵام لەبەر ئەوەی بانگەشــەی ئەمجارەی ئۆباما لــە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێســدا پەیوەست بوو بە سیاســەتی دیموکراتیەکان لەناوخۆی ئەمریکادا، بۆیە ئێســتا عێراق و ئەفغانستان وەك پێشــان لەناو رای گشتی ئەمریکادا کاریگەریان نییە، ســەبارەت بەم لایەنە پرۆفیســۆر هومام سەدری ئوستادی زانســتی سیاســەت لەزانکۆی ناوەڕاستی فلۆریدا و تایبەتمەند لەســەر کێشەی عێراق

**حکومەت هیچ پاساوێکی نابێت بۆ کەمتەرخەمی، چونکە ئەمڕۆ رەوشی ئاسایش لە جاران باشترە**

**هاووڵاتیانی ئەمریکا نایانەوێ رۆڵەکانیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەسەر خاکێکی بیانیدا بمێننەوە**

**ئەو باڵانسەی کە ئەمڕۆ درووست بووە زۆر باشترە لەو باڵانسەی کە لە حکومەتی پێشوودا هەبوو**

**سەرۆک وەزیران وەرەقە ١٩ خاڵییەکەی هاوپەیمانی کوردستانی ئیمزا کرووە و ئێستاش لەسەر ئەو بنەمایە وتووێژ و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت**

و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاخاوتنێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: ((پرسیارێکی زۆر لەجێیە. سەبارەت بە سەرۆك «ئۆباما»، هەڵبەتە ئاشکرایە سەرۆك «ئۆباما» ڕووبەڕووی تەحەددای گەورە بۆتەوە بەهۆی هەڵبژاردنەکان، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمجۆرە دیاردانە شتێکی هەر زۆر ئاساییە، لەبەرئەوەی لەمیانی هەڵبژاردنەکاندا پارتی سیاسیی بەرامبەر دەرفەتەکە بۆخۆی دەقۆزێتەوە و هەندێ سوودمەند دەبێت. هەربۆیە هەست بە سەرسوڕمانی ناکەم لەسەر ڕوودانی ئەمجۆرە شتانە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە ئایا تێوەگلانەکەی ئیدارەی سەرۆك «ئۆباما» چی بووە. پێموایە تێوەگلانەکە زیاتر پەیوەستە بە سیاسەتی ناوخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی سیاسەتی دەرەوە. لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوە سەبارەت بە سەرۆك «ئۆباما» بریتییە لە تێڕوانینی پارتەکەی، پارتی دیموکراتەکان لەگەڵ تێڕوانینی پارتی کۆمارییەکان. ئەم شتەش بە ڕوونی دیارە بەتایبەتی لەبەر بارودۆخی عێراق، دەبینین لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕانکاری زۆر ئەنجامدراوە و سازشبوونێکی زۆر بەرچاو پێشکەشکراوە، شتێك لەبارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە و پێویستە باش تێی بگەن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ پاڵپشتییەکی بەردەوام و درێژخایەن نییە. هەربۆیە ئەو شتەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیکات بریتییە لە دابینکردنی پاڵپشتی بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر مەشق و ڕاهێنان بە دانیشتوانی لۆکاڵ لە وڵاتان بۆئەوەی ببنە خاوەن شارەزایی و لێهاتوویی، پاشان بەخۆیان دەسەڵاتەکان لە دەست دەگرن و حکومەت و وڵاتەکەیان بەڕێوەدەبەن. هەربۆیە، ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو هەستەی هەیە کە ئەو پێشوەختە پاڵپشتیی لە عێراق کردووە و سەرچاوەکانی بۆ دابینکردووە، بۆ نموونە، ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان و ڕێپیشاندان لەبارەی چۆنیەتی حوکمڕانی و چەسپاندنی سەقامگیری و ئارامی، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە نە عێراق و نە کورد-یش خوازیارنین سەربازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە عێراق-دا بمێننەوە. ئێوە ئەو شتەتان ناوێت، هاوکات ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ئەم شتەیان ناوێت، لەبەرئەوەی هاووڵاتیانی ئەمریکا نایانەوێ ڕۆڵەکانیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەسەر خاکێکی بیانیدا بمێننەوە. .سەبارەت بە پێگەی هەرێمی کوردستانیش لەم هاوکێشەیەدا کە من زۆر پێمخۆشە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە بەڕای من کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاو بۆچوونی جیاوازی لەسەر کورد هەبوو بەتایبەتی پێش سەرکەوتنی گۆڕانکارییەکانی عێراق، مەبەستم پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام و گۆڕینی بە حکومەتێکی جیاواز. پێموایە جوانترین شت ئەوە بوو کە سەرکردەکانی کورد لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سەلماندیان کە دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر پۆزەتیڤانە بگێڕن لەڕێگەی ئەو ڕۆڵە میانڕۆییەی (معتدل) کە دەیانگێڕا و وەك دەڵێن دارەکەیان لە ناوەڕاستدا گرتبوو، بەشێوەیەك کە ئامادەباشییان تێدا هەبوو بۆ سازشبوون و هەروەها هەندێکجار ٢ لایەنیان پێك دەگەیاند. هەربۆیە دەتوانم بڵێم کە ئەمڕۆ وێنەی سەرکردەکانی کوردی عێراق لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەجاران زۆر پۆزەتیڤترە)).

دوای ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنانە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر سەدری کرد سەبارەت بە تێڕوانیەکانی بۆ حکومەتی عێراق لەساڵی داهاتوودا، لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (بەڕای من ساڵی ٢٠١٠ ساڵێکی زۆر باش بوو بۆ عێراق، لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا توانرا ڕێککەوتن ئەنجامبدرێت لەبارەی پێکهێنانی عێراق. هەواڵمان بیستووە لەبارەی پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنی وەزیرەکان و پێموایە ئەمە پێشکەوتنێکی زۆر زۆر بەرچاوە، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و سەیرێکی لیستی کەسەکان بکەین کە بۆ وەزارەتەکان هەڵبژێردراون دەبینین سازشبوونێکی زۆری پێوە دیارە، لیستەکە ئەوەمان پیشان دەدات کە ژمارەیەك پۆست بە کوردەکان دراوە کە پێکهاتەیەکی عەلمانیە، هاوکات هەندێك لە پۆستەکانی تر دراوە بە شیعە و هەروەها بۆ عەرەبی سوننەش. هەربۆیە، بەڕای من ئەو باڵانسەی کە ئەمڕۆ درووست بووە زۆر باشترە لەو باڵانسەی کە لە حکومەتی پێشوودا هەبوو. هیوا دەخوازم ئەمە ببێتە نیشانەیەکی باش بەرەو سەقامگیریی حکومەتی نوێ)).


جەمال بەتیخ بۆ گوڵان:

**حکومەتی ئەمجارەی عێراق لە کێڵگەی تاقیکردنەوە دەچێت، لەبەر کاندیدی پۆستە وەزارییەکان کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شیاوی نەبووە**


عەلی شەلال بۆ گوڵان:

**هیچ ئاستەنگێک لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نییە، پێموایە ئەمجارەیان کەشوهەوای دروست ڕەخساوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان**


هومام سەدری بۆ گوڵان:

**ئەمریکا لەگەڵ پاڵپشتی بەردەوام و درێژخایەن نییە. ئەوەی ئەمریکا دەیکات، پاڵپشتیکردنە بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر مەشق و بۆئەوەی پاشان بەخۆیان حکومەت و وڵاتەکەیان بەڕێوەدەبەن**



**دەیڤید ئێڵ فلیپس بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانە لەسەر دوورخستنەوەی تەنگژە و بونیادی ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکا لەواشنتۆن و توێژەرە لە سەنتەری دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا، دەیڤید فلیپش وەك راوێژکاری سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کاریکردووە و هەروەها راوێژکاری باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش بووە بۆ کاروباری دەرەوە و لەبواری کاری ئەکادیمیشدا چەندین پۆستی جیاوازی وەرگرتووە، لەوانە توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد و ئێستاش جێگری بەڕێوەبەری ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە و سەنتەری رێگرتن لە تەنگژەکانەو ماوەیەکیش لە ئەکادیمیای دیپلۆماتی ڤیننا پرفیسۆر بووە، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری ئەوروپا بۆ زەمینەی هاوبەش و بەڕێوەبەری ئامۆژگای توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان بووە**

**گوڵان:** ساڵی ٢٠١٠ بۆ عێراقییەکان ساڵی هەڵبژاردنەکان بوو، هەروەها ساڵی قەیرانی سیاسی بوو. هەربۆیەش دەتوانین بڵێین ساڵی گرفتەکانیش بوو بۆ عێراق، بەڵام لەکۆتایی ساڵەکەدا خۆشبەختانە خەریکە حکومەتی نوێ پێکدەهێنرێت. تاچەند باوەڕت بە حکومەتی نوێ هەیە کە بتوانێت گۆڕانکاری ئەنجامبدات لەبارودۆخی عێراقدا لەساڵی داهاتوودا؟

**دەیڤید فیلیپس:** ئەوە شتێکی باشە کە حکومەتێکی یەکگرتوو و بەشداری هەمووان لە عێراقدا هەیە. بەڵام پێویستە ئەم حکومەتە بە کردار و لەسەر ئەرزی واقیع خۆی بسەلمێنێت، لەبەرئەوەی ئێستا عێراق خاوەن چەندین کێشە و گرفتی گەورەیە و هەر بەم کێشەو گرفتە گەورانەشەوە پێدەنێتە ساڵی داهاتوو، هەر بۆیە لەسەر پێکهاتەکانی عێراق پێویستە کە هەموویان پێکەوە کاربکەن لەپێناوی ئاراستەکردنی کێشەکان بۆ چارەسەرکردن و لەپێناوی سەرکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و سەرکەوتنی حکومەتەکە لە داهاتوودا، بێگومان ئەم پرۆسەیەش پێویستیی بە سازشکردن و قوربانیدان هەیە. بەڵام لە بواری نەرمی نواندن و چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەی کۆمپرۆمایز عێراقییەکان ئەزموونێکی باشیان نییە، هەربۆیە ئەگەر ئێستا بەنیازبن پرۆسەکە بەرەو پێشەوە بەرن، ئەوا دەبێت هەر لە ئێستاوە دەست بەنەرمی نواندن و پرانسیپی کۆمپرۆمایز بکەن.

**گوڵان:** تۆ پێتوایە حکومەتی نوێ بتوانێت لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری سەرکەتوو بێت؟

**دەیڤید فیلیپس:** بەڕای من لە ساڵی داهاتووشدا لە عێراق توندوتیژی بەردەوام دەبێت بە هاوشێوەی ئەمساڵ (٢٠١٠). بەڵام ئەم توندوتیژییە بەو ئاستە نابێت کە ببێتە هۆکاری ئەوەی عێراق لێکبترازێت و ببێتە مایەی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە. بەڵام

## دەیڤید فیلیپس پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر کورد و عێراق و تورکیا بۆ گوڵان:

# دەبێت پێشوازی لە دۆستایەتی تورکیا بکەن، لەبەر ئەوەی تورکیا دانی بەوەدا ناوە کە سەقامگیری و خۆشگوزەرانی هەرێمی کوردستان لەبەرژەوەندی ئەویشدایە

**بۆ ئاشتی لە ئۆسلۆ، پرۆفیسۆر فلیپس یەکێکە لەو ئەکادیمی و دیپلۆماتانەی ئەمریکا کە ساڵانێکی دووروودرێژە کار لەسەر دۆزی کورد بەگشتی و پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقی فیدرالی دەکات و خاوەنی دیراسەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە کە لەساڵی ٢٠٠٢ لە کۆنفرانسی (کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە) پێشکەشی کرد، هەروەها یەکێك بووە لەو ئەکادیمیانەی بەشداری لەکۆنگرەی ماددەی ١٤٠ کردووە لە ئەمریکا و بەم دواییەش بە هاوکاری لەگەڵ ئامۆژگای ترانس ئەتلەنتیك سەرپەرشتی پرۆژەی دیراسەتی ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیای دەکرد، بۆ قسەکردن لەسەر مەزندەکانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١١ گوڵان دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ پرۆفیسۆر دەیڤید فلیپس ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

لەسەر ئاستی مەودای دوور، پێموایە لە داهاتوو ئاستی توندوتیژی لە عێراقدا کەمتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەی دژی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیم، لەبەرئەوەی زیان بە هەموو عێراقییەکان دەگەیەنێت.

**گوڵان:** لەساڵی ٢٠١٠دا جۆرە شکستێك لە سیاسەتی «ئۆباما» دەرکەوت، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس کە تیایدا کۆمارییەکان بوون بە زۆرینە. بەڕای تۆ، ئایا تاچەند بارودۆخە ئاڵۆزەکەی عێراق، لەگەڵ شکستی جەنگی ئەفغانستان، کاریگەریی لەسەر سیاسەتی «ئۆباما» هەبووە؟

**دەیڤید فیلیپس:** هاووڵاتییە ئەمریکییەکان نە بایەخ بە عێراق دەدەن و نە بە ئەفغانستانیش، بەڵکو ئەوان زیاتر بایەخ بە کێشەکانی ئابووری نیشتمانی دەدەن. هەربۆیە تەنیا لە قەیران و کارەساتە گەورەکاندا بارودۆخی عێراق و ئەفغانستان دەبن بە کێشە لەرای گشتی ئەمریکادا، هەربۆیە لەبەرژەوەندیی ئیدارەی ئۆبامادایە کە سەقامگیری لەو دوو وڵاتانەدا بپارێزێت. ئەم کارەش پێویستیی بە دەستێوەردانی زیاتر هەیە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە.

**گوڵان:** ئایا پێتوانیە کە شەڕی عێراق و ئەفغانستان کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئابووریی نیشتمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟

**دەیڤید فیلیپس:** بێگومان لێرەدا کاریگەری دوو جۆرە، ئەگەر مەبەست ئەوەبێت بوونی شەڕی عێراق و ئەمریکا هۆکارێکی سلبی لەسەر ئابووری ئەمریکا دروست کردووە، پێموایە نەخێر کاریگەری دروست نەکردووە، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە لەوەدابێت خەرجی سەربازانی ئەمریکا لەو دوو وڵاتە کاریگەری سلبی هەبووە، دەڵێم بەڵی، هەر بۆیە تەنیا کاریگەری شەڕی ئەفغانستان و عێراق لەسەر ئابووریی نیشتمانی ئەمریکا ئەوەیە کە باجەکان بۆ هەندێ مەبەست و کێشەی ناوخۆیی ئەمریکا کۆدەکرێتەوە، بەڵام لە

**پێویستە حکومەتی عێراق بە کردار و لەسەر ئەرزی واقیع خۆی بسەلمێنێت، هەر بۆیە لەسەر پێکهاتەکانی عێراق پێویستە هەموو پێکەوە کاربکەن**

**لە ساڵی داهاتوودا لە عێراق توندوتیژی بەردەوام دەبێت بە هاوشێوەی ئەمساڵ (٢٠١٠)**

**ئەگەر هات و عێراق و ئەفغانستان سەقامگیر بوون و پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینی، ئەوکات ئیدارەی ئۆباما سەرکەوتن بەدەست دێنێت**

شەڕی ئەفغانستان و عێراق خەرجەکرێن، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرچاوەی دیکەیشی هەیە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی جەنگی عێراق و ئەفغانستان. هەربۆیە ئەگەر هات و عێراق و ئەفغانستان سەقامگیر بوون و پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینی، ئەوکات ئیدارەی ئۆباما سەرکەوتن بەدەست دێنێت و هاوکات هاوولاتیانی ئەمریکاش خۆشحاڵ دەبن.

**گوڵان:** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراقدا، هەرێمی کوردستان تاکە بەشی ئارامە لە وڵاتەکە. هەروەها بەهۆی دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز «بارزانی» بوو کە لایەنەکانی عێراق توانییان بگەنە جۆرە رێککەوتنێک. بەواتایەکی تر، کورد رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پرۆسەی سیاسی عێراق. بەڕای تۆ، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاچەند ئەم رۆڵە گرنگەی کورد لەبەرچاو دەگرێت؟

**دەیڤید فیلیپس:** پشتگیریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کوردەکان شتێکی پێویستە. پێویستە بەرژەوەندیی کوردەکان بکرێت بە ئەولەویاتی کارەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بەڵام بەداخەوە لەوانەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم قۆناغە نوێیەدا پشتگیرییەکەی لەجاران کەمتر بێتەوە. لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چووەتە نێو قۆناغێکی نوێ لە عێراقدا، بۆیە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان رۆڵە مێژووییەکەی هەرێمی کوردستان لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا لەیاد بمێنێت و هەروەها هاندان و هەوڵی هەبێت بۆ بەرەوپێشەوەبردنی هەندێك لەو کێشانەی کە راستەوخۆ پێوەندی بەکوردەوە هەیە، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی شاری کەرکوك و دیاریکردنی سنوورەکان و کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

**گوڵان:** ساڵی ٢٠١٠ ساڵی ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بوو. کە تورکیا بە فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی داوەتکرد، هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا «ئەحمەد داود ئۆغلو» چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. بەڕای تۆ ئایا پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان تاچەند کاریگەریی لەسەر سەقامگیریی عێراق هەبووە؟

**دەیڤید فیلیپس:** ئەوە شتێکی زۆر پۆزەتیڤانەیە کە پێوەندییەکی ئاسایی لەنێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ئارادا هەبێت. پێموایە کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکی لە هەولێر هەنگاوێکی گەورەبوو بەرەو پێشەوە. هەربۆیە ئەمە دەبێتە مایەی دەستپێکردن بە کارەکانی وەبەرهێنان لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراقدا. هەروەها کۆنفرانسەکەی هەفتەی رابردوو لەهەولێر لەسەر خوێندنی باڵا کە تیایدا وەزیری پەروەردەی تورکی ئامادەبوو، هێمایەکی بەهێزە لەسەر هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان هەولێر و ئەنکەرا لە بوارە جیاوازەکاندا، کە یەکێك لەو بوارانەش بواری پەروەردەیە. بەڕای من گرنگە بەڕێز بارزانی پێشوازی لەم هەنگاوانە بکات، سەبارەت بە پێوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیادا. لەهەمان کاتیشدا حکومەتی تورکیا شایستەی ئەو پێشوازیکردنەیە، لەبەر ئەوەی دانی بەو راستییەدا ناوە کە سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستانی عێراق لە بەرژەوەندیی تورکیادایە. لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە حکومەتی تورکیا چەند هەنگاوێکی دەستپێشخەرانەی ناوە لەبارەی ئاراستەکردنی پرسی ناسنامە لەناو تورکیادا، هەروەها کەشوهەوایەکی گونجاوی رەخساند لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەپێناو پاراستنی سەقامگیری لە وڵاتەکەی. ئەم هەنگاوانەش بارودۆخەکەی بەرەو پێشەوە ئاراستە کرد. هەروەها تورکیا پێوەندیی باشی لەگەڵ عێراق هەیە و تا ئاستێکی باش هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ عێراقییەکان دەکات. ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەیە لەلایەن تورکیاوە، هەروەها پێوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکات لەگەڵ عێراق وەك یەك وڵات باشتر کردووە. ئەم هەنگاوانەش سوودی هاوبەشی لەسەر ئاستی ئابووریی بۆ هەردوو لایەن دەبێت بەشێوەیەك کە کاری بازرگانی دێتەکایەوە و لەئاکامیشدا هەردوو لایەن سوودمەند دەبن. لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە بوونی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستاندا، بایەخێکی زۆری بۆ تورکیا هەیە، بەتایبەتی پاش تەواوبوونی هێڵە بۆڕییەکانی «نابوکو»، کە پێویستە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جاران بەهێزتر بێت و بەرەو پێشەوەچوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، لەبارەی پەرەپێدانی کارەکانی هەڵکەنین و دەرکردن و گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە لە کوردستانەوە بەرێگەی تورکیا بۆ جیهان.

**گوڵان:** حاڵی حازر چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا بوونی هەیە، وەك کێشەی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان. بەڕای تۆ ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاچەند پشتگیریی عێراقییەکان دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟

**دەیڤید فیلیپس:** بێگومان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی خۆی پێشکەش دەکات. بەڵام ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کە عێراقییەکان یەك بگرن و پێکەوە کاربکەن و هەماهەنگییان هەبێت لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکەیان. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەتا هەتایە، دەستێوەردان لە کێشەکانی عێراقدا ناکەن، پێویستە لەسەر عێراقییەکان پشت بەخۆیان ببەستن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. ئەگەر هات و عێراقییەکان توانییان ئەم کارە بکەن، ئەوکات دەتوانن پاڵپشتییەکی بەردەوام وەدەست بێنن لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

**گوڵان:** تۆ پێتوایە عێراقییەکان سەرکەوتوو بن لەم مەبەستە؟

**دەیڤید فیلیپس:** گەشبینم کە بتوانن

**گوڵان:** بەڵام کوردەکان ئامادەنین دەست

لە کەرکوك هەڵگرن و هەروەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێداوە کە کەرکوك هێڵی سوورە بۆ کوردەکان و حکومەتی بەغداش هەتا ئێستا ئەو ئامادەباشییەی نەبووە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات. ئایا پێتوایە کە پێویستە لایەنێکی سێیەم لەم کێشەیەدا بوونی هەبێت؟

**دەیڤید فیلیپس:** پێویستە لەنێو لایەنەکانی عێراقدا وتوویژ و گفتوگۆ ئەنجامبدرێت لەبارەی کێشەی کەرکوك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. دەستووری عێراقی بە روونی ئاماژەیداوە لەبارەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. سەرەوەری یاسا بەندە لەسەر هەموو عێراقییەکان کە پابەندی بن، هەروەها پێویستە هەموو لایەنەکان ئەنجامەکان پەسەندبکەن.

**گوڵان:** ئایا پێتوایە کە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووە بۆ دیموکراسییەت و پێکەوەژیان؟

**دەیڤید فیلیپس:** هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. هەموو چاکەکەش بۆ کارئەکتەرە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە. هەرێمی کوردستان نموونەیەکە بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە، کە پێویستە هەموو عێراق بە گشتی لەسەر رێچکەکەی بڕوات. هەروەها کوردستانی عێراق نموونەیەکە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبارەی حکومڕانییەکی عەلمانی و دیموکراسی.

**گوڵان:** حەزدەکەین وتەیەکت هەبێت بۆ خوێنەرانی گوڵان:

**دەیڤید فیلیپس:** پەیامەکەم بۆ خوێنەرانتان پەیامێکی تایبەتە:

هیوای ئاشتی و ئاسوودەییتان بۆ دەخوازم بۆ ساڵی نوێ، هەروەها هیوادارم هاووڵاتیان و حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیریی بەردەوامی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و کوردەکانی عێراق هەبێت. دەیان ساڵە دۆستایەتیمان هەبووە، تەنانەت ئەگەر هەر شتێکیش رووبدات لە عێراقیشدا ئەو دۆستایەتییەمان هەمیشە بەردەوام دەبێت.



**پێویستە بەرژەوەندیی کوردەکان بکرێت بە ئەولەویاتی کارەکانی ئەمریکا لە عێراق**

**کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکی لە هەولێر هەنگاوێکی گەورەبوو بەرەو پێشەوە**

**پێویستە لەنێو لایەنەکانی عێراقدا وتوویژ و گفتوگۆ ئەنجامبدرێت لەبارەی کێشەی کەرکوك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠**

## ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ (گوڵان):

# تەحەددا دەکەم نە لە هەرێمی کوردستان و نە نوێنەرانی کورد لەبەغدا گەر ئاگاداری وردەکاری داهاتی عێراق و بڕو نرخی فرۆشتنی پیترۆڵ بن



**لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان دا (رەشـــید تاهیر) بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری وردەکارییەکانی کێشەو گرفتەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردســـتانی لەگەڵ بەغدا خســـتەڕوو، کە ســـەبارەت بە داهات و بودجەی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان کەوتۆتەوە. بەڕێزیان سەبارەت بە بودجەی گشتی عێراق و کوردستان پێی وابوو: بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان شەفاف نییەو وەك پارێزگای ئەنبارو بەسرا مامەڵە لەگەڵ ئەم هەرێمە فیدراڵیەدا دەکات. لە بڕگەیەکی پرۆژە یاســـای بودجەی عێراقیشـــدا هەرێمی کوردستان ناچار دەکات رۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوت دابین بکات، ئەمەش لەســـەر حسابی لە ١٧٪ی بەشە داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستانە، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری لەم دیمانەیەدا پێی وایە دانانی ئەم بڕگەیە وەکو کارتێکی فشـــارە بۆ ســـەر هەرێمی کوردستان و ئەمەش دەچێتە پاڵ دەیان فرتوفێڵ و ناشەفافییەتی تر کە دەرهەق بەهەرێمی کوردستان دەکرێت.**

**سەبارەت بەبەشە بودجەی هەرێمی کوردستانیش بەڕێزیان پێی وایە: بودجەی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوەو رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، بەڵام جارێ گرفتی گەورە لەگەڵ بەغدایە. چیتر نابێت لەســـەر حســـابی پـــرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان گرنگی بەکەمالیات بدەین.**

**لەم دیمانە تایبەتەی گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزیان کرد کە لێرەدا دەقی دیمانەکە بڵاو دەکەینەوە.**

### هەرێمی کوردستان بەشدارە لە سەروەری و ساماندا بەو پێیەی هەرێم بەشێکی سەرەکییە لە وڵاتێکی فیدرالیدا

**گوڵان:** لەدوای رووخانی رژێمی پێشـــوو تا ئێســـتاش کە دەکاتە حەوت ساڵ؛ یەکێك لە کێشـــە گەورەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، کێشەی بەشە داهاتی هەرێمی کوردســـتانە لـــە بودجەی گشتی عێراق دا، بۆیە دەمانەوێت لە جەنابت بپرســـین کێشـــەکان چین و چۆن چارەســـەر دەکرێن؟

**رەشـــید تاهیر:** کێشـــەی نێـــوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ هەڵوێستی سیاسیانەی هەندێك کەسایەتی و لایەنی سیاســـی دەگەڕێتـــەوە کە دژ بە هەرێمی کوردســـتان لەبەغداوە پیادە دەکرێت. ئێمە لە هەرێمی کوردســـتان داهاتی خۆمان بە پێی ئـــەو خەمڵاندنەی کە لـــە بەغدا و لەهەرێمی کوردســـتان وەکو بەشێك لەعێراقی فیدرال دەکرێـــت دەخەمڵێنرێت. ســـاڵانە بە فیعلی ئەو داهاتە دیاری دەکرێت کە چەندمان دەســـت دەکەوێت تاوەکو ئەو داهاتە تەسلیمی حکومەتی عێراقی فیدرالی بکەینەوە، بەڵام کێشـــەکە ئەو کاتە لەعێراقدا ســـەریهەڵداوەو ئاڵۆز بـــووە کە یاســـاو رێنماییەکانی بەپێی دەســـتووری عێراقـــی داڕێژراونەتەوە و زۆر ماددەیان تێدایە پێویســـتی بـــە روونکردنەوەو وردکردنەوەی زیاتر هەیە، تەنانەت زۆر یاساو ماددەی قانوونی هەیە لەناو ئەو دەســـتوورەدا دانراوە کە روون و ئاشـــکرا نیین، پێویســـتە سیســـتەمی بۆ داڕێژرێت، زیاتر لە ٥٢- ٥٣ بڕگە هەیە لە یاســـاو دەســـتووری عێراقیدا پێویســـتی بە روونکردنەوە هەیە، یەك لەوانە مەســـەلەی داهاتە . ئەمە جگە لەوەی دەیان مەسەلەی تر هەیە پێویستە لەیاساکانی تردا بچەســـپێت بۆنموونە لەیاسای نەوت و غازی عێراقی کە تاکو ئێستا بوونی نییە.

داهات هێشتا دیاری نەکراوە کە کامە داهات ســـەر بەحکومەتی هەرێمی کوردســـتانە یا چ داهاتێك تایبەتە بـــە حکومەتی ناوەندی بەغدا، تاوەکو لـــە لایەن ئێمەوە بگەڕێنرێتەوە بەغدا. لێرەدا نموونەیەکتان بۆ روون دەکەمەوە ئەویش مەســـەلەی باجەکانە، باج دوو جۆری هەیە؛ بۆچوون و شـــارەزایانی ناو پەرلەمانی کوردستان بەم ئاڕاستەیە کە هەر ئەو داهاتەی لـــە ڕێگای باجـــەوە لەهەرێمی کوردســـتان دەست دەکەوێت، بەداهاتی ئیقلیمی دادەنرێت و ناکرێت بگەڕێنرێتـــەوە بەغدا. بەڵام بەغدا پێداگیـــری بۆ وەرگرتنی ئەو باجەش دەکات، ئێســـتا ئەو داهاتەی کە لە باجەوە دەســـتمان دەکەوێت لەلایەن بەغداوە دەبردرێت.

لەلایەکی تـــرەوە لەحکومەتی عێراقی فیدرال ئەگەر داهاتی ئێمە بـــەراورد بکەین لەگەڵ بەغـــدا، ئەو کاتـــە داهاتی ئێمـــە ناکاتە لە ٠,٥٪ی ئـــەو داهاتەی کە بەغدا دەســـتی دەکەوێت، کەچی هێشـــتا حکومەتی عێراق متمانەی بەو رێـــژە کەمەش نییە، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراقی فیدرالی و خاوەنـــی حکومەتی هەرێمیەو دەســـەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکاریمان هەیە.

واتە هەرێمی کوردستان بەشدارە لە سەروەری و ســـامان بەو پێیەی بەشـــێکی سەرەکین لە وڵاتێکی فیدرالیدا. ئێمە لە ١٧٪ ی داهات و دەرامەتی عێراق بەبەشی خۆمانی دەزانین، لە کاتێکدا لە ٢٠٠٣ ەوە نرخی پێترۆڵی عێراقی بە ٥٠- ٦٠ دۆلار دەخەمڵێندرێت ئەمساڵیش بە ٧٣ دۆلار بۆ هـــەر بەرمیلێك پێترۆل نرخ خەمڵێنراوە. بەو نرخانە پێترۆلی عێراق دانراوە لەکاتێکدا بە ٨٦- ٩٠ دۆلار دەیفرۆشن.

کەچـــی ئێمە هـــەر پـــارەی ٧٣ دۆلارەکە وەردەگرین بێ ئەوەی رەچاوی ئەو زیادەی نرخ و داهاتە راستەقینەیە بکرێت، ئێمە لەهەرێمی کوردســـتان نازانیـــن داهاتی راســـتەقینەی عێراقی فیدراڵ چەندە؟ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ئاگاداری داهاتی راستەقینەی عێراقی فیدراڵ نییـــە، واتا بە هیچ جۆرێك شەفافییەت لەداهاتەکەدا نییە، تەنیا ئەوەندە دەزانین کە لەو داهاتە بەرێژەی لە ٩٥٪ی پارە لە فرۆشتنی پێترۆلەوە دەست دەکەوێت..

لەمە بترازێت حکومەتی هەرێمی کوردســـتان نازانێت بڕی بەرهەمهێنان و نرخی فرۆشتنی پێترۆل لەعێراق دا چەندە؟

تەنانەت نازانین چۆن گرێبەســـتەکان کراوەو بەچـــی جۆرە دراوێك نەوت فرۆشـــراوە. ئەو پارەیە لـــەچ بانکێکەو چۆن تەحویل دەکرێت، ئەم تەفاســـیلانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دیار نییەو نازانرێت.

تەحـــەددا دەکەم نە لەهەرێمی کوردســـتان و نە نوێنەرانی کورد لەبەغدا کەســـێك هەبێت ئـــاگاداری وردەکاری داهاتـــی عێراق و بڕو نرخـــی فرۆشـــتنی پێتـــرۆل بێت..تەنانەت دەرکردنی زۆر لە بڕیارو راسپاردەکان بێ پرس کردنـــەو زۆربەی جار بەســـەر نوێنەرانمان لە بەغدا تێپەڕ دەبێت.

لەلایەکـــی ترەوە ســـاڵانە لەهەموو وڵاتێکی دنیـــاو لەعێراقیشـــدا بودجـــەی خەملێنراوو بودجەی راستەقینە هەیە، بودجەی راستەقینە کە ســـاڵ تەواو دەبێت دەردەکەوێت، کە چەند پارە وەرگیراوەو چەند خەرج کراوە، ئەم حاڵەتە لەعێراقـــدا نییـــە، واتە لەســـاڵی ٢٠٠٣ەوە حســـاباتی ختامی لەعێراقـــدا نییەو بگرە پێشکەشی پەرلەمانیشی ناکەن.

بۆ نموونە دیـــن لە چوارچێـــوەی خەرجییە ســـیادییەکاندا رێککەوتنێك لەگەڵ هەندێك لە دەزگا وردبینـــە جیهانییەکاندا دەکەن، کە شـــارەزایی باشیان لەکاروباری وردبینی هەیە تاوەکو حساباتی عێراق هەمووی وردبینی بۆ ئەنجام بدەن، لەناو دیپاژەی رێککەوتنەکەش

**ئەو داهاتەی لە ڕێگای باجەوە لەهەرێمی کوردستان دەست دەکەوێت، بەداهاتی ئیقلیمی دادەنرێت و ناکرێت بگەڕێنرێتەوە بەغدا، بەڵام ئەوەشمان لێ دەبڕن**

**لەهەرێمی کوردستان نازانین داهاتی راستەقینەی عێراقی فیدراڵ چەندە؟**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان نازانێت بڕی بەرهەمهێنان و نرخی فرۆشتنی پێترۆل لەعێراق دا چەندە**

**ئەمساڵیش بۆ هەر بەرمیلێک پێترۆل نرخ بە ٧٣ دۆلار خەمڵێنراوە. لەکاتێکدا بە ٨٦- ٩٠ دۆلار لە بازاڕدا دەیفرۆشن**

وردبینی بۆ هەرێمی کوردستان پیادە دەکەن.

لەوێب ســایتەکانی ئەوانــدا، لەناو تۆڕی ئەلەکترۆنی ئینتەرنێتەوە هەموو زانیارییەکانی ئەو وردەکارییانە لەســەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەدووتوێی (١٧٠ )لاپەڕە بڵاو کراوەتەوە، لەو راپۆرتەدا تەنیا ٩ لاپەڕەی تایبەتە بەهەرێمی کوردستان لەکاتێکدا (١٦١ )لاپەڕە تایبەتە حکومەتی بەغدا.

ئەم حاڵەتەش هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە، واتە رێژەی تێبینییەکانی کەلەسەر ئێمە هاتووە لەناو راپۆرتــە وردبینیەکانی ئەو دەزگایانەدا زۆر کەمەو بــەراورد ناکرێت بەرێژەی زۆری تێبینییەکان کەلەسەر عێراق هاتووە. پێم سەیرە وەزارەتــی دارایی عێراق متمانەی نییەو داوا دەکات کاری وردبینــی لەســەر داهاتەکانی هەرێمی کوردستان بکەن!

ئێمە بەهیچ شــێوەیەك قبوڵ ناکەین بەغدا بێت و کاری وردبینی لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان بکات، لەکاتێکدا ئێمە دەسەڵاتێکی پەرلەمانی و دیوانی چاودێری داراییمان هەیە. دیوانــی چاودێری دارایی بایێــت وردبینی لەسەر داهاتەکان بکات و راپۆرتی خۆی بەرز بکاتــەوە، گەر ئێــوە متمانەتان بە ٠،٥٪ ی ئێمە نییــە، ئەوا ئێمەش باوەڕو متمانەمان بە ٩٩،٥ ٪ ی ئێوە نییە. ئێمــە داوامانکردووە لیژنەیەکی هاوبەش بۆ هەردوولا پێکبهێنرێت و ئێوە داهاتەکەی کوردستان وردبینی بۆ بکەن و بوار بۆ ئێمەش برەخســێنن تاوەکو وردبینی بــۆ داهاتەکانی بەغــدا بکەین، گرفتەکەش لەوەدایە بارودۆخی عێراق زۆر ئاڵۆزەو جێگیر نییە .

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەشــتان کە چارەسەر چییە؟ پێم وایە پێویستە عێراقی فیدرال ببێتە وڵاتێکی دامەزراوەیی و یاســا رۆڵی خۆی ببینێت و یاسا لەسەرجەم بوارەکاندا بچەسپێت، بەڵام گەربێتوو عێــراق هەر بەم بارودۆخەی ئێســتا بڕوات ئەو کات چارەســەر قورسەو بارودۆخەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە.

## لەدانانی بودجە لەبەغدا نوێنەرمان نییە

**گوڵان:** ئەمســاڵیش کێشــەی بودجە دیسان کێشــەیەکی وروژاوی دیکەیە لەگەڵ بەغدا، ئایا کێشــەکانی ئەمســاڵ چین و ئێوە وەك حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان تاچەند گەشــبینن بە چارەســەرکردنی ئەو کێشانە، مەبەســتم ئەوەیە ئایا شــاندی کوردستان لە بەغدایە یان دەیەوێت بچێت بۆ بەغدا؟

**رەشید تاهیر:** مەسەلەی بودجە مەسەلەیەکی گەورەیە، مامەڵــەی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەو شــێوەیە نییە کە ئێمە خاوەنی حکومەتیــن و هەرێمێکــی فیدرالین، وەکو پارێزگای بەســراو ئەنبار مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت، بەداخەوە لەدەستووردا لەهەر شوێنێك ناوی هەرێم هاتبێت لە پاڵیدا ناوی پارێزگاش هاتووە.

مــن لەگەڵ هەمــوو شــاندەکانی دارایی هەرێمی کوردستان بووم لە هەموو کابینەکان کە چوونەتــە بەغدا، حکومەتــی هەرێمی کوردســتان جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت نوێنەری هەرێمی کوردســتان لە لیژنە باڵاکانی دارایی و سیاسەتی دارایی و بودجەدا هەبێت، کەچی لەلیژنەکانی سیاسەتی دارایی بۆ هەموو عێــراق و لەدانانی بودجە لەبەغدا نوێنەرمان نییە.

تەنانەت نازانین سیاســەتی دارایی لەعێراقی فیدرال بەچ ئاراســتەیەك دەڕوات، لەکاتێکدا ئێمە بەشــێکین لەو سیاســەتە و کاریگەری لەســەر ئێمەش دەبێت. هەروەهــا دانانی ئەو ژمارانەی کە لەناو بودجەدا دادەڕێژرێن لێی ئــاگادار نین و تێبینیمان هەیــە، بۆ نموونە کاتێك نرخــی بەرمیلێك پێترۆل بە ٧٣ دۆلار مەزندە دەکەن و لەســەر ئەم بنەمایە بودجە دەخەمڵێنرێــت یا رۆژانە بڕی ناردنە دەرەوەی پێترۆل بە دوومليۆن و چوارسەد یا دوو ملیۆن و دوو سەدوو پەنجا بەرمیل دەنێردرێتە دەرەوە، ئایا ئەمــە لەلایەن کێ دیاریکــراوەو چۆن دەفرۆشــرێت و بەچ دراوێك و چۆن تەحویل دەکرێتــەوە ئێمە ئاگاداری ئــەم وردەکاریانە نین . ئەمە سەرەتای دانانی ژمارەکانە لەناو بودجەدا، ئێســتاکە کەموکوڕی دروست بووەو هاوارمان لەو هەموو کەموکوڕی و کێشــەیە لێ هەســتاوە، بۆیە لیژنەیەك دەچێتە بەغدا، چونکە ئاگامان لەهیچ نییە.

## بودجەی هەرێمی کوردستان لەبودجەی عێراقدا بۆ ١٠ ترلیۆن دینار کەمکراوەتەوە

**گوڵان:** ئایا ئــەو بودجەیەی کە بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت، چۆن چۆنی دەگاتە دەســتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان بەچەند جار وەریدەگرن، ئەگەر بەچەند جارێك وەریدەگرن پرســیار ئەوەیــە بۆچی هەمووی پێکەوە وەرناگرن؟

**رەشید تاهیر:** بەغدا بەئێمە دەڵێت خەمڵاندنی خۆتــان بۆ بودجە بکەن و چیتان بۆ ســاڵی ٢٠١١ دەوێت بینێرن، من لەمانگی حەوت و هەشت بۆ پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان ٢٠ترلیۆنم پێشــکەش کــردووە، کاتێك بەغدا دێــت خەمڵاندن دەکەن باس لــەوە دەکەن کە هەموو بودجــەی عێراق ١٠٢ ترلیۆن دینارە. دەڵێن رۆژانە ٢ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار بەرمیل پێتــرۆل دەڕوات، نرخەکەشــی بە ٧٠ دۆلار مەزندە کراوە، بەشی هەرێمی کوردستانیشیان خەملاندووەو بە جەدوڵێك بۆمانیان ناردووە کە تەنیا ١٢،٥ترلیۆن دینارە، یاسایەکیش لەگەڵ ١٠٢ ترلیــۆن دینارەکەی عێراق هاتووە هیچ کێشــەو کەموکوڕی تێدا نییە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســتان دانیشتووین لەسەر ئەو بنەمایەی کە بودجەی بەشــی حکومەتی هەرێمی کوردســتان لە بودجــەی ٢٠١١ کــە ١٠٢ ترلیــۆن دینارە ئەمەش خەرجییەکانی پۆســتە سیادییەکانی (نفقات ســیادی) لێدەبڕن و بەشی هەرێمی کوردستان ١٢،٥ترلیۆن دینارە.

دوای ئــەوەی بودجەکەمان ناردە ئەنجومەنی وەزیــران لەوێ دووبارە نێردرایــەوە، وەزارەتی دارایی هەڵسا بەهەموارکردنی ئەو بودجەیە، لەجیاتــی ١٠٢ ترلیــۆن دینــار کرایە ٩٢ ترلیۆن واتــە بودجەکە کەمکرایەوە بەبیانووی کورتهێنــان لەبودجەکــەدا، بەمەش بەشــی هەرێمی کوردســتان بووە ١٠ ترلیۆن و ٧٠٠ ملیــۆن دینــار، خاڵێکی تریــش کاتێك لە خەرجی سیادی زیاد کرا، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر کەمکردنەوەی زیاتری بودجەی هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆ ئەم بوارانە هیچ رێنمایی و پێوەرێك لەبەردەست نییە، بەکەیفی خۆیان خەرجی ســیادی دادەنێــن و ناو زیاد دەکەن و بودجە کەم دەبێتەوە.

تەنانــەت یاســایەکی تازەیان دەرکــردووەو بڕگەیەکیــان تێیدا زیاد کــردووە و رەوانەی ئەنجومەنــی وەزیرانیان کــردووە، لەرێگای وەزارەتــی داراییەوە ئەنجامــدراوە، بەداخەوە بریــکاری وەزیرمــان لەوێ هەیــە کەچی ئــاگاداری هیچ نییە. گــەر ئاگاداربووایە حکومەتــی هەرێمی کوردســتانی ئاگادار دەکردەوە. ئــەم بودجەیەش جــاری وا هەیە بە٤٠ جار پێمان دەدەن، جاری واهەیە مانگ تێپــەڕ دەبێت و بودجە نانێــرن. لەکاتێکدا لە رێنماییەکانــدا هاتــووە کە بەشــە داهاتی کوردســتان بەیەکجارو بەرێکوپێکی بدرێت، بەڵام ئەوان ئــەم رێنماییانە جێبەجێ ناکەن، بەبیانووی جۆراو جــۆرەوە هەندێکجار دەڵێن: (پارە نییە!).

## لە بودجەدا ئەولەوییات دەدرێت بە مووچەو خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان

**گوڵان:** ئێمــە دەزانین بودجــەی هەرێمی کوردستان لە چاو پێداویســتیەکانیدا بەش ناکات، ئایا لە چوارچێوەی ئەم بودجە کەمەدا چۆن ئەولەویەت دەدەن بە پێداویســتیەکانی

**گەر ئێمە ئەو بەشە داهاتەی کە لە ناردنە دەرەوەی پێترۆل دەستمان دەکەوێت نەدەینە حکومەتی ناوەند، ئەوانیش ئامادە نابن لە داهاتی پێترۆلی خۆیان بەشمان بدەنێ، بەمەش هەرێمی کوردستان زیانی بەردەکەوێت**

**لەساڵی ٢٠٠٣ەوە حساباتی خیتامی لەعێراقدا نییە**

هەرێمی کوردستان؟

**رەشـــید تاهیر:** راستە بودجەکە کەمە؛ بەڵام ئەولەوییات دەدەینە مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان، هەروەها بەشێك دەدەینە بودجەی بەردەوام (میزانیە جاری)ی تەندروســـتی و کارەبا و شارەوانی و پەروەردە.

## ئێمە بەداهاتی پێترۆلی کوردستان رۆڵمان لەپێشکەوتن و پەرەپێدانی هەموو عێراق و کوردستان هەبووە

**گوڵان:** ئێستا بەشـــێکی نەوت لە هەرێمی کوردســـتان دەنێردرێتە دەرەوە و دەفرۆشرێت، ئایا ناتوانرێت ئەو پارەیە بکرێتە سەرچاوەیەك بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان و پاشان کەم و زیاد لەگەڵ حکومەتی فیدرالی حســـاب بکرێت؟

**رەشـــید تاهیر:** داهاتـــی پێترۆلی هەرێمی کوردستان دەبێت هەمووی تەسلیمی عێراقی فیدرال بکرێت، گەر ئێمە ئەو بەشە داهاتەی کـــە لە ناردنـــە دەرەوەی پێترۆل دەســـتمان دەکەوێت نەدەینە حکومەتی ناوەند، ئەوانیش ئامادە نابـــن لە داهاتـــی پێترۆلی خۆیان بەشـــمان بدەنێ، بەمەش هەرێمی کوردستان زیانی بەردەکەوێت.

ئێمە بەداهاتی پێترۆلی کوردســـتان رۆڵمان لەپێشـــکەوتن و پەرەپێدانی هەموو عێراق و کوردســـتان هەبووە، مەبەستمان پێشخستنی هەرێمەکەو پەرەپێدانی کەرتی پیشەســـازی بـــووە تاوەکو داهاتی پێترۆڵـــی عێراق زیاد بکەیـــن و بـــەو داهاتەش بـــۆ کارو پرۆژەو پێشخســـتنی ئابووری هەرێمەکەو عێراقیش بەکاربهێنرێت، لەکۆتایشـــدا ســـەرچاوەی داهاتەکانمان زیـــاد دەبێت، بەڵام بەمەرجێك عێراق شەفافانەو راســـتگۆیانە مامەڵەمان لەگەڵ بکات.

## چیتر نابێت لەسەر حسابی پرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان گرنگی بەکەمالیات بدەین

**گـــوڵان:** ئایا وەزارەتـــەکان زۆر ئیهتمام بە کەمالیـــات دەدەن وەك کڕینـــی ئوتومبێل و کەولوپـــەل، ئایا بەڕێزت چی دەڵێیت و چۆن ئەم لایەنەتان چارەسەر کردووە؟

**رەشـــید تاهیر:** منیش پێم وایە چیتر نابێت لەسەر حسابی پرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان گرنگی بەکەمالیات بدەیـــن، ئێمە ناتوانین هەندێك پێویســـتی رابگرین کـــە زەروورین، لەلایەکـــی ترەوە وەزارەتەکان داوای بودجەی پێویســـتی خۆیان دەکەن و راست دەکەن کە بودجەکانیان کەم بۆتەوە، بەڵام واقیعەکە وایە هەموو بودجەکە کەم بۆتەوە.

**گـــوڵان:** رەشـــید تاهیر بەوە ناســـراوە زۆر هەوڵدەدا ئەوەی وەزارەتـــەکان داوای دەکەن ئەو کەمی بکاتەوە، تا قســـەی وا هەیە کە بەڕێـــزت ئەگەر وەزارەتێك داوای مەبلەغێك بکات تۆ دەیکەیت بەنیـــوە، ئایا ئەمە هەر سروشتی خۆتە؟

**رەشید تاهیر:** زۆرجار وایەو هەندێکجاریش وا نییە؛ ئەمە سروشـــتی خۆم نییە، هەموو داواکارییەکـــی وەزارەتەکان بکەمە نیوە، من بودجەم کەمـــەو بەیەکجار پارەمان نادەنێ و بەرنامەکانم تێك دەدات. بۆ نموونە خشتەی مووچەکانی فەرمانبەران بەسەر رۆژەکانی مانگدا دابەش کراوە تاوەکو ئەو کەموکورییەی لەکەمـــی بودجە هەمانە تووشـــی گرفت نەبیـــن. پارەی هەرێم کە لەبەشـــی داهاتی هەرێمـــە لەبەغدا بەکەمی و نارێکی بەئێمە دەدرێت، ناچار ئەو بوارە خزمەتگوزارییە یا مووچەی فەرمانبەران رابگرین تۆ بزانە تەنیا مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی پەروەردە ٨٠ هەزار فەرمانبـــەرە ناکرێت ٨٠ هەزار خێزان مووچەیان دواخرێت، ناچارم پارەو ســـلفەی بەڵێندەرێك رابگـــرم و دواتر بیدەمێ. کاتێك سیولەی نەختی نەبێت ناچارم داواکارییەکان کەم کرێتەوە یا بەپێی ئەولەوییەت پارە تەرخان بکرێت، لەلایەکی ترەوە بۆ ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستانیش پارەو بودجە دەدەین و زۆر پـــرۆژە هەیە گەرچی لەســـەر ئیدارەو دارایی ئێمە نین بەڵام بەشـــێکی دانەبڕاون لەهەرێمی کوردســـتان و نەتەوەی خۆمانن ناکرێت پارە بۆ ئەوانیش تەرخان نەکرێت.

## کاتێک لە ٦٠٪ی بودجە بۆ مووچە بڕوات ئەمە بەراستی گرفتێکی گەورەیە

**گـــوڵان:** رۆژ لـــە دوای رۆژ ژمـــارەی کارمەندانـــی حکومەت زیـــاد دەکات، هەر ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر دامەزراون ئایا هەر بەردەوام دەبـــن لە دامەزراندن، یان ئالیەتێکتان بەدەســـتەوەیە تا چارەسەری ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی دیکە بکەن؟

**رەشـــید تاهیر:** ئەمە کێشـــەیەکی گەورەیە رێژەیەکـــی زۆر لـــە بودجـــەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بواری مووچە خەرج دەکرێـــت، بەرادەیەك لـــە ٦٠٪ی بودجە بۆ مووچـــە بڕوات ئەمە بەراســـتی گرفتێکی گەورەیـــە، پێویســـتە حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان لە رێگای ئەکتیڤکردنی کەرتی تایبەتەوە بەرنامەو پلان بۆ چارەســـەرکردنی ئەم گرفتە دابڕێژێت.

**گوڵان:** دواپرسیارمان ئەوەیە بەرای تۆ باری دارایی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت، ئایا لەمساڵدا لەچاو ساڵانی ترباشتر دەبێت؟

**رەشید تاهیر:** باری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ ســـاڵی ٢٠١١ باش نابێت و رەشـــبینم؛ چونکە بودجـــەی عێراق دیار نییەو خەرجی ســـیادییان لەســـەر حسابی بەشـــە داهاتی هەرێم زیاد کردووە و حســـاباتی ختامی نییە لەساڵی ٢٠٠٣وە زیادەی داهاتی فرۆشتنی پێترۆلمان بۆ نەهاتووە، هەموو ئەو لیژنانەی کە بۆ دانوستاندن و رێککەوتن دەچنە بەغدا چارەسەری ئەو گرفت و کێشانەیان نەکردووە. بەهەموو هێزی خۆمان نوێنەرێکمان لەبەغدا داناوە دەچێت موتابەعەی نووســـراوەکانمان دەکات.

لەیاسا تازەکە بڕگەیان زیادکردووەو ١٥٠ هەزار بەرمیل پێترۆلیان لەســـەر ئێمە حسابکردووە، ئـــەوان نایەن کێشـــەکان لەگـــەڵ هەرێمی کوردســـتان چارەســـەر بکەن، هەندێك کەس لەعێراقی فیدرال هەیـــە چاویان بەهەرێمی کوردســـتان هەڵنایەت و گرفت و کێشـــە بۆ ئەم هەرێمە دەنێنەوە، رەنگە ئەمە فشارێکی سیاسی بێت و گەمەیەکی سیاسییە، تاوەکو تەنازول بەهەندێك بڕگە بە سیاسەتمەدارانی ئێمە بکەن.

**گوڵان:** ئەی سەبارەت بە دوا ئامادەکارییەکانی بودجەی هەرێمی کوردســـتان گەیشـــتووە بەکوێ؟

**رەشـــید تاهیر:** بودجەی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوەو رەوانـــەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە. بـــەڵام جارێ ئێمە گرفتی گەورەمان لەبەغدا هەیە پێویستە ئەو گرفتانە چارەسەر بکەین بەتایبەتی ئـــەو ١٥٠ هەزار بەرمیل پێترۆلە کە لەســـەر بەشی داهاتی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، باشە سبەینێ زەمانەت چییە بۆ ئەگـــەری ناردنە دەرەوەی ئەو بڕە پێترۆلە بەبەردەوامی .

لەبودجـــەی هەرێمـــی کوردســـتان دوو ئەولەوییاتمان هەیـــە، یەکەمیان لەبودجەی ئاســـایی ئەولەوییات دراوە بـــە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، هەوڵیش دەدەین بەو بڕە داهاتەی کە دەمێنێتەوە هەموو کارەکانی تر بەڕێوە ببەین بەتایبەتی هاوســـەنگییەك بدەین بەهەموو وەزارەتـــەکان بەرەچاوکردنی پێداویستییە ســـەرەکییەکانی خزمەتگوزاری هاووڵاتییان. لـــە بودجـــەی وەبەرهێنانیش گرنگی بەو پرۆژانە دەدرێت کە گرێبەســـت کراوەو داخڵـــی جێبەجێکردن کـــراوە، دواتر گرنگـــی بـــە پـــرۆژەی وەبەرهێنانی نوێ دەدرێت.

**بەهیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەین بەغدا بێت و کاری وردبینی لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان بکات، لەکاتێکدا ئێمە دەسەڵاتێکی پەرلەمانی و دیوانی چاودێری دارایی خۆمان بە یاسایی هەیە**

**مامەڵەی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە نییە کە ئێمە خاوەنی حکومەتین و هەرێمێکی فیدراڵین**

**ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بەشێکی دانەبڕاون لەهەرێمی کوردستان و نەتەوەی خۆمانن ناکرێت پارە بۆ ئەوانیش تەرخان نەکرێت**

# سۆران و ڕەواندز.. ناوچەیەکی گرنگ و فراوانە پێویستییان بەدەیان بنکەو پرۆژە هەیە











شاری سۆران و رەواندز کە دوو قەزای سەر بەپارێزگای هەولێرن و لەناوچەیەکی شاخاوی و گەشتوگوزاریدان و بەناوەندێکی بازرگانی و ستراتیژی دادەنرێن، بەو پێیەی نزیك سنووری ئێرانن و بەشێوەیەکی خێرا ژمارەی دانیشتووانەکانیان ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەهۆی نزیکی سەنتەری سۆران لە قەزای رەواندزەوە تێکەڵاوبوونێکی کەلتووری و رۆشنبیری لێکەوتۆتەوە، لەگەڵ فراوانبوونی ژمارەی دانیشتووانەکان لەم ناوچەیەدا پێداویستی خەڵکەکەی ڕووی لە زیادبوون کردووە، گەرچی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە پرۆژەو کاری خزمەتگوزاری پێشکەش بەدانیشتووانی ئەو ناوچانە کراوە ؛ بەڵام بەپێی پێویست و لەئاست گەورە بوون و داخوازییەکانی ئێستایاندا نییە.

تیمی گوڵان سەردانی ئەو ناوچانەی کرد و لەنزیکەوە گوێبیستی گلەیی و داواکاریی ژمارەیەك لە هاووڵاتییانی ئەم دەڤەرە بوو. هەر بۆیە داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵکی ئاڕاستەی قایمقامی سۆران و بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ کە ئێستاکە بەوەکالەت قایمقامی قەزای رەواندزە کرد.

لێرەدا پوختەی وەڵامەکانیان بڵاودەکەینەوە.



کرمانج عیزەت قایمقامی قەزای سۆران بۆ ( گوڵان):

# گەر ساڵی داهاتوو هاوشانی دەسەڵاتی کارگێڕیی دەسەڵاتی دارایی‌مان نەدرێتێ بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران تەنیا ڕەمزی دەبێت

گەورەبوون و ستراتیژییەتی سۆران وادەخوازێت تواناو بودجەی زیاترمان بۆ دابین بکرێت

گەر وامان لێهاتبێت بۆ خەرجکردنی تەنیا ١٠٠هەزار دینارێکیش بگەڕێینەوە بۆ پارێزگاو وەزارەتەکان ئەمە ڕۆتیناتە

ناوە بەناوە بەشاڵاوەوە زێدەڕۆیی دەست پێدەکات و جۆرەها کەس و تاقم بەشدارن لەم سەرپێچییانەدا

### سۆران وەک مەڵبەندێکی بازرگانی و ستراتیژیی تاچەند بایەخی پێدراوە؟

سۆران بەیەکێك لەو شارانە دادەنرێت کە بەشێوەیەکی زۆر خێرا ژمارەی دانیشتووانەکەی ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئێستاکە ژمارەی دانیشتووان لەناو سەنتەری سۆران و هەر سێ ناحیەکەی (دیاناو خەلیفان و سیدەکان)گەیشتۆتە ١٧٠ هەزار کەس، سۆران پتر لە ٣٤٠ گوند لەخۆدەگرێت کە تاکو ئێستا ٢٤٤ گوندیان ئاوەدانکراونەتەوە.

بەگشتی ڕووبەری سۆران ٨٠٦ هەزار دۆنمەو لەگەڵ گەورەبوونی سۆران پێداویستی و گرفت و کێشەکانی ڕووی لەزیادبوون کردووە، ئەم شارە لەساڵی ١٩٨١ بۆتە قەزاو پێشتر ناحیەیەك بووە بەناوی (دیانا).

سۆران بەناوی ئیمارەتێکی کوردییەوە ناونراوە کە ئەویش میرنشینی سۆران بووەو بەناوەندێکی بازرگانی و ستراتیژیی گرنگ دادەنرێت، کوردێکی زۆر کە لەئاکامی سیاسەتی ڕژێمی بەعس ئاوارەی ئێران بوون و گەڕاونەتەوەو لەو شارەدا نیشتەجێبوونەوە، ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندێتی بازرگانی و گەشتوگوزاری و کشتوکاڵی کە خەسڵەتی سەرەکی سۆرانە.

ئەم خەسڵەتانەی سۆران وایکردووە پێکهاتەو کەلتووری جیاجیا لەشارەکە هەبێت و تێکەڵ بەیەك بوون، لەسەرەتادا ئەم واقیعە ئاسان نەبووە بەڵام ئێستاکە پێکهاتەی جۆراوجۆر وای لەسۆران کردووە لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و کەلتووریدا دەوڵەمەند بێت، بۆ زیاتر شارەزا بوون لەگرفت و کێشەی هاووڵاتییان و بەمەبەستی ئاشنابوون لەواقیعی ئەم شارەو ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە ئەنجامدراون،

بەڕێز (کرمانج عیزەت) قایمقامی قەزای سۆران لەوەڵامی چەند پرسیارێکماندا پێی ڕاگەیاندین:

سۆران لەئاکامی ئەو تێکەڵبوون و ئاوێتە ڕۆشنبیری و کەلتوورییەی کە بەدانیشتووانەکەی ناسراوە تواناو کەرەستەیەکی باشی لێدروست بووە، لەم ناوچەیە کادیرو توانای باش دروستبووە..

سۆران گەورەترین قەزایە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێرو تایبەتمەندیەتیشی جیاوازە چ لەڕووی ئیدارەوە بێت یا لە ڕووی بەڕێوەبردنی کارەکانەوە، چونکە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەڕێوەبەرایەتی تێدایەو سەرپەرشتی ٤ قەزا دەکەن کە ئەویش ( سۆران، ڕەواندز، مێرگەسوور، چۆمان)ە، ئەمەش لەپێناو ئاسانکردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بەدانیشتووانی ئەو ناوچانەو کەمبوونەوەی ڕۆتین،چونکە لەسەنتەری پایتەخت و پارێزگای هەولێرەو دوورن و، پێویستیمان بەئیمکانات و

بودجەی زیاتر هەیە

لەگەڵ گەورەبوونی سۆران و بوونی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەو دووری قەزاکانی هەر یەك لە سۆران و ڕەواندزو مێرگەسوورو چۆمان لە سەنتەری پارێزگای هەولێرەوە، واقیعێکی وا دروست بووە کە بنەمای بە پارێزگا بوونی لێکەوتۆتەوە، پێشتریش دەنگۆی ئەوە هەبوو سۆران ببێتە پارێزگا، لەمبارەیەوە قایمقامی سۆران وتی: هەموو بنەماکانی بەپارێزگا لە سۆران دروست بووە، تەنانەت ستراتیژییەت و پێداویستی ئەم ناوچەیە وا دەخوازێت، بەڵام بەپارێزگا بوون بڕیارێکی ئاسان نییەو پێویستی بەرەزامەندی و بودجە هەیە. ئەم بڕیارەش کۆسپ و تەگەرەی سیاسی لەبەردەمدایە کە پێوەندی بەحکومەتی عێراقی فیدراڵ و بڕیاری بەغداوەش هەیە. گەورەبوونی ناوچەکەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی سۆران واقیعێکی وای خستۆتەوە کە پێویستی زیاترمان بە بودجە هەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا پارێزگاری هەولێرو ئیدارەکەی ئەوەندە ئاسانکاری و هاوکاری پێشکەشکردوین تارادەیەك ئەم بۆشاییەی بۆ پڕکردوینەتەوە.

## لەسۆران هیچ بودجەیەکمان لەبەردەستدا نییە

سەبارەت بەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان و بوونی کەموکورتی لە توانـاو بودجەی بەردەستدا قایمقامی سۆران وتی: ئێمە هیچ بودجەیەکمان لەبەردەستدا نییە، گەرچی ئاوڕدانەوە بەسۆران لە چوار ساڵی رابردوو سەردان و گرنگیدانی وەزیرە بەڕێزەکان و پارێزگاری هەولێر وایکردووە زۆر کەموکوڕی چارەسەر بکرێت. ئێستاکە ئینتمابوون بۆ شارەکە زیاتر بووەو وایکردووە ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتووانی ناوچەکانی ترەوە ڕوو بکەنە سۆران، ئاوڕدانەوەی حکومەت و تەرخانکردنی ئەو بودجەیە وایکردووە لەبوارەکانی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی سۆران وەرچەرخان بەخۆیەوە ببینێت. گرفتی ئێمە پێوەندی بەمیکانیزمی ئیدارەوە هەیە کە تاکو ئێستا مەرکەزییەت پیادە دەکرێت، گەرچی لەم دواییەدا بڕیار دەرچوو بەوەی دەسەڵاتی ئیدارە دابەزێنرێتە خوارەوە بەڵام ڕێنماییەکان بەو شێوەیە نییە کە ئێمە دەمانەوێت چونکە هیچ دەسەڵاتێکی دارایی لەخۆنەگرتووە، بۆیە دەسەڵاتمان نییە زۆر کارو پرۆژە ئەنجام بدەین. لە سەردەمی نوێی جیهان و وڵاتانی پێشکەوتوو نامەرکەزییەت بەیەکێك لە بنەماکانی سەرکەوتن دادەنرێت بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان هێشتا ئیدارەی مەرکەزی ماوە لەوێ حاکمی شارەکە حکومەتێکە، گەر وامان لێهاتبێت بۆ خەرجکردنی ١٠٠ هەزار دینار بگەڕێینەوە بۆ پارێزگاو وەزارەتەکان ئەمە رۆتیناتە. ئەم گرفت و تێبینیانەمان بۆ بەڕێز پارێزگارو وەزارەتەکان و حکومەت بەرزکردۆتەوە. گەر ساڵی داهاتوو هاوشانی دەسەڵاتی ئیداری دەسەڵاتی دارایمان نەدرێتێ بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بە رەمزی دەمێنێتەوە.

## گەورەترین گرفت و کێشەکانی ئێمە لەسۆران زیادەڕۆییە لەسەر زەوی دەوڵەت

شاری سۆران یەکێکە لەو شارانەی کە تاکو ئێستا دیاردەی زیادەڕۆیی لەسەر زەوی حکومی تێدا ماوە، بەرادەیەك بۆتە دیاردەو گەڕەکی گەورەی لێکەوتۆتەوە، لەمبارەیەوە کرمانج عیزەت وتی: شارێك بەو فراوانییە بڕوات و ژمارەی دانیشتووانەکەی زۆر بێت سروشتییە ئەم دیاردەیەی تێدا بێت، زۆرینەی خەڵکی سۆران پابەندن بەیاساوەو خەڵکێکی باشن، بەڵام گەر بێتوو کەسانێك پابەندی ڕێنمایی و یاسا نەبن گرفت دەنێنەوەو سیمای شارەکەمان تێك دەدەن. بەداخەوە یەکێك لەگەورەترین گرفت و کێشەکانی ئێمە لەسۆران زیادەڕۆییە، کە ناوە بەناوە بەهێرشەوە دەست پێدەکاتەوەو جۆرەها کەس و تاقم بەشدارن لەم سەرپێچیانە، تەنانەت ئەم زێدەڕۆییە شوێنە گشتییەکانی تایبەت بەدروستکردنی قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و پارکەکانی گرتۆتەوە، ئێستاکە لەسەر راسپاردەی مەکتەبی سەرۆکی هەرێم لیژنەیەکی پێوەندار دانراوەو دادوەرێك دانراوە بۆ ئەوەی لەمەودوا ئەو کەسانەی زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت دەکەن تەنیا ئیجرائاتی ئیدارییان لەگەڵ نەکرێت، بەڵکو لە ڕێگای دادگاوە لێپرسینەوەو سزا دەدرێن و هیچ کەسێکیش بەجیاوازی بیروڕای سیاسی، دەسەڵاتی لە یاسا بەرزتر نییەو گەر کاری نایاسایی بکات سزا دەدرێت.

## بەشێوەیەکی کۆن و بێسەروبەر مامەڵە لەگەڵ ناوچە گەشتوگوزاری و شوێنەوارەکان کراوە

ئەم ناوچەیەو سۆران بەیەکێك لەهەرە شوێنە جوان و گەشتوگوزارییەکانی کوردستان دادەنرێت، بەڵام زۆربەی ئەم شوێنانە فەرامۆشکراون و گرنگییان پێ نەدراوە، بەڕێزیان لەمبارەیەوە پێی ڕاگەیاندین: منیش پێم وایە مامەڵەکردن لەگەڵ شوێنە گەشتوگوزاری و شوێنەوارەکان لە ئاستی پێویست نییەو مامەڵەیەکی زۆر کۆن و بێ سەروبەرە، بۆ نموونە گەر بێتوو گەلی عەلی بەگ گرنگی پێ بدەین بەهاوشێوەی (گەلی چالووس) لەئێرانی لێدێت کە بۆتە جێی شانازی هەموو ئێرانییەکان و گەشتیارێکی زۆر لە ناوخۆو دەرەوە سەردانی دەکەن. بەداخەوە لە لای ئێمە کەرتی گەشتوگوزاری ڕێك نەخراوە، پێم وایە سیاسەتی گەشتوگوزاری تاکو ئێستا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی سەرکەوتووانە نییە. پێویستە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار یەکەم هەنگاو بنێت بە دانانی ماستەر پلانی گەشتوگوزاری لەهەرێمی کوردستان، پێویستە لەم بوارەدا پلانیش بۆ ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت دابڕێژرێت، بەداخەوە لەبواری شوێنەواریشدا هەنگاو نەنراوە، ئیستا قەڵای مەڵبەندی ئیمارەتەکەی سۆران کە سێ ساڵە بڕیاری نۆژەنکردنەوەی بۆ دەرچووە کەچی تاکو ئێستا قەڵاکە رووخاوەو گەشتیاران بەشەرمەوە دەبەینە سەردانی.

## پێش ئەوەی ماستەرپلان دروست بکرێت شار بە بێسەروبەری گەورە بوو

سەبارەت بەبوونی ماستەرپلان بۆ شارەکە کە زۆر گرنگە بەڕێزی ئاماژەی بەوەدا کۆمپانیایەکی تورکی سەرقاڵی دروستکردنی ماستەرپلانی شاری سۆرانە بۆ ٢٥ ساڵی داهاتوو، تەنانەت کۆمپانیایەکی فەرەنسی هاتۆتە سۆران سەرقاڵی دانانی ماستەرپلانێکن بۆ چارەسەرکردنی ئاوەڕۆیی قورس. گرفتی سۆران لەوەدایە پێش ئەوەی ماستەر پلان بکرێت شارەکە بەبێسەروبەری فراوان و گەورە بووە، بۆیە جێبەجێکردنی ماستەر پلان لەڕووی پراکتیکیەوە وای کردووە ئاستەنگ و کێشەی زۆر دروست بێت، ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ واقیعی بارودۆخەکە بگونجێین، بەڵام گەڕەك هەیە ناتوانرێت وەکو گەڕەك مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. لەلایەکی ترەوە بەرنامەمان هەیە بۆ پاککردنەوەی شارو پاراستنی ژینگە.

## سۆران لە کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا زۆرترین کارو پرۆژەی بۆ ئەنجامدراوە

لەکۆتایی دا کرمانج عزەت قایمقامی سۆران لەوەڵامی چەند پرسیارێکی (گوڵان) دا، کە سەبارەت بە کەرتەکانی پەروەردەو تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەڕۆو کارەباو ڕێگاوبان . لەبەڕێزیان کرا لەمبارانەوە وتی: هەڵمەتێکی باشی ڕێگاوبان دەستی پێ کردووەو ڕێگای هاملتۆن قۆناغ بەقۆناغ کاری تێدا دەکرێت و دەبێتە جووت سایت و، چەند تونێلێکیش لەم ناوچەیەدا ئەنجام دەدرێت لە شاخەکانی بەنی هەریرو کۆرەك، لەحاجی ئۆمەرانیشەوە ڕێگای سەرەکی بۆ سۆران چاك دەکرێت.

لەسەنتەری شاریشدا ژمارەیەك گەڕەك شەقامیان بۆ دەکرێت و ڕێگای گوندەکانیش هەنگاوی باشی بۆ دەنرێت . خەلیفان و بالیسان صیانە دەکرێتەوەو ڕێگای سۆران حافیز صیانە دەکرێتەوە، سەبارەت بەبواری کارەباش ٨٠٪ی گوندەکانمان تۆڕی دابەشکردنی کارەبای نیشتمانی پێ گەیشتووەو ئەوانی تر بەمۆلیدە ڕێك خراوە. ناوچەی سۆران یەکێك لەباشترین ئەو شوێنانەیە کە بەکەڵکی بەرهەمهێنانی کارەبا

گەر بێت و گرنگی بەگەلی عەلی بەگ بدەین بەهاوشێوەی (گەلی چالووس) ئێرانی لێدێت کە بۆتە جێی شانازی هەموو ئێرانییەکان وساڵانە گەشتیارێکی زۆر لە ناوخۆو دەرەوە سەردانی دەکەن

سیاسەتی گەشتوگوزاریی تاکو ئێستا لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی سەرکەوتووانە نییە

یەکەم هەنگاو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بینێت پێویستە ماستەر پلانی گەشتوگوزاریی بۆ هەرێمی کوردستان دابنێت



خاتوو کوێستان ئەحمەد بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ و قایمقامی قەزای ڕەواندز بەوەکالەت بۆ (گوڵان):

# پرۆژەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بەگفتوگۆکردن لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان سەرکەوتووتر دەبێت

بێت لەڕێگای هێزی( با) وە بەتایبەتی لەسەر چیای کۆرەك. لەبواری تەندروستییەوە لە ٥٠٪ی نەخۆشخانەیەکی گەورە لەسۆران بەتێچووی ٣٠ ملیۆن دۆلار دروست دەکرێت، کەلەسەر راسپاردەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت. لەبواری پەروەردە زیاتر لە ٥٥ هەزار قوتابیمان هەیەو بەگەورەترین پەروەردە لەسنووری پارێزگای هەولێر دادەنرێت، پێشتر لەساڵی ١٩٩١ بە چوار قەزا ٢٣ قوتابخانەمان هەبووەو ئێستا لەسەروو ٦٠٠ قوتابخانە هەیە، تەنیا گرفتێکمان نەبوونی کتێبخانەیەکی پێشکەوتووە لەشاری سۆران، لەساڵی ٢٠١١ کتێبخانەیەکی پێشکەوتوو لەسۆران ئەنجام دەدرێت. بڕیاریشە هەڵمەتێکی باش بۆ دروستکردنی پارك و باخچەکان دەست پێبکەین چونکە لەسەنتەری شار کەموکوڕیی لەمبوارەدا هەیە، هاوکات بەرنامە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو گەڕەکانەی کە کەموکوڕییان هەیە. لەڕاستیدا لەسۆران زۆربەی زۆری پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکراون، هەر بۆیە تا ماوین ئێمە قەرزاری کارە خزمەتگوزارییەکانی کابینەی پێنجەمین، کە لەسەر ئاستی سەنتەرو ناحیەو گوندەکانی سۆران وەرچەرخانێکی باش و گۆڕانێکی گەورەی هەبوو.

## ڕەواندز و وەرتێ ناوچەیەکی گەشتیاری و کشتوکاڵییە ئایا بەپێی پێویست ئاوڕیان لێدراوەتەوە

بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی قەزای ڕەواندزو ناحیەی وەرتێ لەنزیکەوە گوێبیستی گرفت و داواکارییەکانی دانیشتووانی ئەو قەزایە بووین، کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردانی هەریەك لەبەڕێزان وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو پارێزگاری هەولێر بۆ ئەم ناوچەیەو دانانی بەردی بناغەی ژمارەیەك لەپرۆژەکانی خزمەتگوزاری، لەوانە کۆنکرێتکردنی کۆڵانەکانی وەرتێ و دروستکردنی ئاوەڕۆکان . لەوەڵامی چەند پرسیارێکی (گوڵان)دا بەڕێز خاتوو (کوێستان ئەحمەد )بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ و قایمقامی قەزای ڕەواندز بەوەکالەت ئاماژەی بەپرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان و گرنگترین داواکارییەکانی هاووڵاتیانی ناوچەکە کرد، بەتایبەتی لەبواری ئاوو ڕێگاوبان و کارەبا، ئەوەشی خستەڕوو کە تاکو ئێستا لەناحیەی وەرتێ دکتۆرێکی تێدا دانەمەزراوە و لەبواری تەندروستیدا هیچیان بۆ نەکراوە، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بەڕێزی دەخەینەڕوو..

قەڵای مەڵبەندی ئیمارەتەکەی سۆران سێ ساڵە بڕیاری نۆژەنکردنەوەی بۆ دەرچووە کەچی تاکو ئێستا قەڵاکە رووخاوەو بەشەرمەوە گەشتیاران دەبەینە سەردانی

کۆمپانیایەکی تورکی سەرقاڵی دروستکردنی ماستەرپلانی شاری سۆرانە بۆ ٢٥ ساڵی داهاتوو

لەسۆران گەڕەک هەیە وادروستکراوە ناتوانین مامەڵەی گەڕەکی لەگەڵدا بکەین

## لەبەرنامەدایە پرۆژەی زیاتری ئاوی خواردنەوەو ئاودێری بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە

سەرەتا بەڕێزی وتی: ژمارەی دانیشتووانی شاری ڕەواندز ١١٦٠٠ کەسە بەسنوورەکانی و گوندەکانییەوە ١٩٠٠٠ کەسە، تەنیا ناحیەکی هەیە کە ناحیەی وەرتێ یەو ژمارەی دانیشتووانەکەی ٢١١٩ کەسەو ٤١٢ خێزانی تێدایەو گوندەکانیش ٣٣٠١ کەسی تێدا نیشتەجێن و سنوورەکە لە ١٧ گوند پێك دێت، سەبارەت بەپرۆژەکانی ڕاکێشان و گەیاندن و دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ ڕەواندز و ناحیەی وەرتێ خاتوو کوێستان پێی وایە: گەرچی هەڵکەوتەی سنووری جوگرافیای ڕەواندزو ناحیەی وەرتێ لەناوچەیەکی وادایە کە نزیکە لەسەرچاوەکانی ئاوەوە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەکو هەموو ناوچەکانی تری کوردستان لە ئاکامی وشکەساڵی دووچاری گرفتی کەم ئاوی بووینەوە، ئەو ساڵانە لە ڕێگای دابینکردنی تەنکەرەوە کەموکوڕی ئاوی خواردنەوە چارەسەر دەکرا، کە سەرەڕای کەمئاوی هیچ گوندێك بێ ئاو نەبووە، ئێستا لە بێخاڵەوە پرۆژەیەکی ئاو لەبەردەستدایە و بەتەواوبوونی ئەم پرۆژەیە ئاوی خواردنەوەی زیاتر دەکاتە ڕەواندز. هەروەها دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری بۆ گەڕەکی بەرۆژی وەرتێ، لەلایەکی ترەوە ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ ناحیەی وەرتێ بەدرێژایی ٧ کیلۆمەترو نیو بەگوژمەی زیاتر لە ٤٤٦ ملیۆن دینار، پرۆژەی هێنانی ئاوی خواردنەوە لەدیلمان بۆ ٤گوند کە ئێستاکە لەبواری جێبەجێکردندایە. لەبەرنامەو پلانماندایە پرۆژەی زیاتری ئاوخواردنەوە بۆ ئەم ناوچانە ئەنجام بدرێت..

## لەساڵی داهاتوولەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا چەندین پرۆژە ئەنجام دەدرێت

سەبارەت بەپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تری بواری کارەباو شارەوانی لە ڕەواندزو وەرتێ بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ پێی وایە: لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا چەندین پرۆژە ئەنجامدراوە لەوانە دوو یاریگای چیمەنی دەستکرد لە شارە دێی وەرتێ و، هەروەها کۆنکرێتکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی وەرتێ تەواوکراو لە گوندی خانەقاش دیوارێکی پاڵپشت دروستکرا، سەبارەت بەڕاکێشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی کە تاکو ئێستا کارەبای نیشتمانی نەبووە، وەك قۆناغی یەکەم ١٢ گوند لەسنووری ناحیەی وەرتێ کارەبایان بۆ هات، ئێستا هەندێك پرۆژەی تر هەیە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە لە ناحیەی وەرتێ کە دروستکردنی بینایەی کۆمەڵگای کارگێڕی بۆ ناحیە بەگوژمەی ٤٢٨ ملیۆن دینار کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن ئەویش هەر لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێرە، دروستکردنی یاریگای چیمەنی دەستکرد لەگوندی دەرکەڵە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاوە دروست دەکرێت. گوندی دەرکەڵەش کۆڵانەکانی کۆنکرێت دەکرێت، ئێستا لەبواری جێبەجێکردندایە، هەروەها دروستکردنی پردی زێوەی وەرتێ کە بۆ پەڕینەوەی هاووڵاتیان دروست دەکرێت، هەروەها ڕاکێشانی قۆناغی دووەمی پرۆژەی کارەبای نیشتمانی کە لە قۆناغی یەکەم ١٢ گوند سوودمەند بوو لە قۆناغی دووەم چەند گوند و شوێنێکی تر لەخۆ دەگرێت. بەتەواوبوونی ئەم پرۆژانە کێشەی کارەبا لەناحیەی وەرتێ و دەوروبەری نامێنێت. بەدرێژایی ٧٥٠٠ مەتر ڕێگاوبانمان بۆ گوندی کەڵێتا کە یەکێکە لە گوندەکانی سنووری ناحیەی وەرتێ ڕاکێشاوە، هەروەها چاککردنەوەی ڕێگای دۆڵی خانەقا کە گرێبەستی بۆ کراوەو بەم نزیکانە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. زۆر لە پرۆژەکان لە ڕێگای بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاوە ئەنجامدراوە، ئەمەش نیشانەیە بۆ گرنگیدانی پارێزگای هەولێر بۆ ناحیە دوورە سنوورییەکان.

## پێویستیمان بەبودجە هەیە بۆ بەڕێوەبردنی باشتری کارەکانمان

سەبارەت بەنەبوونی بودجەیەکی بەردەست خاتوو کوێستان ئەحمەد دەڵێت: جگە لەنەسرییەك بۆ مەسروفاتی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هیچ بودجەیەك لەبەردەستماندا نییە، بوونی دەسەڵاتێکی دارایی یا بوونی بڕە پارەیەك بۆ ئەنجامدانی کاری خێرا توانایی و کارامەیی بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەت بەهێز دەکات، چونکە یەکە ئیدارەییەکان بێ بودجە لەتوانایاندا نییە ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببنەوە کە لەناکاو ڕوودەدات یا چارەسەری زۆر گرفت و کێشە هەیە کە بەبڕەپارەیەکی کەم چارەسەردەکرێت لەبەر نەبوونی پارە چارەسەری دوادەکەوێت و دواتر پارەیەکی زیاتری پێویست دەبێت.

ئومێدەوارم ئەم بودجەیەمان بۆ تەرخانبکرێت تاوەکو خێراترو زیاتر خزمەتی ناوچەکە بکەین. لەلایەکی ترەوە کاتێك داواکاری خەڵك بەرز دەکەینەوە بۆ پارێزگاو وەزارەتەکان تارادەیەك بەپێی توانا داراییەکانیان هاوکاری دەکرێین، بەڵام پێویستە لەمەودوا وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانانی بەرنامەو پلانەکانیاندا بۆ ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزاری و پرۆژەکان بەپێی داواکارییەکانی ئێمە ڕیزبەندی بۆ پرۆژە گرنگەکان دابنێن، پێمان باشە لە دانانی کۆمپانیاکان و دەرچوونی پرۆژەکانی حکومەت پرسمان پێ بکات. ئێمە داواکارییەکانمان بەرز دەکەینەوە بۆ پارێزگاو لەوێشەوە بۆ وەزارەتەکانی بەرزدەکرێتەوە، بەڵام پرسمان پێ ناکرێت کام پرۆژە لە ریزبەندی پێشەوە دانرێت .

## لەبواری تەندروستییەوە وەرتێ خاوەنی بنکەیەکی تەندروستی بچووکی بێ دکتۆرە

گەرچی پێشتر لەلایەن بەڕێز وەزیری تەندروستییەوە سەردانی قەزای ڕەواندزی کردبوو بڕیار وابوو نەخۆشخانەیەك بکاتەوە، بەڵام تاکوئێستا نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، سەبارەت بەوەرتێ و دووری ناحیە لەقەزا کە ٦٠ کیلۆمەترە بۆیە پێویستە بنکەیەکی تەندروستی فراوان بکرێتەوە، ئێمە نە دکتۆرمان هەیە نە میلاکاتمان لەبوارەکانی ترەوە هەیە، ئەوەی دامەزراوە بەگرێبەست کار دەکات. بەنووسراویش چەندین جار ئاگادارمان کردونەتەوە بەڵام لەبواری تەندروستیدا هیچ بۆ ئێمە نەکراوە.

تەنانەت ئەو بنکە تەندروستیەی هەشمانە لە بینایەکی کۆنەو زۆر تێکچووەو پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە. بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە پەنام بردۆتە بەر ڕێکخراوە مرۆییەکان تاوەکو دکتۆرێکمان بۆ بهێننە ناوچەکەو بۆ ئەو خەڵکە هەژارە کار بکەن و بنکە تەندروستییەکەشمان بۆ نۆژەن بکەنەوەو فراوانی بکەن.

## لۆرییە بارهەڵگرەکان ڕێگا سەرەکییەکانی وەرتێ تێک دەدەن

دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگای سەرەکییەکان یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان کەبەهۆی لۆرییە بارهەڵگرەکانەوە تێکچووە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە داوای قەپانێکمان کردووە تاوەکو چیتر لۆرییە بارهەڵگرەکان بێ ڕەچاوکردنی مەرجە یاساییەکان بار هەڵنەگرن و ڕێگاکان تێك نەدەن. لە ئایندەیەکی نزیکدا قەپانێك دادەنرێت، تاوەکو چیتر ڕێگاکان تێك نەچێت.

## هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە بۆ مەترسییەکانی مەرگی شاراوە

گەرچی سەرجەم گوندەکانی ڕەواندزو وەرتێ ئاوەدانکراونەتەوە، بەڵام لەزۆر شوێندا هێشتا مەترسی مەرگی شاراوە هەیە، لەئاکامی بوونی ژمارەیەك لە کێڵگەکانی مین، سەبارەت بەچۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتە خاتوو کوێستان وتی: سەرجەم گوندەکانی قەزای ڕەواندز ئاوەدانکراونەتەوە، بەڵام گرفتی مین یەکێکە لەو گرفتانەی کە لەناوچەکەدا بوونی هەیە، تەنانەت قوربانیشی لێکەوتۆتەوەو چەندین حاڵەتیشمان هەیە کە بوونەتە قوربانی مین و دووچاری کەمئەندامی بوونەتەوە، لەگوندی دەرگەڵەش کێڵگەی مین هەیەو ئەو ڕێکخراوانەمان ئاگادارکردۆتەوە تاوەکو بخرێتە بەرنامەکانیانەوەو لەداهاتوویەکی نزیکدا کاری تێدا بکەن، ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتی مین لە ناوچەکەماندا هەڵمەتێکی هۆشیاریمان

لەساڵی ٢٠١١ پرۆژەی کتێبخانەیەکی پێشکەوتوو لەسۆران ئەنجام دەدرێت

لەوەرتێ هێشتا چەندین کێڵگەی مین بوونی هەیەو مەترسی بۆسەر گوندنشینەکان هەیە

بەهۆی نەبوونی قەپانەوە لۆرییە بارهەڵگرەکان زۆربەی ڕێگا سەرەکییەکانی (ڕەواندزو وەرتێ) یان تێکداوە





**بێ دەسەڵاتی دارایی و نەبوونی بودجە بۆ یەکە ئیدارییەکانی حکومەت وای کردووە کارەکانیان بەلاوازی بەڕێوە بڕوات**

دەست پێکردووەو گوندنشینەکانمان لەمەترسی نزیکبوونەوە لەکێڵگەکانی مین ئاگادار کردۆتەوە. لەکالۆکان ڕێکخراوێکی مین هەڵگرتنەوە سەرقاڵی لابردنی کێڵگەکانی ( مین)ە.

## چاوەڕوانین وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەی ئاودێری لەم ناوچەیە ئەنجام بدات

لە ڕەواندزو وەرتێ خەڵکێکی زۆر سەرقاڵی پیشەی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارین بەتایبەت گوندنشینەکان، لەم ڕوانگەیەوەیە بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ زۆر پێی گرنگ بوو لەم ناوچەیەدا کارگەی میوەجات دابمەزرێت و وەزارەتی کشتوکاڵیش پرۆژەی ئاودێری لە سنوورەکەدا ئەنجام بدات، بۆنموونە وەرتێ بە دارگوێز بەناوبانگە لەئاکامی وشکەساڵی زیانێکی گەورە بەر دارەکان کەوت، بۆیە بۆ گەشانەوەی کشتوکاڵ و زیادبوونی بەرهەمی میوەجات بیر لە ڕاکێشانی پرۆژەی ئاودێری زیاتر کراوەتەوە، لەم بارەیەوە چەند پرۆژەیەك ئەنجامدراوەو بڕیاریشە ٦ پرۆژەی ئاودێری بچووکی تر لە گوندەکان دروست بکرێت. هاوکات پێویستمان بەبنکەیەکی دارستان و ئاگرکوژانەوە هەیە کە بە پێی بوونی دارستان لە دەڤەرەکەدا مەترسی ئاگرکەوتنەوە زۆرە.

سەبارەت بەبواری گەشتوگوزاریش بەڕێزیان وتی لە وەرتێ هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاری ئەنجام نەدراوە، گەرچی ناوچەی وەرتێ و ڕەواندزیش کەوتوونەتە ناو جوانترین شوێنە گەشتوگوزارییە سروشتییەکانەوە، لە ساڵی داهاتوو چەند بەرنامەیەکمان خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە لەوانە دروستکردنی شاری سینەمایی لە کاولۆکان و چەند پرۆژەیەکی تر کە خراوەتە بەردەستی شارەوانی و ئێستاکە دیراسە دەکرێت. لە بێخاڵیش ماستەر پلان هەیە بۆ ئەوەی بێخاڵ بکرێتە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری جیهانی ..

**لە بێخاڵ ماستەر پلان هەیە بۆ ئەوەی ئەم ناوچە گەشتیارییە بکرێتە ناوچەیەکی جیهانی گەشتوگوزاریی**

## کەمی میلاکات و قوتابخانە لە سنووری ڕەواندزو وەرتێ

سەبارەت بەبواری ڕۆشنبیری و پەروەردە بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ وتی: ئێستاکە سەرقاڵی مۆڵەت وەرگرتنین بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی چالاکی ئافرەتان، بۆ ئەوەی خولەکانی بەرگدروویی و زمان بکەینەوە، هاوکات سەرقاڵی کردنەوەی کتێبخانەیەکین و هەندێك کتێبمان پەیدا کردووە، ئومێدەوارین وەزارەتی ڕۆشنبیری هەندێك کتێبی ترمان بۆ تەرخان بکات.

لەبواری پەروەردەشدا گەرچی دوو قوتابخانە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن، بەڵام کەمی میلاکات و نەبوونی بینایەی پێویستمان لەسنووری قەزای ڕەواندزو وەرتێ هەیە، دووری ڕێگاکە وایکردووە بەکەمی مامۆستا بێتە ئەم ناوچەیە بەتایبەتی لەکاتێکدا بینایەی نیشتەجێبوونیشیان نییە. داوامانکردووە کەموکورتییەکان چارەسەر بکرێت، سوپاسی دەزگای خێرخوازی بارزانی دەکەم کە ئەمساڵ هەندێك پێداویستی و قرتاسیەی بەسەر قوتابییەکاندا دابەش بکات. لەوەرتێ ژمارەیەك بنکەی وەکو نفووس و ئاگرکەوتنەوەو کارەباو بەیتەرەمان پێویستە، بەحوکمی ئەوەی ناوچەکە دارستانێکی زۆری تێدایەو مەترسی ئاگرکەوتنەوە زۆرە، هەروەها دانیشتووانی ئەم ناوچەیە مەڕو ماڵاتێکی زۆریان هەیە. لەلایەکی ترەوە لەهەموو وەرتێ دوو تراکتۆرمان بۆ فڕێدانی زبڵ هەیەو کێشەی کەمی میلاکاتمان هەیە، بڕیاریشە پاککردنەوەی خاشاك و زبڵ لە ڕەواندزو وەرتێ بدرێتە کەرتی تایبەت .

لەکۆتاییدا بەڕێزی وتی: هاووڵاتیانی وەرتێ زۆر هاوکاری من دەکەن و لەم ناوچەیە خەڵکی خەباتگێڕو بەتوانای وا هەیە کە ئومێد بەخشن بۆ خزمەتکردنی ناوچەکەیان، دانیشتووانی ڕەواندزو وەرتێ شایەنی ئاوڕدانەوەی زیاترن و ئومێدمان بەحکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرە، ئەوەی زیاتریش جێی دڵخۆشی منە ئەو پێشکەوتنەیە کە ناوچەکە لەبواری ڕەوشی ئافرەتاندا بەخۆیەوە بینیوەو لەزۆربەی بوارەکانی ژیان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە.





# «بەبیابانبوون»ی هزر

«بەبیابانبوون»زاراوەیەکە ئاماژە بەدیاردەیەك و کێشەیەکی ژینگەیی دەکات. هەرچەندە سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی (بەبیابانبوون)، دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠)ەکانی سەدەی رابردوو، بەڵام بەکارهێنانی فراوانی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠)کانی سەدەی رابردوو و ساڵەکانی دواتر.

«بەبیابانبوون»وەك دیاردەیەك و کێشەیەکی ژینگەیی بریتییە لە: «دابەزینی توانستی ژینگە و تێکچوونی، بەتایبەتی لە بواری توخمەکانی خاك و رووەکی سرووشتی و ئاو، کە ئەمانە هەر هەموویان دەبنە هۆی کەمبوونەوەی توانای بەرهەمهێنان و دابەزینی ئاستی چ لە ئەنجامی روودانی گۆڕانکاری سرووشتی بێت یان لە ئەنجامی بەکارهێنانی ناژیرانەی مرۆڤ بۆ ژینگە».

بە بۆچوونی ئێمە «بەبیابانبوون» تەنیا دیاردەیەك و کێشەیەکی ژینگەیی نییە، بەڵکو جۆرێکی تر لە «بەبیابانبوون» هەیە، کە دەکرێت ناوی («بەبیابانبوون»ی هزر)ی لێ بنرێت و وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و زانستی بناسرێت. ئەم جۆرە نوێیە لە «بەبیابانبوون»بریتییە لە:»نامۆیی بەشێکی دیار لە کۆمەڵگە، کە بەداخەوە رێژەکەی لە هەڵکشاندایە، بە مێژووی نەتەوەکەی و نامۆیی بە جوگرافیای نیشتمانەکەی و نامۆیی بە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر و کەلەپور و دابونەریتە رەسەنەکان و بەها بەرز و پیرۆزەکانی میللەتەکەی و دابەزینی ئاستی داهێنان و بەرهەمی هزر».

(«بەبیابانبوون»ی هزر)، کە مەترسییەکانی گەر زیاترنەبێت کەمتر نییە لە مەترسییەکانی بە»بەبیابانبوون»ی ژینگە، نیشانە سەرەکییەکانی دەکرێت لەم خاڵانەدا دەستنیشان بکرێت:

١ – لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لە کۆمەڵگەدا.

٢ – قوربانیدان بە بەرژەوەندییە گشتییەکان لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان.

٣ - زۆربوونی داواکارییە نارەواکان و ئەنجام نەدانی ئەرکەکان بە دڵسۆزی.

٤ - شانازی نەکردن بە نەتەوە و مێژووەکەی و هەستنەکردن بە خۆشەویستی نیشتمان.

٥-رێزنەگرتن لە هونەری نەتەوەیی بە هەموو جۆرەکانەیەوە.

٦ – نەناسین و رێزنەگرتن لە سەرکردە مێژووییەکانی نەتەوە وەك پێویست.

٧ – نەناسین و رێزنەگرتن لە ئەدیب و شاعیرە گەورەکانی نەتەوە و بەرهەمەکانیان.

٨ - دابەزینی ئاستی داهێنان لە کۆمەڵگە و ناوەندە زانستییەکاندا.

٩ - بڵاوبوونەوەی هەستی بێگانەپەرستی، کە یەکێك لە سیماکانی بریتییە لە حەزکردن و رێزگرتنی، زیاد لە پێویست، لە هونەری بێگانە بە هەموو جۆرەکانیەوە و بایەخندان بە هونەری نەتەوەیی.

١٠ – خۆ بەکەم زانین بەرامبەر بە بێگانە و نەتەوەکانی تر.

١١ – رێز نەگرتن لە بەها بەرزەکان و پیرۆزەکانی کۆمەڵگە.

١٢ - سوود وەرنەگرتن لە ئەزموون و دووبارەکردنەوەی هەڵەکان.

١٣ – پاساوهێنانەوە بۆ سەرنەکەوتنەکان و گەڕاندنەوەی هۆکارەکانی بۆ خەڵکان و لایەنی تر نەك بۆ کەمتەرخەمی و کەم کۆششی و هەوڵدانی خۆی.


ئەمانە و چەندین نیشانەی تر، کە رەنگدانەوەیان لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بوونی کێشەی («بەبیابانبوون»ی هزر)ە، کە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ:

١ – ئەو جەور و ستەمە بێ وێنەیەی کە رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق کردویانە بەرامبەر نەتەوەی کورد و مێژووی میللەتەکەی و جوگرافیای نیشتمانەکەی، بە شێوەیەك کە زۆر جار بووەتە مایەی سڕینەوەی کەسایەتی تاکی کورد.

٢ – هەستکردن بە نەبوونی »دادپەروەری کۆمەڵایەتی»کە دەبێتە مایەی لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لە کۆمەڵگەدا. دیارە بەرزکردنەوەی دروشمی »دادپەروەری »، وەك دروشمێکی سەرەکی کۆنگرەی (١٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە روانگەی هەستکردن بە نەبوونی ئەم»دادپەروەریەوە»سەرچاوەی وەرگرتووە کە هیوادارین و بێگومانین لەوەی کە جێبەجێکردنی،»دادپەروەری»، لەنێو خودی پارتێکی جەماوەری وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، کە گەورەترین و کاریگەرترین هێزی کاریگەرە لە کۆمەڵگەکەماندا، و لەنێو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەبێتە ئامرازێکی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

٣ – بایەخنەدانی، وەك پێویست، بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغەکانی خوێندندا و گۆڕینی ئامانجەکانی پرۆسەی فێرکردن و خوێندن لە»دروستکردنی بیری زانستی لای قوتابیان»بۆ تەنیا»دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان و بەدستهێنانی بڕوانامە بە هەر شێوەیەك بێت». جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستی خانمێکی ئەمریکی بکەین کاتێك پۆستی سەرۆکایەتی زانکۆیەکی ئەمریکی گرتەدەست. ئەم خانمە بۆی دەرکەوت، هەرچەندە ئاستی زانستی دەرچووانی زانکۆکەی وەك پێویستە، بەڵام ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و رۆشنبیری گشتیان لاوازە و وەك پێویست نییە. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، کە یەکێکە لە نیشانەکانی، («بەبیابانبوون»ی هزر)، (١٥٠) سەرچاوەی رۆشنبیری و هزری گرنگی جیهانی هەڵبژارد و دەستنیشانکرد، کە بە بۆچوونی ئەو و هاوکارانی لە زانکۆکەی، لە رێگەیانەوە دەکرێت ئاستی هۆشیاری و هزری دەرچووانی زانکۆکەی بەرزکاتەوە، و بڕیاری دا بۆ ئەوەی قوتابیان بڕوانامەی دەرچوونی زانکۆ بە دەست بێنن مەرجە بەلای کەم بە سەرکەوتوویی تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن لە (١٠) سەرچاوە لەو سەرچاوانەی کە بۆیان دەستنیشانکرابوو.

٤ – بەشدارینەکردنی کارای میدیاکان، بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە پرۆسەی دروستکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و هزر لای تاکەکانی کۆمەڵگە. کاتێك میدیاکان ئاسانکاری دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی



**پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی**

بەرهەمی لاواز و بێسوود و تەنیا بایەخ بە چەندایەتی بەرهەمەکان دەدەن و جۆرایەتی لە بیردەکەن دەبنە هۆکارێکی دروستبوونی دیاردەی، («بەبیابانبوون»ی هزر). ئەم لەشکرە بێ شومارە، کە هەر هەموویان ناویان لە خۆیان ناوە، یان ئێمە ئەو نازناوەمان پێبەخشیون، رۆژنامەنووس، هونەرمەند، چاودێری سیاسی.... تاد، بەبێ ئەوەی شایەستەی ئەو نازناوانەبن، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دابەزینی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و هزرە لە کۆمەڵگەکەماندا.

چارەسەرکردنی کێشەی، («بەبیابانبوون»ی هزر)، کارێکی ئاسان نییە و وەك هەموو کێشەیەکی پێوندار بە کەسایەتی مرۆڤەوە، پێویستی بە کات هەیە و هەنگاوی یەکەمە لە دانپیانان بە بوونی کێشەکەوە دەست پێدەکات. چارەسەرکردنی کێشەکەش بە بنبڕکردنی هۆکارەکانی ئەنجام دەدرێت کە دەکرێت لەم خاڵانەدا چڕ بکرێنەوە:

١ - سڕینەوەی شوێنەوارەکانی جەور و ستەمەکانی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بەرامبەر بە کورد، و دووبارە دروستکردنەوەی کەسایەتی تاکی کورد.

٢ – دابینکردنی «دادپەروەری کۆمەڵایەتی».

٣ - ئەنجامدانی چاکسازی لە «پرۆسەی فێرکردن و خوێندن» لە هەموو قۆناغەکاندا بۆ ئەوەی بتوانێت «بیری زانستی» لای قوتابیان دروست بکات و هۆشیاری نەتەوەییەیان بەرزبکاتەوە.

٤- کاراکردنی رۆڵی میدیاکان لە پرۆسەی دروستکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و هزر و بیر لای تاکەکانی کۆمەڵگە بە رێگەی بایەخدان بە جۆرایەتی بەرهەمەکان.

٥ - کاراکردنی رۆڵی وەزارەتی رۆشنبیری لە پرۆسەی دروستکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و رۆشنبیری گشتی چ بە رێگەی ئەوچالاکیانەی کە خودی وەزارەت ئەنجامی دەدات یان یارمەتی ئەنجامدانی دەدات و چ وەك چاودێرکی کارا بەسەر ئەو چالاکیانەی کە ئەنجام دەدرێت و ئەو بەرهەمانەی کە بڵاودەکرێنەوە.